# «کۆنگرە پێداچوونەوەیە بە کارەکانی رابردوو، خۆنوێکردنەوەیە بۆ ئێستا و بۆ قۆناخی داهاتوو، ئومێدەوارین کۆنگرە وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی خەڵک و لەئاستی چاوەڕێی خەڵکدا بێت»

مسرور بارزانی

## کۆنگرە وێستگەیەک بـ

هەر حزبێکی سیاسی هەڵوەستە لەسەر ئەدای خۆی لەماوەی نێوان دوو کۆنگرە بکات و راشکاوانە دەست بخاتە سەر کەموکورتییەکانی خۆیی و ئاماژە بە گۆڕانکارییەکان بکات و جەخت لەسەر ئەوە بکاتەوە گۆڕانکارییەکان پێویستیان بە دووبارە گۆڕانکاری لە دەستووری حزب(پەیڕەو و پرۆگرام) هەیە و بە ئاشکرا و لەنێومیدیاکان و لەسەر زاری سەرکردەکانیەوە ئاماژەی پێبکات، ئەمە مانای ئەوەیە ئەو حزبە سیاسییە دەیەوێت بازنەی هاوبەشیکردن فراوان بکات و بێجگە لە ئەندام و لایەنگرانی و کادرانی خودی حزبەکە، هاووڵاتیانیش رای خۆیان دەرببڕن و بەشدار و هاریکاربن لە دروستکردنی بڕیار لەناو حزبدا، ئەم هەنگاوانەی پارتی لە پێش گرێدانی کۆنگرەکەی کە راشکاوانە لە راگەیاندنەکانەوە ئاماژەی پێدەکرێت، دەکرێت ئاسۆیەکی نوێی بۆ سیاسەتی داهاتووی پارتی لێبخوێنرێتەوە و بەچەند خاڵێك ئاماژەی پێدەکەین:

١- خاڵی هەرە گرنگ کە کۆنگرەی پارتی هەڵوەستەی لەسەر دەکات، دووبارە هەڵسەنگاندنەوەی دروشمی پارتییە و هەروەها دروشمی ئێستای رێکخستنی پێوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدرالی عێراقە، سەبارەت بە قسەکردن لەسەر فیدرالی کە دەستووری عێراق وەك سیستمی ئێستا و داهاتووی دەوڵەتی عێراق پەسەندی کردووە، وردکردنەوەی مانای ناوەڕۆکی سیستمی فیدرالی و چۆنیەتی جێبەجێکردنی دەستووری عێراق و جەختکردنەوە دەبێت لەسەر ئەو دەسەڵاتانەی دەستووری عێراق بە هەرێمی کوردستانی داوە، ئەم دەسەڵاتانەی دەبنە بەشێك لەو بڕیار و راسپاردانەی کە کۆنگرەی پارتی پەسەندی دەکات و هەمووشی بە جێبەجێکردنی تەواوی دەستووری عێراقەوە گرێدەدرێتەوە.

٢- کۆنگرەی ئەمجارەی پارتی پەیڕەو و پرۆگرامی خۆی لەسەر بنەمای وەرچەرخان لە قۆناغی بونیادی دیموکراتیەوە بۆ چەسپاندنی دیموکراتی و سەقامگیری سیاسیی لەکوردستان دادەڕێژێتەوە، ئەمەش بەو مانایەی کە پارتی وەك حزبێکی سیاسی چاوی لە سندوقی دەنگدان دەبێت و بەپێی میکانیزمی وەرگرتنی متمانە بەرێگەی سندوقی دەنگدان سیاسەتی خۆی دادەڕێژێتەوەو بەرنامە و سیاسەتی خۆی لەرێگەی دامەزراوە شەرعییەکانی کوردستان جێبەجێ دەکات و پارتی دەبێتە پاڵپشتێك بۆ پشتگیرکردن لە دامەزراوە دەستوورییەکان و سەروەریی یاسا و دەسەڵاتی دادگا لەکوردستاندا.

٣- لە بواری کاری میدیا و ئازادی رادەبڕین، پارتی پشتگیری لە بیربۆچوونی جیاواز و رێزگرتنی بنەماکانی



گوڵان
ژمارە (٨٠٢)
٢٠١٠/١٠/١٨



# ـــــۆ نوێبوونەوەی پارتی

مافی مرۆڤ و فرەیی سیاسی دەكاتەوە و قەناعەتی بەوە هەیە بەبێ ئازادی رادەربڕین دیموكراتی بوونی نییە و پێویستە یاسا هەموو ئازادییەكان بە ئازادی رادەربڕینیشەوە رێكبخاتەوەو چوارچێوەیەك دابنرێت بۆ ئەوەی كەس نەتوانێت ئازادی بەرامبەر پێشێلبكات و هەموو كێشە و گرفتەكان كە لەكۆمەڵگە دێنە پێشەوە بەرێگەی دیالۆگ و لەچوارچێوەی یاسادا چارەسەر بكرێن.

٤- پارتی پێیوایە هەر حزبێكی سیاسی نوێنەرایەتی بەشێكی كۆمەڵگەی كوردستان دەكات، بەڵام هەوڵدەدات پارتی متمانەی زۆرینەی خەڵكی كوردستان وەربگرێت، بۆیە یەكێك لەبەرنامەكانی كۆنگرەی پارتی بەو جۆرە دەبێت چۆن پارتی وەك حزبێكی جەماوەری زیاتر تێكەڵاوی جەماوەر بێت و ئەو ئاستەنگ و گرفتانە چین كە پێویستە لاببرێن بۆ ئەوەی پارتی زیاتر تێكەڵاوی جەماوەر ببێتەوە.

٥- پارتی هەست بەو كەموكورتیە دەكات كە رێژەی بەشداری ئافرەت لە پرۆسەی سیاسی و سەركردایەتی پارتی لە ئاستێكی نزمدایە و بە پێویستی دەزانێت هەنگاوی بەرچاو هەڵبگرێت بۆ ئەوەی بەرێژەیەكی بەرچاو رێژەی ئافرەت لەسەركردایەتی پارتی زیاد بكات، ئەمەش هەنگاوێكی گرنگە كە پارتی هەنگاوی بۆ هەڵدەگرێت و رێژەی بەشداری ئافرەت لە سەركردایەتی حزبدا زیاد دەكات.

٦- پارتی بە ئاشكرا رایگەیاندووە كە لە كۆنگرەی ئەمجارەدا هەوڵدەرێت بوارێكی باش بۆ بەشداری لاوان و گەنجان بكرێتەوە بۆ ئەوەی رۆڵی كاریگەری خۆیان لەناو پارتی بگێڕن و لاوان ببنە داینەمۆی جێبەجێكردنی ئەو بڕیار و راسپاردانەی لەم كۆنگرەیە دەردەچن.

ئەم چەند خاڵەی ئاماژەمان پێكردن بەشێكی ئەو لایەنە ناوخۆییانەی سیاسەتی پارتین كە خەڵكی كوردستان رووبەڕووی پارتی دەكەنەوەو پارتی راشكاوانە لەئێستاوە خەڵك دڵنیا دەكاتەوە كە لەكۆنگرەی دادێ هەنگاوی جدیان بۆ هەڵدەگرێت و میكانیزمی گونجاویان بۆ دەدۆزێتەوە بۆ ئەوەی جێبەجێیان بكات، جددییەتی پارتیش لەسەر هەڵوەستەكردن لەسەر پرسیارەكانی خەڵك و گەڕان بەدوای میكانیزمی گونجاو بۆ وەڵامدانەوەی ئەو خواستانەی لە پارتی چاوەڕێی دەكەن، لە ئێستاوە ئومێدێكی گەش بۆ كۆنگرەی پارتی دروست دەكات و پێمان دەڵێت كۆنگرەی ئەمجارە كۆنگرەی نوێبوونەوەی پارتی و خۆئامادەكردنی پارتی دەبێت بۆ قۆناغی ئێستا و داهاتوو و پارتیش هەر ئەو حزبە دەبێت كە لە ئاستی چاوەڕوانی ویست و خواستەكانی خەڵكی كوردستاندا بێت.

## مام جەلال سەرۆک کۆماری عێراق بۆ گوڵان:

# تەبایی نێوان خۆم و جەنابی کاک مسعود بارزانی بەیەکێک لەسەروەرییەکانی ژیانم دەزانم

بەڕێز مام جەلال تاڵەبانی لەماوەی ســـەرۆکایەتی کۆماری عێراق لە چوارساڵی رابردوودا، بەو سەرۆکە سەرکەوتووە ناسراوە کە توانیوویەتی لەبارودۆخێکی زۆر ئاڵۆز و نائاساییدا سەرۆکایەتی وڵاتێکی وەکو عێراق بکات کە لەو وڵاتەدا لەسەر هەموو شتێك ناکۆکی هەیە، بەڵام لەســـەر چۆنیەتی پیادەکردنی ســـەرۆکایەتی کۆماری عێراق و لەسەر شێوازی پیادەکردنی سەرۆکایەتی بەڕێزیان ناکۆکی نییە، تەنانەت هەندێك لەو کەسانەشـــی کە لەماوەکانی رابردوو قسەوباسی ئەوەیان دەکرد پێویستە لەبری مام جەلال کەســـێکی دیکەی عەرەب بکرێتە سەرۆك کۆمار، ئەو قسانە لەســـەرچاوەی بیرێکی شۆڤێنی عەرەبییەوە دەکران، بەوەی نابێت بەڕێز مام جەلال وەك نوێنەری هاوپەیمانی کوردستان و ئێستاش وەك پاڵێوراوی هەرێمی کوردستان سەرۆکایەتی کۆماری عێراق وەربگرێتەوە، ئەگەر نا هەتا ئێســـتاش نەیانتوانیوە لەســـەر ئەدای بەڕێزیان وەك سەرۆك کۆمار رەخنەیەك بخەنە روو کە بەڕێزیان شایستەی ئەو پۆستە نییە، لەم بارودۆخەدا کە پرۆسەی سیاسیی عێراق بە قۆناغێکی گەرمی وتوویژ و خۆئامادەکرن بۆ یەکلاییکردنەوەی ســـێ پۆستە سەروەرییەکەی سەرۆك کۆمار و ســـەرۆك وەزیران و سەرۆکی پەرلەمانی عێراق لە ئارادایە، هەموو لایەنەکان ئەو مەسەلەیەیان تارادەیەکی زۆر یەکلاییکردۆتەوە کە مام جەلال وەك کاندیدی سەرۆك بارزانی و هاوپەیمانی فراکســـیۆنە کوردستانییەکان بۆ وەرگرتنەوەی پۆستی سەرۆك کۆمار کاندیدێکی بێ رکابەرەو هەموو لایەك بە کاندیدکردنەوەی رازین، بۆ قسەکردن لەسەر بارودۆخی ئێستای عێراق و هەندێك لایەنی هەرێمی کوردستان و پێوەندی نێوان بەڕێزیان و جەنابی سەرۆك بارزانی و هاوپەیمانی ستراتیژی نێوان پارتی و یەکێتی، بەڕێز مام جەلال لە کۆشکی سەرۆکایەتی کۆمار پێشوازی لە پەیامنێرانی گۆڤاری «گوڵان» کرد و بەمجۆرە وەڵامی پرســـیارەکانی داینەوە ئەمەش دەقی دیمانە تایبەتەکەی «گوڵان»ە لەگەڵ مام جەلال سەرۆك کۆماری عێراق.



> **کاتێک جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی، مام جەلال بۆ سەرۆکایەتی کۆمار کاندید دەکات، دڵنیایە لەوەی کە دۆستەکانی ڕێزی کاندیکردنەکە دەگرن**

**گوڵان:** سەرەتا و پێش هەموو شتێك دەمانەوێت لەجەنابی مام جەلال بپرسین وەك سەرۆك کۆماری عێراق، ئایا بەڕێزی چۆن بارودۆخی ئێستای عێراق دەبینێت؟ ئایا جەنابی وەك سەرۆك کۆمار تاچەند گەشبینە؟

**مام جەلال:** پێش هەموو شت بەخێرهاتنتان دەکەم و سوپاسی گۆڤاری گوڵان دەکەم، کە ئەو دەرفەتەی بۆ ڕەخساندم تاوەکو وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەمەوە کە لای ئێوە گرنگە.

من بەسرووشتی خۆم پیاوێکی گەشبینم، هیچ کاتێك لەتەمەنی خۆمدا ڕەشبین نەبووم، ئەمەش نەك هەر خۆم گەشبینم، بەڵکو لێکدانەوەو هەڵسەنگاندنەکەشم بۆ بارودۆخی ئێستا دەمگەیەنێتە ئەوەی گەشبین بم، جارێ پێش هەمووشت دوای ئەوەی تەحالوف بەشی هەرە زۆری بڕیاریدا کە نوری مالیکی بپاڵێوێت بۆ سەرۆکایەتی وەزیران، ئەمەش مانای ئەوەیە دەرگای دامەزراندنی حکومەت کرایەوە، چونکە ئەوان بەشی هەرە زۆر لە ١٥٩ کەس پشتگیری ئەوە دەکەن کە مالیکی ببێتە سەرۆك وەزیران، دیارە ئەو بەشە زۆرەی شیعەش ناکرێت نادیدە بگرین، کورد لەکۆنەوە هاوپەیمانییەکی لەگەڵ شیعە هەبووە، بەتایبەتی لەگەڵ ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی (المجلس الاعلى)، دواتر لەگەڵ حزبی دەعواو هەموو لایەنەکانی دیکە کە پێشتر لە ئۆپۆزسیۆن بوون، هەربۆیە کورد ناتوانێت ڕای شیعە نادیدە بگرێت، هەروەها کورد خۆشی دەیەوێت، خەڵکی دیکەش ڕای کورد نادیدە نەگرن، هەربۆنموونە کاتێك جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی، مام جەلال بۆ سەرۆکایەتی کۆمار کاندید دەکات، دڵنیایە لەوەی کە دۆستەکانی لەناو شیعەکان یان لە حزبی ئیسلامی یان ئەلعێراقیە بێت ڕێزی کاندیکردنەکە دەگرن، هەربۆیە ئێمەش ناتوانین ڕای شیعە نادیدە بگرین، هەربۆیە واپێدەچێت بەو کاندیدکردنە دەرگای ئەوە بکرێتەوە سەرۆك وەزیران دەستنیشان بکرێت، بەڵام دەستنیشانکردنی سەرۆك وەزیران بە تەنیا بەس نییە بۆ دامەزراندنی حکومەت، بێگومان چ جەنابی کاك مسعود و من، چ برادەرانی سەرکردایەتی هەردوو حزبەکە، پێیانوایە ئەو کەسەی لە کورد نزیکە ئەو کەسەیە ئەو وەرەقە ١٩ خاڵییەی کورد قبووڵدەکات، تا ئێستا ئەوەی بیستوومە و هەتا دوێنێ (مەبەستی ٢٠١٠/١٠/٣ یە) مالیکی بە تەلەفۆن پێی وتم من هەموو خاڵەکانی هاوپەیمانی کوردستانم قبووڵە، بێگومان هەتا ئێستا کەس نەیوتووە کە هەموو مەرجەکانی کوردی قبووڵ بێت، ئێستا هەموو کوتلەکان لێرەن ئەگەر لەگەڵ مالیکی گەیشتینە ئاکامێك و ئیمزامان کرد، دیارە ئەو کاتە ئێمەش پشتگیری لێدەکەین، ئەگەر ئەو ڕێککەوتنەش ڕوویدا بەنووسراو، لەبەر ئەوەی ئەمە هی ئەوە نییە بەتەنیا بەدەمی بڵێت، وەکو دەڵێن (دەمە چیت لێ کەمە) ئەوە بەس نییە، هەربۆیە ئەگەر ئەو ڕێککەوتنە ئیمزا کرا لە نێوان نوێنەرانی فراکسیۆنە کوردستانییەکان و دەوڵەتی یاسا، ئەوە مەسەلەی ڕاسپاردنی سەرۆك وەزیران بۆ پێکهێنانی وەزارەت دەبڕێتەوە، لەبەر ئەوەی ئێستا تەحالوف ١٤٠ کورسییەکی هەیە، کورد و دۆستەکانیش ٦٠ کورسییەکی هەیە، ئەمە مانای ئەوەیە ئەوە زیاتر لە ٢٠٠ کورسی، ئەمەش زیادە لە ١٦٣ کورسی، بەڵام ئەمە بەندە بەوەی (من لێرەدا ئەگەری تێدەخەم) ئەگەر دەوڵەتی یاسا لەگەڵ نوێنەرانی کورد ڕێککەوتن لەسەر ئەو مەرجانەی کورد هەیەتی ئیمزا بکات، من بۆ ئەم مەبەستە پێرێ (مەبەستی ٢٠١٠/١٠/٢ یە) لەگەڵ سەرۆك مسعود بارزانی قسەم کرد، پێی وتم وەك خۆت دەزانی و بۆ هەموو لایەك ئاشکرایە ئەو کەسەی ئەو داخوازیانەی ئێمە قبووڵ دەکات، ئەوا ئێمە لەگەڵ ئەو دەچینە نێو حکومەتەوە. ئەوجا دوای ئەوەی سەرۆك وەزیران دەستنیشانکرا، مەسەلەی پێکهێنانی حکومەت دەمێنێتەوە، چەند لایەنی تێدابن، چەند لایەنی تێدا نەبن، ئێمە پێمان خۆشە هەموو لایەنەکانی تێدا بەشدار بن، ئەمەش واتە ئێمە پێمان خۆشە عێراقییەی تێدا بێت، مەجلیسی تێدابێت، هەتا پێمان خۆشە لایەنێکی وەك حزبی شیوعیشی تێدا بەشدار بێت، بۆیە ئێمە حەزدەکەین هەموو لایەنەکان بەشدار بن، بەڵام چییان پێدەبڕێت و چییان بەردەکەوێت ئەوە لەنێوان لایەنەکاندا گفتوگۆی لەسەر دەکرێت، کە هەڵوێستی کورد دیاریکرا، ئەوجا پرۆسەی دەستووری دەست پێدەکات، واتە دەبێت پەرلەمان کۆببێتەوە، یەکەم پۆست کە هەڵدەبژێردرێت دەبێت سەرۆکی پەرلەمان بێت، دوای ئەوە دەبێت سەرۆك کۆماری نوێ هەڵبژێرن، دوای ئەمە سەرۆك کۆمار، نوێنەری کوتلەی پەرلەمانی هەرە زۆر بۆ پێکهێنانی حکومەت ڕابسپێرێت، لێرەدا خاڵێك هەیە من پێموایە بەشێوەیەکی نا ڕاست وتووێژی لەسەر دەکرێت، ئەو خاڵەش بریتییە لەوەی کە ماددەی ٧٦ی دەستوور دەڵێت:( يكلف رئيس الجمهوريه مرشحا كتله نيابيه(نەك كتله الانتخابيه))، بۆیە پرسیار لێرەدا ئەوەیە چ کاتێك (كتله النيابيه) دروست دەبێت؟ بێگومان کاتێك دروست دەبێت کە پەرلەمانتارەکان بەشێوەیەکی دەستووری پەسەند کرابن، لەناو پەرلەمان سوێند بخۆن ئینجا کوتلەی نیابی دروست دەبێت، ڕاستە نوێنەر هەڵبژێردراوە، بەڵام هەتا بەشێوەیەکی دەستووری سوێند نەخوات نابێتە نوێنەر، بۆیە کوتلەی نیابی ئاشکرایەو تەنانەت دادگای دەستووریش هەر بەم شێوەیە تەفسیری کردووەو تەفسیرێکی ڕاستەقینەشی کردووە، هەر بۆیە ئەو کاتەی سەرۆك کۆمار یەکێکی ڕاسپارد بۆ پێکهێنانی حکومەت، ئەو کەسە دەست دەکات بەوتووێژ بۆ دابەشکردنی پۆستە وەزارییەکان، ئەگەر لەماوەی یەك مانگدا پێکهاتن، ئەوا زۆر باشە. ئەگەر پێکنەهاتن، دەبێت کەسە ڕاسپێردراوەکە بچێتەوە لای سەرۆك کۆمار و بڵێت نەمتوانی، بۆ ئەوەی کەسێکی دیکە ڕابسپێرێت، بەڵام ئەمجارەیان کە ڕایدەسپێرێت مەرج نییە لە زۆرینە یان کەمینە بێت، بەڵکو دەستوور ئەوەی بەجێهێشتووە بۆ سەرۆك کۆمار، ئینجا من بەش بەحاڵی خۆم وای دەبینم، مادام بەشی زۆری شیعە پێکهاتوون و

> **جەنابی کاك مسعود و من پێمان وایە ئەو کەسەی لە کورد نزیکە کە وەرەقە ١٩ خاڵیەکەی کورد قبووڵدەکات**

بەشی زۆری کوردیش پێکهاتوون، پێکهاتن ئاسانە، تەنیا ئەم دووبەشە دەتوانن حکومەت پێکبهێنن، ئەمە بێجگە لەوەی خەڵکی دیکەش لەوانەیە بێن بەشداری بکەن، ئەوجا لەم چوارچێوەیەدا جارێکی دیکە رۆڵی کورد دەرکەوتەوە بەوەی رۆڵێکی گرنگی هەیە، ناتوانرێت ئینکاری ئەو رۆڵە بکرێت، بەینێك هەوڵێك هەبوو لای قەومچیەکانی عەرەب بۆچوونێکی واهەبوو ئەگەر عێراقییە و دەوڵەتی یاسا یەکبگرن، ئەوکاتە ئیشیان بەکورد نامێنێت، نازانم ئەو وەرەقەیەتان بینی کە هیتی دابووی بە مالیکی بەناوی گروپێك، دەڵێت: (ئەگەر دیمان کورد پێویست بوو، قسەیان لەگەڵ دەکەین)، ئەویش لە هەموو پۆستەکاندا جێگر دەدات بەکورد، وەك جێگری سەرۆك کۆمار، جێگری سەرۆك وەزیران، جێگری سەرۆکی پەرلەمان، ئەمە شتێکم بەبیر دەهێنێتەوە، کاتی خۆی لەیەکێك لە دانوستاندنەکان کە لەگەڵ حکومەت دەمانکرد، تاریق عەزیز هەر باسی نائب نائبی دەکرد، کاك نەوشیروان مستەفا کە ئەوکات نوێنەری ئێمە بوو لێی پرسی،((ئوستاز تاریق ناکرێت لە شتێکدا بۆ نموونە لە رەئیسی ئۆلۆمپی لە شتێکی سەقافی رەئیسەکە کورد بێت بۆ نابێت))، تاریق عەزیز وتی: (نە نابێت) و هەمووی جێگرە، کەواتە ئێستا دەبێت بڵێین هەزار رەحمەت لەکفن دز، ئینجا لەبەر ئەوەی زۆربەی شیعە پێکهاتوون و بەشی زۆری کورد پێکهاتوون، من گەشبینم و پێموایە رۆڵی ئەمجارەی کورد بە تەئکید کاریگەرتر دەبێت لەجاران.

**گوڵان:** ماوەی چەند ساڵێکە هەست دەکەین جەنابی مام جەلال و کاك مسعود بارزانی وەك دوو سەرۆکی نیشتمانی لە هاوکێشەیەکی ئاڵۆز و پڕ گرێ کوێرەدا، کەشتی کوردستانییەکانیان لەم دەریا ئاڵۆزەدا لەنگەر پێگرتووە، پرسیاری ئێمە ئەوەیە ئایا لەم بارودۆخە ئاڵۆزەدا جەنابی مام جەلال چەند هاوکاری کاك مسعود بارزانی-یە و جەنابی کاك مسعود بارزانی چەند هاوکاری جەنابی مام جەلال-ە؟

**مام جەلال:** من بەش بەحاڵی خۆم یەکێك لەسەروەرییەکانی ژیانی خۆم بەوەدەزانم کە توانیوومە لەگەڵ کاك مسعود لەسەر هەمووشتێك تەبابین و رێکبکەوین، زۆرجار دەڵێم خۆزیا ئەو تەباییەی وەختی خۆی لەگەڵ بارزانی نەمریش هەمبوو، تێکنەچووبا، بەڵام ئەوەی ئێستا کە پێکهاتووە لەنێوانی جەنابی سەرۆك بارزانی و بەندەی موخلیستان، باوەڕبکەن جۆرە پێکهاتنێکی ستراتیژی توندوتۆڵی وا قایمە کە هیچ بومەلەرزەیەك نایهەژێنێت، ئەوە خێری کوردی تێدایە، خێری گەلی کوردی تێدایە، خێری نەتەوەی کوردی تێدایە، من هەموو جارێك کە وردە مەسەلە دێتە پێشەوە، وردە گیروگرفت لەنێوان پارتی و یەکێتی دێتە پێشەوە، لەناو برایانی یەکێتیدا دەڵێم بیر لەوە بکەنەوە ئەو تەبایی و برایەتیەی نێوانی من و کاك مسعود و نێوانی پارتی و یەکێتی، چ خێرێکی بۆ کورد هەبووە و پێچەوانەکەی چ زەرەێکی بۆکورد هەبووە، بۆیە حەزدەکەم بە سەربەستی ئەو راستیە بڵێم، پشتیوانی کاك مسعود بۆمن سەدی سەدە، هی منیش بۆ ئەو سەدی سەدە، واتە لە٪٩٩ ش زیاترە، من حەزدەکەم شتێکتان پێبڵێم و جارێکی دیکەش وتوومە، باوەڕبکەن من ئاگام لێ نەبووە کە کاك مسعود منی کاندید کردووە بۆ سەرۆکایەتی کۆمار، هەتا ئیلحاحی کرد، لێرەدا دەمەوێت نهێنییەکتان بۆ ئاشکرا بکەم، گیروگرفتێك هەبوو لەنێوانی پارتی و یەکێتیدا، کاك مسعود وتی: (من هەقم بەسەر ئەو گیروگرفتەوە نییە و هەر مام جەلال کاندید دەکەم بۆ سەرۆکایەتی کۆماری عێراق و من هەر پشتیوانی ئەو دەکەم)، هەربۆیە من حەزدەکەم ئیوەش بزانن و خەڵکی کوردستانیش بزانن، کە نێوانی من و کاك مسعود زۆر باش و پتەوە، لەسەر بنەمای دەسکەوتەکانی گەل و لەسەر بنەمای بیروباوەڕی یەکێتی رەئی و هەڵوێستمان لەسەر مەسەلەکان دامەزراوە.

**گوڵان:** جەنابی مام جەلال بەوە ناسراوە کە توانای کۆکردنەوەو لێکنزیککردنەوەی لایەنە عێراقییەکانی هەیە، بەڵام ئێستا هەست دەکرێت لێکترازانێك هەیە، بەتایبەتیش هەرسێ لایەنی مەجلس و فەزیلە و عێراقییە، پرسیار ئەوەیە ئایا بەرنامەی مام جەلال چییە بۆ ئەوەی ئەوانیش بگێڕێتەوە بۆ نێو پرۆسە سیاسییەکە؟

**مام جەلال:** هەر دوولایان دۆستمن، واتە هەم مەجلیسی ئەعلاو هەمیش حزبی فەزیلە، لەگەڵ مەجلیسی ئەعلا خۆتان دەزانن لەکاتی ئۆپۆزسیۆن نێوانمان زۆر زۆر باش بوو، چەندین پەیمانی مۆرکراومان لەنێواندا هەبووە، هەروەها متمانەشمان بەیەکتری هەیە، هەروەها لەگەڵ فەزیلەش دۆستین و زۆر لوتفیان هەیە لەبەرامبەر بەندەی موخلیستان، من گرنگی بەشداربوونیان لە حکومەتی داهاتوو، لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا، باش تێدەگەم، لەبەر ئەوە هەوڵیشمداوە. هەر بۆ نموونە لەم رۆژانە لەگەڵ فەزیلە دانیشتبووم وتیان تۆ برۆ وەکیلی ئێمە بەو لەگەڵ مالیکی قسە بکە، بۆئەوەی لەسەر بەشداریمان لەحکومەت پێکبێین، لەگەڵ مەجلیس هەمیشە قسەمانکردووە و پێمان وتوون ئێوە دۆستی ستراتیژی ئێمەن و ئێمە مەبەستمانە ئێوە لەهەموو شتێکدا بن، هەربۆیە زۆر هەوڵیان لەگەڵ دەدەین بۆ ئەوەی بگەینە یەك هەڵوێستی هاوبەش، لەبەر ئەوە بوونی هەردوولایان پێویستە، بەڵام خۆتان دەزانن کورد بارێکی تایبەتی هەیە، ئێمە دوو حزب نین بە تەنیا، ئێمە وڵاتێکین، نەتەوەیەکین، حکومەتی هەرێمی کوردستانمان هەیە، ئێمە ئێستا ناتوانین، ئەگەر هەرحزبێك بوینایە لەحزبەکان دەمانتوانی بڵێین ناچینە ناو حکومەت، بەڵام ئێستا بڵێین ناچینە ناو حکومەت، ئەی بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەکوێوە دێت؟ ئەی پێوەندییەکانمان لەگەڵ بەغدا چۆن رێکدەخرێن؟ ئەی بەشی کورد لە وەزیفە جیاجیاکانی دنیا کێ دایدەمەزرێنێت؟ لەبەر ئەوە ئێمە تەنیا دوو حزبی سیاسی نین، ئێمە لە نەتەوەیەك بەرپرسیارین کە ئەوەش

دەستپێشخەرییەکەی جەنابی سەرۆک بارزانی، دەستپێشخەرییەکی گرنگە بۆ کۆکردنەوەی لایەنە براوەکانی هەڵبژاردن

سەرۆک بارزانی دژی ئەوەیە کورد وەک هاووڵاتی پلە دوو دابنرێت

**مالیکی بە تەلەفۆن پێی وتم من هەموو خاڵەکانی هاوپەیمانی کوردستانم قبوڵە**

نەتەوەی کوردە، ئێمە ئەگەر شتێکیشمان بەدڵ نەبێت ناتوانین وەك حزبەکانی دیکە هەڵوێست وەربگرین، جاری واهەبووە شتێکیشمان بەدڵ نەبووە، بەڵام بەشداریمانکردووە لە حکومەت، خەباتمان بۆ کردووە لەپەرلەمان و حکومەتدا، بۆ ئەوەی داخوازییەکانی کورد بهێنینە دی، ئێمە بەڕاستی لەسەرەتای رووخانی رژێمەوە ئەگەر یەکێك هەبێت بەویژدانەوە مێژووی عێراق بنووسێتەوە، دەبینن هەمووکات کورد هەوڵی ئەوەی داوە عێراقییەکان یەکبخات و پێکەوە کۆیان بکاتەوە، هەندێجار وازی لەشتی خۆی هێناوە لەبەر خاتری یەکێتی عێراق، هەر بۆ نموونە ئێمە پێش رووخانی سەدام سەربەخۆ بووین، ئایا حکومەتی کوردستان سەر بەکێ بوو؟ بێگومان سەر بەکەس نەبوو، سەر بە پەرلەمانی خۆی بوو، بەڵام دوای ئەوە هاتینەوە و خۆمان کردەوە بەتابعی بەغدا، خۆمان کردەوە بەبەشێك لە سیستمی بەغدا، خۆمانکردەوە بەبەشێك لە دەستووری بەغدا، خۆمان بەستەوە بەشتە گشتییەکان و وەزارەتی دەرەوە و بەرگری هەمووی درایەوە بە حکومەتی ناوەندی، بۆیە هەمیشە کورد هەوڵیداوە تەبایی و برایەتی بپارێزێت، ئێمە ئەم هەڵوێستە درێژە پێدەین و خۆم شەخسی شانازی بەوەدەکەم کە نێوانم لەگەڵ هەموو لایەنەکاندا باشە. هەربۆ زانیاریتان هەتا ئەوانەشی کە لە موعارەزەدان وەك حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی سەر بە سوریا، من پێوەندیم لەگەڵیاندا هەیە، هەروەها هەندێ جار ئەوانەشی بەخۆیان دەڵێن مقاوەمە دێن بۆ لام و قسەیان لەگەڵ دەکەم، هەر بۆیە ئینشاڵڵا من بەهەموو تواناماوە هەوڵدەدەم حزبی فەزیلە و مەجلیس لە حکومەت کۆیان بکەینەوە، پێموایە دەتوانین فەزیلە بەشداری پێبکەین، بەڵام ئەگەر مەجلیس بەشداری پێنەکەین، ئەوەندی نزیکدەکەینەوە نەبێتە ناکۆکی و دوژمنایەتی، بەڵکو لە فرسەتێکی دیکەدا بێنەوەو بەشداری بکەن.



**ئێمە پێمان خۆشە لەحکومەتی نوێ هەموو لایەنەکانی تێدا بەشدار بن، ئەمەش واتە ئێمە پێمان خۆشە عێراقییەی تیدا بێت، مەجلیسی تێدابێت، هەتا پێمان خۆشە لایەنێکی وەک حزبی شیوعیشی تێدا بەشدار بێت**

**گوڵان:** ئێستا لە پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراقدا کێشەی کاندیدکردنی سەرۆك وەزیران یەکلایی بۆتەوە، بێگومان بەڕێزتان دەزانن راسپاردنی سەرۆك وەزیران پێویستی بە (٥٠٪+١ )ـە، بەڵام بۆ سەرۆك کۆمار پێویستی بە دوو لەسەر سێی دەنگەکانە، ئەمەش مانای ئەوەیە دەبێت لایەنی کوردستانی پابەند بێت بە حکومەتی شەراکەتی نیشتمانییەوە بۆ ئەوەی پۆستی سەرۆك تێپەڕێنێت، ئایا بەڕێزتان تاچەند پابەندن بە پێکهێنانی حکومەتی شەراکەتی نیشتمانییەوە؟

**مام جەلال:** دەمەوێت لەسەر فەرمایشتەکەی جەنابتان روونکردنەوەیەك بدەم، بۆ تێپەڕاندنی سەرۆك کۆمار تەنیا لە خولی یەکەمدا ئەو رێژەیە زەروورییە، لە خولی دووەمدا زەرووری نییە، بابڵێین سبەینێ دوو کەس یان سێ کەس خۆیان کاندید دەکەن بۆ پۆستی سەرۆك کۆمار،

لــــە هەڵبژاردنــــی یەکەمــــدا هەر کەس دوو لەسەر ســـێی دەنگەکانی هێنا واتە ٢١٧ دەنگی هێنا ئـــەو هەڵدەبژێردرێت بۆ ســــەرۆك کۆمار، ئەگەر کەسیان ئەو رێژەیان نەهێنــــا، جارێکی دیکە لەنێوان ئەو دووکەسەی خاوەنی دەنگە زۆرەکانن هەڵبژاردن دەکرێتەوە، کێ دەنگی زۆرتری هێنا، دوو لەسەر سێش نەبێت ئەو دەبێتە ســــەرۆك کۆمار، بەڵام ئەگەر ئێمە ئەو مەســــەلەیە ببەســــتینەوە بە حکومەتی شــــەراکەتی نیشــــتمانیەوە، پێموایە ئەوە کارێکی دروســـت نییە، ئێمــــە خۆمان حکومەتی شەراکەی نیشــــتمانیمان بە شتێکی زەرووری زانیووە و بەیەکێك لەداوا سەرەکییەکانی کوردستانمان داناوە، بۆیە ئێمە لەسەرەتاوە جەخت لەسەر حکومەتی شەراکەتی نیشتمانی دەکەین کە هەموو لایــــەك تێیدا بەشــــدار بن و خۆشــــمان شــــەراکەت لە پۆســــەتەکاندا بکەین، بۆ ئەوەی لــــە ئیدارەی دەوڵەتــــی عێراقدا بەشــــدار بین، بەڵام پێکهاتەی ئێســــتا لەبەرچاوەو دیارە لیستی دەوڵەتی یاسا و تەحالوفی وەتەنی چەند دەنگیان هەیە، کوردســــتان چەند دەنگیان هەیە، ئەگەر ئەم دوو لایەنە رەچاو بکرێت، هەر کەسێك ئەم دوولایەنە پشــــتگیری بکەن لەخولی یەکەمدا هەڵدەبژێردرێن، چونکە لیستی دەوڵەتی یاســــا و تەحالوفی نیشتمانی ١٤٤ کورسیان هەیە، کوردستانی بەخۆی و هاوپەیمانە کریستیانەکانەوە ٦٢ کورسی هەیە، ئەمە دەکاتــــە ٢٠٦، مەجلیس و ئەوان ٢٦ یــــان هەیە، ئەوە ٢٣٢، حزبی ئیســــلامی و عێراقیە ١٠یان هەیە ئەوە ٢٤٢، گروپێکیش هەیــــە لەناو عێراقیە ١٠ کورسی هەیە پشتگیری دەکات، ئەوە ٢٥٢ کورســــی، ئەمەش زۆرترە لە ٢١٧ دەنگ کەپێویستە سەرۆك کۆماری پێ هەڵبژێرێــــت، ئەوجا پێموایە ئەو دوو لایە کێیان بووێت، ئەو دەردەچێت. ئەوجا ئەو کەسە مام جەلال بێت یان هەرکەسێکی تر بێت، ئەوە کەیفی خۆیانە.

**گوڵان:** مەسەلەیەکی دیکەی گرنگ، مەســــەلەی دەستپێشــــخەرییەکەی جەنابی ســــەرۆك بارزانی-یە بۆ لایەنە سیاسییەکانی عێراق، هەروەها وەرەقە ١٩ خاڵییەکەی هاوپەیمانی کوردستانییە بۆ وتووێژەکانی حکومەتی داهاتووی عێراق، ئێمە دەزانین دەستپێشخەرییەکەی بارزانی بــــۆ پێکهێنانی حکومەتی شــــەراکەتی نیشــــتمانییە و وەرەقــــە ١٩ خاڵییەکەی هاوپەیمانی فراکسیۆنە کوردستانییەکان بۆ ئیســــتحقاقی کوردە لــــە حکومەتی داهاتووی عێراقــــدا، ئایا بەرێزت چۆن ئەم دوو لایەنە پێکەوە گرێدەدەنەوە؟

**مام جەلال:** دەستپێشخەرییەکەی جەنابی ســــەرۆك بارزانی، دەستپێشــــخەریەکی گرنگە بۆ کۆکردنەوەی لایەنە براوەکانی هەڵبژاردن، بۆ ئەوەی بتوانن قسە بکەن لەسەر ئەو شتانەی کۆیان دەکاتەوەو ئەو شــــتانەی لێکیان جیادەکاتەوە، ئەوکاتە خەبــــات دەکرێــــت بۆ چارەســــەری ئەو مەسەلانەی لێکیان جیادەکاتەوە، پێموایە ئەمە تاکــــە رێگەیە، تاکە چارەســــەرە بۆ یەکخســــتنەوەی لایەنــــە براوەکانی هەڵبژاردن لەپەرلەماندا، چونکە ئەگەر هەریەکە لەلایەك بێت و لەگەڵ یەکتری دانەنیشــــن لەگەڵ یەکتــــری گفتوگۆ نەکەن، ئەوا مەســــەلەکە بێ چارەســــەر دەمێنێتەوە، بەنیسبەت ١٩ خاڵی وەرەقەی کوردستانیش، ئەوە شتێکی بنەڕەتیە چ لایەنێــــك ئەو ١٩ خاڵە قبــــووڵ بکات، ئــــەو لایەنە لەکورد نزیکتــــرە، ئەوەندەی مــــن ئــــاگام لێیەتی د.نــــوری مالکی دوێنێــــش بەتەلەفــــۆن بەخۆمــــی وت: (من هەموویم قبووڵە)، بەڵام تائێســــتا لیســــتی ئەلعراقیە هیچی بەرامبەر ئەو خاڵانە پیشــــان نەداوە، هەرچەندە لایەن هەیە لەناو عێراقییــــە دژی ئەو خاڵانە قســــەی کردووە، هەر بــــۆ نموونە لایەن هەیە لەناو عێراقییە دژی ماددەی ١٤٠ قســــەی کردووە، دژی ریفراندۆم قسەی کردووە، دژی سەرژمێری قسەی کردووە، لایەن هەیە دژی پێشــــمەرگە قســــەی کــــردووە، بەڵام ئەوە فەرمی نییە و هەتا ئێستا هەڵوێســــتی فەرمی ئەلعێراقییە رانەگەیەنراوە، ئەوەی هەڵوێستی خۆی پیشــــانداوە بەڕێز مالیکییــــە، لاموایە



خۆزیا ئەو تەباییەی وەختی خۆی لەگەڵ بارزانی ئەمریش هەمبوو، تێکنەچووبا

ئەوەی پێکهاتووە لەنێوانی جەنابی سەرۆک بارزانی و بەندەی موخلیستان، جۆرە پێکهاتنێکی ستراتیژی توندوتۆڵی وا قایمە کە هیچ بومەلەرزەیەک نایهەژێنێت، ئەوە خێری کوردی تێدایە

(مەبەستی رۆژانی ٤و٢٠١٠/١٠/٥ بوو) نوێنەرانی فراکسیۆنە کوردستانییەکان لەگەڵ مالیکی کۆدەبنەوە و لەوانەیە بە فەرمی هەڵوێست رابگەیەنێت. ئەمەش مەرجە بۆ ئەوەی کورد لە حکومەت بەشداری بکات.

**گوڵان:** بەڕێز جەنابی سەرۆك کۆمار وەك گوێبیست بووین وەزارەتی پلاندانان بڕیاریداوە سەرژمێری بۆ ٢٠١٠/١٢/٥ دوابخرێت، ئایا چ گەرەنتیەك هەیە بۆ ئەوەی ئەمجارەیان لەو وادەیەی دیاریکراوە سەرژمێرییەکە ئەنجام بدرێت؟

**مام جەلال:** حکومەت بڕیاری نەداوە پرۆسەی سەرژمێری لەعێراق تاسەر دوابخرێت، دواخرا یەك دوو مانگ لەبەر هەندێك شتی تەکنیکی، ئەوەندەی من تێگەیشتووم، سەرۆك وەزیران سورە لەسەر ئەوەی سەرژمێری بکرێت و پەشیمان نییە، هەوڵدرا لەلایەن عێراقیە و لایەنی دیکەوە سەرژمێرییەکە دوابخرێت، بەڵام سەرۆك وەزیران جەخت دەکاتەوە دەبێت ئەمساڵ تەواو بێت. پێموایە بەشداری کوردیش لە حکومەتی داهاتوو سەرژمێری دەکاتە شتێکی حەتمی، چونکە ئەوکاتە بێ کورد ئەو شتە ناکرێت، لەبەرئەوە پێموایە ئەمساڵ سەرژمێریەکە دەکرێت.

**گوڵان:** جەنابی مام جەلال وەك کاندیدی کوردە بۆ وەرگرتنەوەی پۆستی سەرۆك کۆماری لە عێراق، هەر بۆیە ئێمە کە باسی پۆستی سەرۆك کۆمار دەکەین، باسی ئیستحقاقی کورد دەکەین لە عێراقی نوێدا، ئایا بەو سیفەتەی جەنابی مام جەلال پاڵێوراوی کوردستانییەکانە بۆ ئەم پۆستە، بەڕێزی چۆن سەیری ئەم مەسەلەیە دەکات؟

**مام جەلال:** یەك راستی هەیە دەمەوێت نەیشارمەوە و پێتان بڵێم، یەکەم کەس کە پێشنیاری کرد من ببمە کاندیدی سەرۆك کۆمار، جەنابی سەرۆك بارزانی بوو، راستیەکەی ئەوی دەمێ من نەختێك دوو دڵ بووم، چونکە دەسەڵاتەکانی زۆر کەم بوون، یانی بەکوردی خۆمان بڵێین (لەشان و پیلی من نەدەوەشایەوە) ئەوەندە دەسەڵاتەکە کەم بێت، دوایی برادەران و لایەنەکانی دیکەش ئیلحاحیان کرد (المکان و بمکین) پۆست قیمەت نادا بە ئینسان، ئەو ئینسانەی لە پۆستەکەدایە ئەو قیمەت دادەت بە پۆستەکە، لەپاشان ئەتۆ مام جەلالیت و هاوپەیمانی کوردستانیت لەپشتە، ناکرێ کەس نادیدەت بگرێت، هەتا ئەگەر سەلاحیەتی دەستووریش کەم بێت، لەناو مەکتەبی سیاسیی خۆشماندا دوودڵی زۆر بوو، ئەوەی راستی بێت کاك کۆسرەت زۆر سور بوو کە دەبێت قبووڵی بکەم، لەناو عەرەبەکانیشدا د.عادل عەبدولمەهدی زۆر هەوڵی لەگەڵمدا قبووڵی بکەم، نەتیجە وەك هەڵبژێرام و ئەو دەورەم دیت کە خۆتان بیستووتانە، پێموایە بەشی زۆری خەڵکەکەی لەسیاسەتدایە رازیبوون لەو دەورەی بینیوومە، دوای ئەوە ئەو شەرەفەم پێدرا کە لەلایەن مەرجەعیەتیشەوە وترا سەمامی ئەمانە لەعێراق، بۆ جاری دووەمیش کە کاندید بوومەوە بۆ سەرکۆمار دیسان بەدەستپێشخەری جەنابی سەرۆك بارزانی بوو، وادەزانم وەك تەقدیرێك بۆ کورد سەیری دەکات و دژی ئەوەیە کورد وەك هاووڵاتی پلە دوو دابنرێت، دەڵێن وەڵا ئەو پۆستە بۆ عەرەبی سونە بێت، پێموایە گرنگیەکەی ئەوەیە ئەگینا دەسەڵاتی ئەمجارە لەجاری پێشووش کەمترە. راستە ئەمجارە سەرۆك بەتەنیایە، بەڵام جاری پێشوو سەرۆك دەسەڵاتی ڤیتۆکردنی یاساکانی هەبوو، ئەمجارە ئەوەشی نییە. بۆیە وەك تەکلیفێك ئەو پۆستەم قبوڵکردووە و پێموایە بە هاوکارییەکی تەواو نەبێت لەگەڵ سەرۆکی حکومەت، ئەو ئیشە بەباشی بەڕێوە ناچێت. بەڵام لێتان ناشارمەوە لە شتێکدا پێمخۆشە، ئەویش ئەوەیە سەرۆك کۆمار بۆی هەیە رۆڵێك بگێڕێت لە جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠. سەرۆك کۆمار دەسەڵاتی هەیە داوا لەپەرلەمان بکات سنووری پارێزگاکان بگۆڕێت و وەکو خۆی لێبکاتەوە، کە ئەو داوایەی پێشکەش کرد، مانای وایە هەنگاوی یەکەم بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ جێبەجێ دەبێت، لەبەر ئەوەی تەتبیعی ئەوزاع وەك عەرەبەکە دەڵێت، ئاسایکردنەوەی بارودۆخەکە مەرجی سەرەکییە بۆ جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠.

**گوڵان:** جەنابت دڵنیایت ئەمجارەش پۆستی سەرۆك کۆمار بۆ کورد دەبێت؟

**مام جەلال:** بەڵێ پێموایە، لەبەر ئەوەی هەموو لایەنەکانی کاریان بەدەستە هەتا ئەلعێراقیەش لەگەڵ هەندێکیان دەڵێن نابێت ئەو پۆستە بۆ کورد بێت، بەڵام بەفەرمی وتوویانە بۆ کورد دەبێت، هەر بۆ نموونە ئێستا دەوڵەتی یاسا و تەحالوفی وەتەنی، تەنانەت تەحالوفی وەتەنی ئەوانەشی پشتگیری مالیکی ناکەن بۆ سەرۆك وەزیران، پشتگیری تاڵەبانی دەکەن بۆ سەرۆك کۆمار، شەنسەکەی خۆشمان ئەوە تەواو (بەپێکەنینەوە).

**گوڵان:** لایەنی کوردستانی زۆر باس لە پابەندبوون و جێبەجێکردنی دەستووری عێراق دەکاتەوە و ئەمەشی وەك مەرجێك داناوە بۆ بەشداری کورد لە حکومەتی داهاتووی عێراقدا، پرسیار ئەوەیە ئایا تاچەند ئێوە سورن لەسەر ئەم مەرجە؟و تاچەند ئەم مەرجە چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە دابڕاوەکانی وەك کەرکوك و خانەقین و سنجار دەگرێتەوە؟

**مام جەلال:** پاراستنی دەستوور بەپلەی یەکەم بەدەست کوردە، ئەمەش لەبەر دوو هۆکار، یەکەمیان: ماددەیەك لەدەستووردا هەیە دەڵێت (هەر دەستکارییەك لەم دەستوورە مافی کورد بگرێتەوە، جائیز نییە) واتە رێگەی لەهەموو دەستکارییەك گرتووە کە مافی کورد پێشێل بکات.

دووەم: هەموو دەستکارییەك لەدەستوور پاش دوو لەسەر سێی دەنگی پەرلەمان دەبێت هەموو پارێزگاکان پێی رازیبین، ئەگەر لە ٣ پارێزگا دوو لەسەر سێ رەتیکردەوە، ئەوە سەرناگرێت. بالێرەدا گریمانەیەك بکەین، گریمان پەرلەمانێك هات و بڕیاریدا دەستوور بگۆڕێت، ئێمە لە ٣ پارێزگا رەتیدەکەینەوە، بۆیە دووپاتی دەکەمەوە پاراستنی دەستوور بەپلەی یەکەم بەدەست کوردە، پاراستنی دەستووریش لەبەرژەوەندی کوردە، لەبەر ئەوە دەیپارێزێت، جگە لەوەش هەموو هاووڵاتیانی عێراقی سورین لەسەر دەستکاری نەکردنی دەستوور، بەڵکو

**تائێستا لیستی ئەلعێراقیە هیچی بەرامبەر ئەو ١٩خاڵانەی وەرەقەی کوردستانی پیشان نەداوە**

**حکومەت بڕیاری نەداوە پرۆسەی سەرژمێری لەعێراق تاسەر دوابخرێت**

**پاراستنی دەستور بەپلەی یەکەم بەدەست کوردە لەدەستووردا رێگەی لەهەموو دەستکارییەك گرتووە کە مافی کورد پێشێل بکات**

هەندێك لەعەرەبی سونە و قەومیەكانی عەرەب داوادەكەن دەستوور دەستكاری بكرێت، ئەگەر نا لای عەرەبی شیعە ئەو داوایە بەرزنەكراوەتەوە دەستوور بگۆڕێت.

**گوڵان:** بەڕێزتان وەك سەرۆك كۆماری عێراق ئاگاداری سیاسەتی ئەمریكان لە عێراقدا، ئایا دوای كشانەوەی هێزەكانی ئەمریكا، سیاسەتی تازەی ئەمریكا لە عێراقدا چۆنە و لە چوارچێوەی سیاسەتی ئەمریكا لە عێراقدا، هەرێمی كوردستان پێگەی چییە؟

**مام جەلال:** دەبێت چەند راستیەك لەسیاسەتی ئەمریكادا بەرامبەر بە كورد رەچاو بكەین، لای حكومەتی ئێستای ئەمریكا، باڵێكیان دژی رزگاركردنی عێراق بووە كە سەرۆك ئۆبامایە، باڵێكیشیان لەگەڵ پرۆسەی رزگاركردنی عێراق بووە كە جۆ بایدن و وەزیری دەرەوە خانم هیلاری كلینتۆنە، لەئەنجامدا كە گفتوگۆكراوە سەرۆك ئۆباما كارەكەی داوەتە دەستی جۆبایدن و پێی وت باشە تۆ بەرپرسی دۆسیەی عێراق بەو بارودۆخەكە بەڕێوەبەرە، ئێستا بۆیان دەركەتووە لە عێراقی رزگاركرا و دیموكراتی چەند گرنگە، دەزانن تەقریبەن لە عێراق سەركەتوو بوون، دیكتاتۆرێكیان لەعێراق لابرد، ئێستا سوپاكەیان بە ئاسوودەیی دەكشێتەوە، حكومەتی دیموكراتی پەیدابووە، ئازادی و دیموكراتی هەیە، بۆیە پاراستنی ئەم عێراقە بووە بە ئەركێك لە ئەركەكانیان، بەتایبەتی بەهۆی رێككەوتنی سۆفا، ئێمە لەو رێككەوتنە بەندێكمان تێخست بەوەی دەبێت ئەمریكا پارێزەری سیستمی فیدرالی و دیموكراتی عێراقیش بێت، ئەوە ئەمریكا قبووڵی كردووە، سەرۆك ئۆباماش لە وتارەكەیدا بۆ نەتەوە یەكگرتووەكان وتی ئێمە دەمانەوێت پێوەندییەكی ستراتیژی و شەراكەتێكی ستراتیژی بەردەوام لەگەڵ گەلی عێراق دروست بكەین، ئەمە مانای ئەوەیە گرنگی عێراق دەزانن و لەگەڵی دەبن، بۆیە پێموانییە وەكو خەڵك تێدەگات ئەمریكا لە عێراق رادەكات و دەستی لێ بەردەدات، ئەمریكا گرنگی عێراق دەزانێت، ناشكرێت ئەو گرنگیەی عێراق نادیدە بگرێت، بۆیە پێموایە پێوەندییەكان لەئاستی سیاسیی و بازرگانی و ئابووری لەنێوان عێراق و ئەمریكادا پەرە دەسێنێت. هەروەها بەم نزیكانە شاندێكی بازرگانی ئەمریكی دێت بۆ ئەوەی ئەو پێوەندیانە بەهێزتر بكات.

**گوڵان:** جەنابت وەك سەرۆك كۆمار ماوەی ٤ ساڵە سەرۆك كۆماری عێراقیت، ئایا لەماوەی ئەم چوار ساڵە تاچەند توانیووتە پێوەندی و ئاسۆی نێودەوڵەتی و عەرەبی بەرووی عێراقدا بكەیتەوە؟

**مام جەلال:** دەتوانم بڵێم نەك هەر وڵاتانی عەرەبی، بەڵكو توانیوومە وڵاتانی غەیرە عەرەبیش پێوەندییەكانیان لەگەڵ عێراقدا باش بكەن و پەرەی پێبدەن، هەر بۆنموونە چین كە وڵاتێكی زۆر گەورەی جیهانە و قەرزێكی زۆری لەسەر عێراق هەبوو، كە من شاندێكی عێراقیم لەگەڵ خۆم برد بۆ چین، لەوێ لە قەرزەكان خۆش بوون، بەئاشكراش وتیان لەبەر خاتری فلانەكەس(واتە مام جەلال)كە دۆستی دێرینی خۆمانە ئەوا لە قەرزەكانی خۆمان خۆش بووین، هەر ئەوی دەمێ سەرۆكی چین هۆزجینتاو رەزامەندی پیشاندا چەكمان پێ بفرۆشێت، ئەوكاتە رووسیا نەیدەفرۆشت، وەزیری ناوخۆمان لەگەڵ بوو، خێرا كۆنتراكتێكی بە ١٠٠ ملیۆن دۆلار ئیمزا كرد لە گەڵیاندا، هەروەها بۆ چاككردنی پێوەندییەكانمان لەگەڵ رووسیا رۆڵمان گێڕاوە، لەگەڵ وڵاتانی عەرەبیش بەینم لەگەڵ هەموویان باشە، چووم بۆ سووریا و دەرگای باشكردنی پێوەندییەكانم كردەوە، بۆ میسر هەروا پێوەندییەكانی خۆم بەكارهێنا بۆ بەرەوپێشەوەبردنی پێوەندییەكانی نێوان میسر و عێراق، هەروەها لەگەڵ سعودیە، قەتەر، كوەیت، ئەو پێوەندیانەی كەخۆم پێشتر لەگەڵیان هەمبوو، هەموویم بەكارهێنان بۆ باشكردنی پێوەندییەكانی عێراق لەگەڵ ئەو وڵاتانە، هەر بۆ نموونە لەوكاتەی كە خەڵك باسی پێوەندی نێوان سعودیەو عێراقی دەكرد، پادشای سعودیە هەم وسامی بەخشیە من، هەمیش بەخشیە جەنابی سەرۆك بارزانی، ئەمە بەڵگەی ئەوەیە ئێمەی كورد هۆكاری پێكهاتن و تەباین لەنێوان وڵاتانی عەرەبیدا، هەروەها مەسەلەی توركیاش من چوومە توركیا و ئەو پێوەندییەم دروستكرد، هەتا سەرۆك گول وتی هاتنی تۆ شۆڕشێكی لە پێوەندییەكانی نێوان عێراق و توركیا دروستكرد، دوای ئەوە بووە هۆكاری ئەوەی رێككەوتنی ستراتیژی لەنێوان عێراق و توركیا ئیمزا بكرێت، كەواتە ئێمە دەورێكی خێرمان بۆ عێراق گێڕاوە.

**گوڵان:** ئێمە بیستوومانە دەڵێن مام جەلال لەو كاتەی رژێمی بەعس كیمیایی دژی كورد بەكارهێنا، ئێوە لە چیاكانی كوردستان دەستان كردووە بەگریان، حەزدەكەین بزانین ئەو رووداوە چۆن بووە؟ هەروەها ئێستا خۆت سەرۆك كۆماری عێراقی چۆن سەیری ئەو تاوانە دەكەیت كە لەو كاتە دژی كورد ئەنجامدرا؟

**مام جەلال:** لێرەدا دەمەوێت راستیەكەت بۆ روونبكەمەوە، ئێمە هەڕەشەمان لێكرابوو چەكی كیمیایی بەكاردێت و هیچیشمان نەبوو بۆ خۆپاراستن، بەڵام پێش كیمیابارانكردنی هەڵەبجە، لەپڕ رۆژێك پەلاماری كوردستاندرا لە قوڵەكانی دۆڵی بالیسان، بەری مەرگە، دێیەكەی كە منیشی لێبووم یاخسەمەر، جۆرێك تۆپیان پێدادەین دەنگەكەی جیاواز بوو، بۆنێكی لێهات، ئەوجا زانیمان ئەوە چەكی كیمیاییە لەدژمان بەكاری دەهێنن، بەراستی هی ناوچەی خۆمان هیچ تەئسیری لێنەكردم، بەڵام كە خەبەری ئەوە هاتەوە لە دۆڵی بالیسان دۆڵێك ١٠١ كەسی لێ كوژرابوو، یەكێكیان منداڵێك بوو تەنیا دوو رۆژ بوو لە دایك ببوو، ئەوە زۆر تەئسیری لێكردم و بەدەست خۆم نەبوو فرمێسك لە چاوەكانم هاتە خوارەوە، حەزدەكەم بزانن باوكم مردووە نەگریاوم بۆی، برام شەهیدبووە، برازام شەهید بووە نەگریاوم بۆی، بەڵام بۆ كارەساتی دۆڵی بالیسان و شەهیدبوونی ئەو منداڵە گریام.

**گوڵان:** شتێكی دیكە هەیە حەزدەكەین

**سەرۆک کۆمار بۆی هەیە رۆڵێک بگێڕێت لە جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠**

**هیچ شتێک نییە ئەوەی بەقوربان بکرێت**

**کە خەبەری ئەوە هاتەوە لە دۆڵی بالیسان ١٠١ کەسی لێ کوژرابوو، یەکێکیان منداڵێک بوو تەنیا دوو رۆژ بوو لە دایک ببوو، بەدەست خۆم نەبوو فرمێسک لە چاوەکانم هاتە خوارەوە**

> **بۆیە قەرزاری هێرۆم چونکە تەحەمولی هەموو ئەو ناخۆشیانەی کردووە کە هاتۆتە ڕێگەم، دەربەردەر بووم لەگەڵمدا بووە، شاری بەجێهێشتووەو هاتۆتە شاخ بۆ لام**

ڕاستەوخۆ لە جەنابت بپرسین، زۆرجار گوێمان لەوە بووە دەڵێن مام جەلال زۆر قەرزداری هێرۆ خانە، ئایا مام جەلال خۆی بەقەرزداری هێرۆ خان دەزانێت؟ هەروەها ئایا هێرۆ خان لای مام جەلال چی دەگەیەنێت؟

**مام جەلال:** قەرزارییەکە ئەوەیە هێرۆ تەحەمولی هەموو ئەو ناخۆشیانەی کردووە کە هاتۆتە ڕێگەم، دەربەردەر بووم لەگەڵمدا بووە، چوومەتە شاخ دەیتوانی لەشار بمێنێتەوە، شاری بەجێهێشتووەو هاتۆتە شاخ بۆ لام، دوو منداڵی هەبووە هەردوو منداڵەکەی لای دایکی بەجێهێشووە و هاتۆتە لای من، کەم نییە ژنێك دوومنداڵ بەجێ بهێڵێت و بێتە شاخ، کە لەشاخیش وەزعمان زۆر خراپ بووە، باوەڕبکەن لە ژوورێك دەژیان، پاش ساڵێك دوای ئەوەی تۆزێك وەزعمان باش بوو چووینە شوێنێکی دیکە ئەو ژوورەمان کرد بە تەویلەی هێستر، ئەمەش واتە هەمیشە هێرۆ لەگەڵمدابووە لە ناخۆشییەکانی ژیانمدا، هەمیشە لە خەباتدا لەگەڵمدا بووە، جارێکیان لێم توڕە ببوو نامەیەکی بۆ نووسیبووم وتبووی هەر هیچ نەبێت ئەوەم لێ قبووڵ بکە کە هەورازی کەژۆشتم لەگەڵت بڕیووە،(کەژۆشت هەورازێکی زۆر سەختە)، ئەمەش بەلای منەوە زۆر گرنگە کە هاوسەر لەخۆشی و ناخۆشی لەگەڵی بێت کە دەیتوانی لەشار لەگەڵ منداڵەکانی بمێنێتەوە، ئەمە لەگەڵ ئەوەی لەشاخ ئیشی دەکرد وەنەبێ دانیشتبێت، دەچوو ڕەسمی دەگرت، بایەخی بەمنداڵی شەهید و بریندارەکان دەدا، ئەمە هۆیەکی بەهێزی پێوەندیمان بوو.

**گوڵان:** سەبارەت بەحکومەتی هەرێمی کوردستان، ئێستا باسی ئەوە دەکرێت بەپێی ڕێککەوتنی ستراتیژی نێوان پارتی و یەکێتی ماوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دووساڵ بۆ پارتییە و دووساڵ بۆ یەکێتییە، بەڕێزتان لەسەر ئەم مەسەلەیە چی دەڵێن؟

**مام جەلال:** حەزدەکەم رای خۆمتان پێ بڵێم، رای مام جەلال، هیچ وەختێك فەرقی نێچیرڤان و بەرهەمم نەکردووە، بگرە من ئەو کەسەم ئەوکاتەی پارتی نێچیرڤانی کاندید کرد بۆ سەرۆك وەزیران، ئێمە وەك یەکێتی تەبا نەبووین و لەبەر ئەوەی حکومەتێکمان لەسلێمانی هەبوو، لە خوتبەیەکدا وتم ئێمە ئامادەین حکومەتەکەی خۆمان لەسلێمانی هەڵبووەشێنینەوە بچین بەشداری لەحکومەتی کاك نێچیرڤاندا بکەین، لەبەر ئەوە لای من فەرقی نێچیرڤان و بەرهەم نییە، هەردووکیان بە براو برازا و خۆشەویستی خۆم دەزانم، بەینیشم لەگەڵ هەردووکیان زۆر باشە. من بەو جۆرە سەیری مەسەلەکە دەکەم و دەمەوێت شتێکتان پێ بڵێم، من باوەڕم بەوە هەیە کە ئەو هاوپەیمانە ستراتیژییەی نێوانی پارتی و یەکێتی بۆ کورد زەرورییە، ئێمە بۆ نموونە باڵێکی زۆرمان لێجیابۆوە، مەبەستم گۆڕانە، بێگومان کەم نەبوون، کە لێمان جیابوونەوە، لەگەڵ ئەوەی دژایەتیشیان کردین وەزعی کورد تێکنەچوو، حزبەکانی دیکە لەگەڵ یەکتری ناکۆك بن تێکناچێت، بەڵام ئەگەر خوانەخواستە نێوانی پارتی و یەکێتی تێکبچێت، وەزعی کورد تێکدەچێت و هەرچی هەمانە لەدەستمان دەچێت، ئەوەی دەشمانەوێت پێمان ناکرێت، لەبەر ئەوە مەسەلەی هاوپەیمانی نێوان پارتی و یەکێتی مەسەلەیەکی حەیاتییە و ژیان و مانی میللەتی کورد و هەردوولاشی لەسەر بەندە، لەبەر ئەوە بەلای من هاوپەیمانییەکی موقەدەسە و لەسەرووی هەموو شتێکە، هیچ شتێك نییە ئەوی بەقوربان بکرێت، بەڵکو دەبێت هەموو شتێك بەقوربانی ئەو بکرێت. هەر بۆنموونە دەڵێن هەڵبژاردن چەند کەس لەهی پارتی بن و چەندی هی یەکێتی بن هەمووی بەهی خۆمی دەزانم، خولاسە من بەچاوی یەکبوون یەك دەست یەکین سەیری هەردوولا دەکەم، خۆتان بینیتان چەند قسەم لەسەر کاك مسعود کرد، باوەڕ بکەن ئەوە قسەی دڵم بوو، چونکە قسەی ئاشکرا موجامەلەی تێدانییە، دەکرێت لە ژوورێکی داخراودا پیاو دەتوانێت ئەنواعی ماستاو و قسەی هەمەجۆر بکات، بەڵام کاتێك خوتبە دەدات لەناو خەڵك و تەلەفزیۆن و رادیۆ تۆماری دەکات، ئەوە قسەی دڵە و من هەرچیم وتووە لەو سەردەمە قسەی دڵم بووە. هیچ پەشیمانیش نیم لەسەر یەك حەرفی لەو قسانەی کە کردوومە دەربارەی کاك مسعود و هەڵبژاردنی، بۆیە ئەم مەسەلەیە زۆر گەورەیەو دەبێت وەك شتێکی پیرۆز سەیر بکرێت، ئەم مەسەلەیە زۆر لەوە گەورەترە وەزیرێکی پارتی زیاترە یان وەزیرێکی یەکێتی، ئەسڵەن من ئەوە هەرناخوێنمەوە، هەر بۆنموونە وەختیك د.رۆژ لە جێی بەرهەم دانرا، بڕیار بوو وەزیرێکی پارتی ئیستیقالە بکات و یەکێتیەك بچێتە شوێنی، بەڵام نەیکرد و ئێستاش باسم نەکردۆتەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە من وەزیرەکانی پارتیش بەهیی خۆم دەزانم و هی یەکێتیش بە هی پارتی دەزانم، ئەمە دیدیدی منە بۆ بەرژەوەندی کورد، با نموونەیەکی دیکەت بۆ باس بکەم، ئێمە وەك یەکێتی شاڵاوێکی گەورەمان لەسەر بوو لەلایەن ئەو برادەرانەی لێمان جیاببوونەوە و دەیانوت، ئەها مام جەلال یەکێتی فرۆشتووە بەپارتی و هیچ نابێت و حکومەتمان نادەنێ، دوای حکومەتیشیان وەرگرت و بەرهەمیش بوو بە سەرۆك وەزیران و کاك مسعودیش وتی هەرچی مام جەلال دەڵێت وابکەن. منیش وتم هەرچی کاك مسعود دەڵێت وابکەن، ئەم گیانە زەرورییە بۆ مانمان.

> **حزبەکانی دیکە لەگەڵ یەکتری ناکۆك بن بارودۆخەکە تێکناچێت، بەڵام ئەگەر خوانەخواستە نێوانی پارتی و یەکێتی تێکبچێت، وەزعی کورد تێکدەچێت**

**گوڵان:** ئایا بەچاوێك کە تۆ سەرکۆماری عێراقی چ پەیامێکت بۆ هاووڵاتیانی عێراق هەیە، بەتایبەتی ئێستا کە هاووڵاتیانی عێراق زۆر نائومێدبوون؟

**مام جەلال:** پێش ئەوەی وەڵامتان بدەمەوە تکات لێدەکەم زۆرەکە لابەرە، لەبەر ئەوەی بارودۆخی هاووڵاتیانی عێراق ڕاستە خراپە، بەڵام زۆر خراپ نییە. تۆ سەیر بکە، مووچە ئێستا چەندە سەردەمی سەدام چەند بووە، ئاستی گوزەران ئێستا چۆنە، جاران چۆن بووە، دووەم تکاتان لێدەکەم لە

ئێـــوەی ڕۆژنامەنووس و نووســـەران و تۆژەرانیش کـــە عێراق بەشـــێوەیەکی گشتی تەماشا بکەن، کوردستان عێراقە ٤,٥ - ٥ ملیۆن عێراقی لەکوردســـتان دەژین لەژیانێکی خۆشـــی پێشـــکەتوو ئاوەدانی دەژین، بەسرا باشترە لەهەندێك جێگە، لەگەڵ ئەوەش من ناڵێم هەمووی شتێك تەواوە و هیچ کەموکورتی نییە و نازانم بەهار بێنمە چۆکان، وانییە، بەڵام من دڵنیام کە ئەگەر هاتوو حکومەتی تازەمان پێکهێنا، حکومەتی شەراکەتی نیشـــتمانی، من دڵنیام کە عێراق زۆر بەرەو پێشـــەوە دەچێت، لەبـــەر ئەوەی یەکەم داهاتمان هەیە دەتوانین پرۆژەی هەمەجۆری زۆر باشی پێبکەین، دووەم نەوت زیاد دەبێت، سێیەم ئەو کۆنتراکتە نەوتییانـــەی گرێـــدراون چ ئەوانەی لەکوردســـتان و چ ئەوانەشی لە عێراق ئیمزا کـــراون بەرهەمی نەوت زۆر زیاد دەکەن و داهاتیشمان زیاتر دەبێت، چوارەم بەدەیـــان وڵات و کۆمپانیا هەن ئامادەن قەرز بدەن بەعێراق و بێن پرۆژە دەست پێبکەن، پاشـــان پارەکەیـــان بدەینەوە، دوای ئەمانە ئاشکرابووە گازێکی زۆر لەعێراق هەیە، بۆیە دوارۆژی عێراق تەنیا پێویســـتی بەحکومەتێکی ڕێکوپێکی هۆشـــیاری کارای لێزان هەیە وەك هەموو جارێك لەبەینـــی خۆمـــان دەڵێیـــن (حکومە مال اوادم).

**گوڵان:** دوایین پرسیارمان بـــەوە کۆتایی پێدەهێنین، ماوەیەك پێش ئێستا ڕێکخراوی ئۆپیك بەیاننامەیەکی بڵاوکردبۆوە، لەو بەیاننامەیەدا مەترسی ئەوەی پیشانداوە عێراق ببێتە دەوڵەتێکی ئەوتۆ لە هەنـــاردەی نەوتدا ململانێی وڵاتە زۆر پێشـــکەوتووەکان بکات، ئایا ئێوە لەسەر ئەم مەسەلەیە چی دەڵێن؟

**مام جەلال:** عێراق لە دووشتدا دەتوانێت ململانـــێ لەگـــەڵ زۆر وڵاتان بکات، یەکێکیان نەوتە، ئەوەی دیکەیان گازە، عێـــراق گازێکی هێجگار زۆری هەیە، هـــەم لە ئەنبـــار کێڵگەیەکی گەورەی گاز هەیـــە، هەم لە چەمچەماڵ هەتا کـــەلار، ئەگەر ئەو دوو کێڵگـــەی گازە دروســـت بکرێت، دەتوانرێت بە بۆری بنێردرێت بۆ ئەوروپا، مونافەســـەی گازی ڕووسی دەکات، هەروەها ئەو گرێبەســـتانەی عێراق بۆ بەرهەمهێنانی نـــەوت ئیمزای کردوون، تەنیا لەکوردســـتاندا لـــە توانادا هەیە بەرهەمەکـــە بگاتە یەك ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا، لە باشوور لە توانادا هەیە بگاتە ٥-٦ ملیۆن بەرمیل لەڕۆژێکدا، ئەمەش واتە بێجگە لەوەی عێراق لانی کەم توانای دەبێت دوو هێندەی ئێستای خۆی بەرهەمی هەبێت، هەروەها پێشتر هەندێك بەشی عێراق هەیە دابەشکراوە بەســـەر وڵاتانی دیکە، ئەوانیش وەردەگرێتەوە، بۆیە پێشبینی دەکرێت لەدوارۆژدا عێراق ڕۆڵێکی گرنگی هەبێت لەهەردوو بواری گاز و نەوتدا.



**دوارۆژی عێراق تەنیا پێویستی بەحکومەتێکی ڕێکوپێکی هۆشیاری کارای لێزان هەیە**

**پێشبینی دەکرێت لەدوارۆژدا عێراق ڕۆڵێکی گرنگی هەبێت لەهەردوو بواری گاز و نەوتدا**

# باشووری یەمەن سەربەخۆیی دەوێتەوە



فەلەکەدین کاکەیی

## کورتەیەکی مێژوویی:

خەڵکی باشووری یەمەن، بەجیا لە باکوور، ساڵی ١٩٥٣ دەستیان دایە خەبات بۆ رزگاری لە داگیرکاریی ئینگلیز، کە باشووریان جیاکردبووەوە چونکە لەسەر دەریاییەو، کانزا و سامانی بەرچاوی هەیە، هەر بۆیەش باری ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و فەرهەنگی باشوور، ساڵ دوای ساڵ، لە باکووری یەمەن دوورکەوتەوە.

شاری(عەدەن)بوو بە پایتەختی باشوور و، شاری(سەنعا) بە پایتەختی باکوور مایەوە.

کۆماری دیموکراتی یەمەن:

دوای خەباتی سەختی چەکداری و جەماوەری و سیاسیی جۆر بەجۆر خەڵکی باشووری یەمەن ساڵی ١٩٦٩ ئازاد و سەربەخۆییان بەدەستهێنا و هێز و دەسەڵاتی ئینگلیز لەو وڵاتە کشایەوە. دوای چەند گۆڕانکاریی ناوخۆ باشووری سەربەخۆ ناوی خۆی بە (کۆماری دیموکراتی یەمەن) ناو، ڕێبازێکی چەپی دیموکراتی گرتە بەر، کە لە جزیرەی عەرەبی و ناوچەکەدا شتێکی تازەبوو و، کۆماری یەمەن(باکوور) و سعودیە و وڵاتانی دەوروبەر کەوتنە دژایەتیی.

بە هاوکاریی یەکێتی سۆڤیەت و وڵاتە سوسیالیستەکان کۆماری دیموکراتی یەمەن(ك.د.ی) خۆی چەسپاند و پێشکەوتنی خێرای بەدەست هێنا، لە ماوەیەکی کورتدا فێربوون و خوێندن بەسەرانسەری ئەم کۆمارەدا بڵاوبووەوە و، لە ساڵانی ١٩٧٢-١٩٧٣ بەدواوە ڕاگەیاندرا کە نەخوێندەواری لەم وڵاتەدا قەڵاچۆکرا و، بوو بە یەکەمین ئاستی بەرزی فێربوون و خوێندن لە نێو گشت وڵاتە عەرەبییەکاندا.

لەسەرێکی دیکەوە(عەدەن) بۆ بنکەی ئەپۆزۆسیۆنە چەپڕەوەکانی عەرەبی و هەندێ وڵاتی دیکەی جیهان.

## کۆمارێکی عەرەبی دۆستی کورد:

کۆماری دیموکراتی یەمەن(عەدەن) یەکەمین وڵاتی عەرەبییە کە لە ساڵی ١٩٧٠ بەدواوە، بە بڕیاری فەرمی دانی نا بە گشت مافێکی گەلی کوردا، لەسەرووی هەموویەوە سەربەخۆیی:

حکومەتی(ك.د.ی) پشتگیری مەعنەویی دیموکراتخوازانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین و خەلیجی دەکرد و پاسپۆرتی ڕەسمی پێدەدان تا لە هاتووچۆدا ئازاد ببن، هەندێکی بەر پەنابەرانی کوردی عێراق و تورکیاش کەوت، باڵیۆزخانەکانی(ك.د.ی) بۆ پەنابەرانی دیموکراتخواز، بە کوردەوە، کراوەبوون.

بەخۆم لە گەشتە سیاسییەکانی ساڵانی ١٩٨٠ بەدواوە، چەندین جار ڕێگەم بەو باڵیۆزخانانە کەوتووە.

بەپێچەوانەش، کۆماری باکووری یەمەن(سەنعا) هەمیشە دۆست و هاوپەیمانی ڕژێمی بەعسی عەرەبی بوو و، عەلی عەبدوڵڵا ساڵح سەرەك کۆماری (سەنعا) تا دوا ڕۆژ، دۆستی نزیکی سەدام حوسێن بوو و، یارمەتی لێوەردەگرت.

## ١٩٩١-١٩٩٤ شکست و نەمانی(ك.د.ی):

١٩٩١ بەدواوە، کە یەکێتی سۆڤیەت و ئوردوگای سوسیالیستی تێکرۆخا بارودۆخی(ك.د.ی) کەوتە لاوازی و ئاڵۆزی، ئەوەبوو لەژێر فشاری نێودەوڵەتی و ئیقلیمی بەتایبەتی: باکووری یەمەن و سعودیە(ك.د.ی) ناچار بوو ڕازی ببێ بە (یەکگرتنەوە) لەگەڵ باکوور و سەرانی هەردوو کۆماری یەمەنی باشوور و باکوور ڕێکەوتن (کۆماری عەرەبی یەمەن) پێکبهێن و، دەوڵەتی کۆماری دیموکراتی(عەدەن) بە فەرمی هەڵوەشایەوە، بەرامبەر بەوەش دەسەڵاتی کۆمارە تازەکەی یەمەن بەسەر هەردوولادا دابەشکرا، بەڵام سەرانی(سەنعا) بەتایبەتی عەلی عەبدوڵڵا ساڵح) کە بەسەرەك کۆمار هەڵبژێردرا، بەوەش تێرنەبوو، ساڵی ١٩٩٣-١٩٩٤ کودەتای سەربازی جێبەجێکرد و، بەهێزی سەربازی و ئاگر و ئاسن سەرانی پێشووی (ك.د.ی) لەکار لابردو دامودەزگاکانی دەوڵەتی باشووری تێك و پێکدا... لە کاتێکدا بەشێکی زۆری بەرپرسان و خەڵکی (ك.د.ی) بە ئاسانی نەچوونە ژێر بار، بەتایبەتی(عەلی سالم ئەلبیز) کە ماوەیەك شەڕیانیش کرد بەڵام خۆیان بەرامبەر هێرشی عەلی عەبدوڵڵا ساڵح) پێرانەگیرا و هەندێکیان کوژراو، هەندێکیان هەڵاتن، لەوانەش(عەلی سالم ئەلبیز) کە ئێستا سەر لە نوێ وەکو سەرۆکی بزوتنەوەی ڕزگاریی باشوور کەوتووتە چالاکی.

## ١٠/١٤ ساڵڕۆژی ڕزگاری باشووری یەمەن:

١٠/١٤ی ئەمساڵ ٢٠١٠ دەبێتە(٤٧)یەن بیرەوەریی سەربەخۆیی باشووری یەمەن بوو، کە خەڵکی باشوور کردیانە بە سەرەتای خەباتێکی ئاشتیخوازانەی جەماوەریی تازە بۆ ڕزگاربوون لە دەسەڵاتی ڕژێمی عەبدوڵڵا ساڵح(باکووری یەمەن) و دامەزراندنەوەی دەوڵەتی باشوور، پایتەختەکەی شاری(عەدەن) دەبێت.

دوو ساڵ دەبێت بزاڤی ڕزگاریخوازی باشووری یەمەن دروستبووە و خەریکن خۆیان دەگرنەوە و ڕۆژانە لە ململانێی سیاسی و جەماوەریی فراواندان بەرامبەر بە هێز و دەسەڵات و دەزگاکانی حکومەتی عەلی عەبدوڵڵا ساڵح.

ئەمساڵ لە ٤/١٠ دا (بەر لە چەند ڕۆژ) خەڵکی باشوور فراوانترین خۆپیشاندان و مانگرتن و چالاکیی جۆربەجۆری جەماوەرییان ڕێکخستووە ئەویش لە ژێر دروشمی (ڕزگاری و وەرگرتنەوەی سەربەخۆیی و دامەزراندنەوەی دەوڵەتی باشوور).

باشوور ناوی باکووری بە(داگیرکەر) داناوە:


دیارە ستەم و جیاوازی و چەوسانەوە و سەرکوتکاریی حکومەتی (سەنعا)- باکوور، درەهەقی خەڵکی باشوور و دەسکەوتەکانی ئەوەندە توندوتیژ و نا هەمواربووە، بزاڤی ڕزگاریخوازی باشوور بە حکومەتی ئێستای کۆماری یەمەن(باکوور) دەڵێت(داگیرکەر) تەنانەت عەلی سالم ئەلبیز) ئاخرین سەرەك کۆماری باشوور(ك.د.ی) لە تەلفزیۆنی تازەی باشوورەوە، وتارێکی بەبۆنەی ١٠/١٤ خوێندەوە چەندین جار باسی (داگیرکردن و داگیرکاریی) حکومەتی عەلی عەبدوڵڵا ساڵحی کرد.

خەڵکی باشوور سوورن کە لە باکوور جیا ببنەوە لە سنووری پێشووی(ك.د.ی) دەوڵەتەکەیان دابمەزرێننەوە.

بە دووی نابینم سەربکەون، لە ڕووی مەنتیق و مافی کۆمەڵایەتی و مێژووییەوە خەڵکی باشووری یەمەن ئازاد ببن لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان: چ لەگەڵ باکوور بمێنن یا نەمێنن، بەتایبەتیش کە حکومەتی عەلی عەبدوڵڵا ساڵح(سەنعا) پێشێلی ڕێککەوتنی یەکگرتنەوەی یەمەن کردووە و، مافەکانی خەڵکی باشوور و بەڵێنەکانی زەوت کردۆتەوە، ئەگەر دەوڵەتی باشوور دابمەزرێتەوە(گەشبینم کە دەیبینین)ئەوە شکستی (یەکگرتنەوەیەکی) دیکەی دوو وڵات، یا دوو هەرێمی عەرەبییە، کە ناتوانن پێکەوە بژین، هەروەکو چەندین ئەزموونی دیکە لە خۆرهەڵاتی ناڤین و باکووری ئەفریقیادا.

جا ئەگەر هیچ ڕژێمێکی عەرەبی نەتوانێ یەکسانی و دادپەروەری لە نێوان خەڵکی عەربدا دابین بکات، ئیتر بۆچی دژی خەڵکی باشووری سوودان و گەلانی دیکەن، کە ناتوانن لە چوارچێوەی ڕژێمە ستەمکارانا بژێن.

# دیموکراسی و مەسەلەی نەتەوایەتی لەتورکیا



فەرید ئەسەسەرد

دوو هەفتە جارێک دەینووسێ

لەوتارێکدا کە رەنگە یەکێ لەباشترین وتارەکانی سەرۆکی تورکیا عەبدوڵڵا گول بێ سەبارەت بەمەسەلەی کورد، زۆر بەراشکاوی باس لەمەسەلەی کوردی تورکیا کرا. ئەگەرچی وتارەکە سەرتاپای بۆ مەسەلەی کورد تەرخان نەکرابوو، بەڵکو ئاماژەی گرنگی بۆ پێویستیی هەڵهێنانی چەند هەنگاوێکی گەورە بۆ پێشخستنی پرۆسەی سیاسی لەخۆ گرتبوو، بەرادەیەك کەهەندێ لەچاودێرەکان وتارەکەیان بەمانفێستی دیموکراسی چوواند، بەڵام ئەو بەشەی کەپێوەندیی بەمەسەلەی کوردەوە هەبوو، شایستەی ئەوەیە کەهەندێ شتی گرنگی لێ هەڵبکرێندرێ.

گول بەراشکاوی دانی بەوەدا نا کەمەسەلەیەك لەتورکیا بەناوی مەسەلەی کوردەوە هەیە. ئەمەش خۆی لەخۆیدا لێدوانێکی گرنگە، بەتایبەتی لەو گۆشە نیگایەوە کە گول دان بەبوونی مەسەلەیەکدا دەنێ کەتورکیا لەساڵی ١٩٢٥ـەوە نکوڵی لەبوونی دەکا. کوردی تورکیا لەسەر زاری سەرۆکی پارتی بەدەپە سەلاحەددین دیمیرتاش بەدڵخۆشییەوە پێشوازییان لەم وتانە کرد و ئومێدی ئەوەیان لێکرد کە لەداهاتوودا بەرهەمێکی گونجاویان لێ بچنرێتەوە.

دکتۆر محەمەد نورەددین، پسپۆری تورکیاناسی لوبنانی، لەبەدواداچوونێکدا کە لە رۆژنامەی «سەفیر» بڵاوکرایەوە، بەنەختێك زێدەرۆییەوە وتارەکەی هەڵسەنگاندو وای بۆچوو کە وتارەکە «نەخشە رێگەیەکە بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی تورکیا».

سەرەرای بایەخی وتارەکە کە لە راستیدا شایستەی پێداهەڵگوتنە، بەڵام ئەو بەشەی کەتایبەت بەمەسەلەی کوردە، دوو تێبینی هەڵدەگرێ. یەکێکیان ئەوەیە کەگول ئاماژەی بۆ پێویستیی چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد کرد. ئەمەش خۆی لەخۆیدا شتێکی گرنگە، بەڵام دەبێ هەمیشە ئەوە لەبەرچاو بێ کەمەسەلەی کورد کێشەیەکە لەنێوان دوو لایەن کە کورد و ئەنکەرەیەو بەبێ رەزامەندیی هەردوولا چارەسەر ناکرێ و هەر پرۆژەیەکی چارەسەر کە گوزارشت لە راو بۆچوونی لایەکیان بکا، نابێ بەچارەسەر. گول لەم خاڵەدا بۆچوونەکانی خۆی بەروونی هەڵنەرشت و رەنگە بەئەنقەست وای کردبێ بۆ ئەوەی پەراوێزێکی بەرینتر بۆ مانۆری سیاسی بۆ خۆی بهێڵێتەوە.

تێبینیی دووەم ئەوەیە کە گول زۆرتر جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە مانەوەی مەسەلەی کورد بەهەڵپەسێردراوی و بەبێ چارەسەر زادەی کەمیی پێودانگە دیموکراتییەکانە. دیارە پێوەندیی نێوان پەرەسەندنی دیموکراسی و چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد پێوەندییەکی پتەوە، بەڵام ئەم پتەوییە ناگاتە ئەندازەی بوونی پەرەپێدانی دیموکراسی بەئەلتەرناتیڤی چارەسەر. سەرەرای ئەوەی کەگول مەسەلەی کورد و مەسەلەی پەکەکەی لێك جیاکردەوە، کەئەمەش لەساڵی ١٩٨٤ـەوە سیاسەتی فەرمیی تورکیایە، جەختی لەسەر هیچ پێوەندییەك لەنێوان مەسەلەی کوردو مەسەلەی نەتەوایەتی نەکرد. بەلای گولەوە، مەسەلەی کورد زۆرتر مەسەلەیەکی کۆمەڵایەتییەو ئەمە هانی دەدا کەمترین دوورایی سیاسیی پێ ببەخشێ.

گومانی تێدا نییە کە دیموکراسی بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد بایەخی خۆی هەیە، بەڵام نە دیموکراسی بەتەنیاو نە پەرەپێدانی لێی رادەبینرێ، رێگەچارەیەکی گونجاو بۆ مەسەلەی نەتەوایەتی بدۆزێتەوە. دیموکراسی لەو روانگەیەوە کە سیستمێکە میکانیزمەکانی دەستاودەستکردنی ئاشتییانەی دەسەڵات و بەشداریی سیاسی رێکدەخا، دەرفەتێکی فراوان بۆ ئازادیی رادەربرین پێکدێنێ. بەڵام مەسەلەی نەتەوایەتی تەنیا بەئازادیی رادەربرین داناکەوێ، بەڵکو لەپاڵ دیموکراسی، زۆرتر پێویستی بەناسینی ناسنامەی نەتەوەیی و هێنانە کایەی ئەو ئامرازە یاساییانە هەیە کە گوزارشت لە ویستی گەل دەکەن.

دیموکراسیی تورکیا لەدیموکراسیی بریتانیا و ئیسپانیا دێرینتر و پێشکەوتووتر نییە. دیموکراسی لەبریتانیا و لەئیسپانیا تەنیا دوای ئەوە چارەسەری کێشەی هەرێمەکانی پێکرا کەناوەند دانی بەناسنامەی نەتەوایەتیی هەرێمەکاندا ناو مافی پێکهێنانی ئەو دامودەزگایانەی بۆ سەلماندن کە گوزارشت لەتایبەتمەندیی نەتەوەیی دەکەن.

مەسەلەی نەتەوایەتی مەسەلەیەکی ئاڵۆزەو بەدڵنیاییەوە تەنیا لەسەر دەستی دیموکراتەکان چارەسەری گونجاوی بۆ دەبینرێتەوە. وتارەکەی گول و پێش ئەویش، چەندین لێدوانی جێ بایەخی کاربەدەستە گەورەکانی تورکیا سەبارەت بەمەسەلەی کورد، مایەی فراوانکردنی پانتایی دایەلۆگێکی قووڵە بۆ دۆزینەوەی فۆرمێکی گونجاو بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد بەشێوەیەك کەپێگەی تورکیای پێ بەهێزتر بێ.

لەراستیشدا هێشتنەوەی مەسەلەی کورد بەبێ چارەسەر لەمپەرێکی گەورەیە لەبەردەم بەئەندامبوونی تورکیا لەیەکێتیی ئەوروپا، چونکە یەکێتیی ئەوروپا هەرگیز تورکیایەك بەئەندام وەرناگرێ کە کێشە ناوخۆییەکانی بۆ ناو ئەوروپا بگوازێتەوە. وەك گول لەوتارەکەیدا وتی، بەرژەوەندیی تورکیا لەوە دایە کە تا زووە مەسەلەی کورد چارەسەر بکا. ئەم مەسەلەیە چەند درەنگتر چارەسەر بکرێ، ئەوەندە ئاڵۆزتر دەبێ و چارەسەرەکەشی دژوارتر دەبێ.

تاریق هاشمی جێگری سەرۆک کۆماری عێراق بۆ گوڵان:

# هەڵوێستی لیستی ئەلعێراقیە ڕوون و ئاشکرایە و لە حکومەتێکدا بەشدار نابین نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی بێت

تاریق بەکر ئەحمەد ئەلهاشمی سەرۆکی حزبی ئیسلامی عێراقییە و جێگری سەرۆك کۆماری عێراقە و یەکێکە لە سیاسەتمەدارە دیارەکانی عێراق لەسەر ئاستی عێراق و دەوڵەتانی عەرەبی و جیهانیش، هاشمی لەگەڵ ئەوەی وەك سەرکردەیەکی سیاسی نوێنەرایەتی عەرەبی سوننە لە عێراقدا دەکات، بەڵام ئەو خۆی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە ناسنامەی عێراقیبوونی پێش ناسنامەی نەتەوەیی و مەزهەبەکەیەتی، لەم دیمانە تایبەتەی گۆڤاری گوڵان لەگەڵ بەڕێز تاریق هاشمی هەوڵمانداوە هەموو ئەو باس و پرسانە باس بکەین کە پێوەندی بەئێستا و داهاتووی عێراقەوە هەیە، هەروەها هەڵوەستە لەسەر پێوەندییەکانی نێوان هاوپەیمانی فراکسیۆنە کوردستانییەکان و لیستی ئەلعراقیە بکەین و ئاماژەش بە پێوەندییەکانی نێوان بەڕێز تاریق هاشمی و بەڕێزان مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و مام جەلال سەرۆك کۆماری عێراق بدەین، ئەمەش دەقی دیمانە تایبەتەکەی گوڵانە لەگەڵ بەڕێز تاریق هاشمی جێگری سەرۆك کۆماری عێراق.



> **نازانم چۆن کوتلەیەکی سیاسی پرۆژەیەک پێشکەش دەکات و دواتر دەخزێتە نێو ئۆپۆزسیۆن و ئەم پرۆژەیە دەخاتە دەست کوتلەی سیاسی دیکە**

**گوڵان:** بەڕێز تاریق هاشمی جێگری سەرۆك کۆماری عێراق، لەبەر رۆشنایی پێشهات و گۆڕانکارییەکانی ئێستادا چۆن سەیری پرۆسەی سیاسی و پاشەڕۆژی عێراق دەکات؟

**تاریق هاشمی:** پێموایە دەرفەتێکی باش هەیە بۆ بونیادنانی عێراقێکی بەهێز و گەشەسەندوو و یەکگرتوو، مەسەلەکە پێوەندەی بەوەوە هەیە تا چەند سەرکەوتوو دەبین لە دامەزراندنی دەوڵەتی یاسا و دامەزراوەکان و پەنا بردنە بەر شەرعیەتی دیموکراسییەت و پێوەرەکانی سلوکی دیموکراسییەت کە لە **٢٠٠٣**ـەوە بەڵێنمانداوە بەدیانبهێنین، بەڵام سەرەڕای بوونی ناکۆکی زۆر لەنێوان پێکهاتەکانی گەلانی عێراق و تەنانەت لەنێوان کوتلە سیاسییەکانیشدا، بەبۆچوونی من پێویستمان بە گرێبەستێکی نیشتمانی هەیە بۆ ئەوەی بتوانین شەراکەتێکی راستەقینە بونیاد بنێین، بە پلەی یەکەم پێوەری دەوڵەتی هاووڵاتیبوون لەبری دەوڵەتی پێکهاتەکان رەچاو بکەین، ئەمە کلیلی چارەسەری هەموو گرفتەکانی عێراقە و ئەم وڵاتە دەخاتە چوارچێوەیەکی دیموکراسی و سەردەمیانە، ئەمەش ئاواتی هەموومانە.

> **بە راشکاوی دەڵێم گفتوگۆکانمان لەگەڵ ئیئتیلافە کوردستانییەکان نەگەیشتۆتە ئاستی ئەو گفتوگۆیانەی کە لەگەڵ دەوڵەتی قانون کردوومانە**

**گوڵان:** هەڵوێستتان لە دووبارە کاندیدکردنەوەی د. نوری ئەلمالیکی بۆ پۆستی سەرۆك وەزیران؟ چییە، ئایا چاوەڕوانی هیچ موفاجەئەیەك لە ئەلعێراقییە دەکرێت؟

**تاریق هاشمی:** نەخێر، چاوەڕوانی هیچ موفاجەئەیەك ناکرێت، بەتایبەتی دوای ئەوەی لیستی ئەلعێراقییە بەیاننامەیەکی روون و ئاشکرای دەرکرد و رایگەیاند مامەڵە لەگەڵ هیچ حکومەتێك ناکەین کە بە سەرۆکایەتی نوری ئەلمالیکی بێت، ئەم بەیاننامەیە وەك تیشکی خۆر روون و ئاشکرایە، هەر بۆیە هەڵوێستی ئەلعێراقییەش لە دووبارە کاندیدکردنەوەی نوری ئەلمالیکی ئاشکرایە.

**گوڵان:** ئەی هەڵوێستی شەخسی

ئێوە؟

**تاریق هاشمی:** بێگومان من ئەمڕۆ یەکێکم لە سەرکردەکانی ئەلعێراقییە و بڕیارەکانی ئەلعێراقییە بە کۆی دەنگ دەردەچێت، رەنگە تەحەفوزات لەکاتی دەرکردنی بەیاننامەکە هەبووبێت، یاخود تەحەفوزات هەبێت لەسەر داڕشتنەوەی زمانەوانی بەیاننامەکە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی وەك پرەنسیپ دوای سێ مانگ لە گفتوگۆی جددی کە تێیدا ئەلعێراقییە ئەوەی لە توانایدا هەبوو نەرمی پیشاندا و چەند پرۆژەیەکی پێشکەش کرد بۆ دووبارە راستکردنەوەی رێڕەوی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق، بەڵام رووبەڕووی رەتکردنەوە و نەبوونی ئامادەباشی و جددییەتی لیستی دەوڵەتی یاسا بۆوە، تەنانەت بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ ئەو پرۆژانەی کە کوتلەی ئەلعێراقییە پێشکەشی کردن، من وەك کەسێك، بەبێ لەبەرچاو گرتنی پێگەی خۆم لە کوتلەی ئەلعێراقییە، گەیشتمە ئەو قەناعەتەی کە لیستی دەوڵەتی یاسا جددی نییە بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی شەراکەتی نیشتمانی، بۆیەش ئەوەی پێویستە لەم هەڵوێستەدا رەخنەی لێبگیرێت، لیستی دەوڵەتی یاسایە نەك لیستی ئەلعێراقییە.

**گوڵان:** ئایا هیچ لایەنەك لە لایەنەکانی ناو کوتلەی ئەلعێراقییە ئارەزووی جیابوونەوەی لەم کوتلەیە هەیە و حەزبکات لەگەڵ لایەنەکانی دیکە هاوپەیمانی گرێبدات؟

**تاریق هاشمی:** پێموایە ئەمانە خەونن و دوورن لە واقیعی حاڵ، لەناو کوتلەی ئەلعێراقییە فرە بۆچوون هەیە، ئێستا ئەم کوتلەیە پێکهاتووە لە زیاتر لە بیست کوتلەی سیاسی، ئەم فرەییە و بوونی بۆچوونی جیاواز لە هەندێك هەڵوێستدا ئەوە ناگەیەنێت کە ئەم کوتلەیە ئەگەری دابەشبوونی لێبکرێت، بەپێچەوانەوە ئەوەی کە زەمانەتی یەکڕیزی ئەلعێراقییە دەپارێزێت و پتەوی دەکات، بریتییە لە بڕوای هەموو ئەندامەکانی بە پڕۆژەکەی، تەنیا باس لە ٩١ نوێنەر ناکەم، بەڵکو باس لە هەموو ئەندامانی کوتلەی ئەلعێراقییە دەکەم، بڕوایەکی پتەویان بە پێویستی گۆڕینی ئەو واقیعە هەیە بەرەو باشتر و بەو پڕۆژەیەی کە ئەلعێراقییە تەبەننای کرد و موژدەی بە هەموو رۆڵەکانی گەلی عێراقدا لەکاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا، من هیچ ترسێکم لە پاشەڕۆژی ئەلعێراقییە نییە، ئێمە لە سەرکردایەتی گوێ لە بیروڕای جیاوازی نێو کوتلەی ئەلعێراقییە دەگرین، ئەندامەکانمان بە هەموو ئازادییەکەوە قسە دەکەن، رەخنە دەگرن و گفتوگۆش دەکەن، بەڵام لە کۆتاییدا هەموویان هەست بە ئارامییەکی دەروونی دەکەن و دڵنیان لەوەی کە لەم کوتلەیەدا رەفتارێکی دیموکراسی هەیە و هەموویان بەشدارن لە دروستکردنی بڕیار و دەزانن چی روودەدات.

**گوڵان:** تاچەند ئەگەری ئەوە هەیە ئەلعێراقییە ببێتە ئۆپۆزسیۆن لە پەرلەماندا؟

**تاریق هاشمی:** ئەم مەسەلەیە لەسەر چۆنیەتی کۆتایی هێنان بە گفتوگۆکان لەگەڵ کوتلە براوەکانی هەڵبژاردن وەستاوە، بەڵام ئەوەی راستی بێت ئێمە ئێستا گرنگی زۆر بە دەسەڵاتی جێبەجێکردن دەدەین نەك دەسەڵاتی یاسادانان (تشریعی) هۆیەکەشی ئەوەیە کە ئەو پڕۆژەیەی لەکاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن تەبەننامان کرد، وا دەخوازێت کە ئێمە لە دەسەڵاتی جێبەجێکردندا بین بۆ جێبەجێکردنی ئەم پڕۆژەیە کە پڕۆژەی گۆڕانکارییە، جگە لەوە نازانم چۆن کوتلەیەکی سیاسی پڕۆژەیەك پێشکەش دەکات و دواتر دەخزێتە نێو ئۆپۆزسیۆن و ئەم پڕۆژەیە دەخاتە دەست کوتلەی سیاسی دیکە، بۆیە پێمانوایە کامڵ بوونی کاری کوتلەی ئەلعێراقییە دوای پێشکەشکردنی ئەو پڕۆژەیە ئەوەیە کە لەدەسەڵاتی جێبەجێکردندا بێت، بەڵام هێشتا زووە بۆ قسەکردن لەم مەسەلەیە. چەندین دەسەڵات لە عێراقدا

هەیە و دەسەڵاتی یاسادانان (تشریعی)ی دەتوانێت ڕۆڵێکی چاودێری بگێڕێت کە ســەنگی خۆی هەبێــت و ئەگەر دەسەڵاتی جێبەجێکردن وەك چوار ساڵی ڕابــردوو نەتوانێت خــاوەن بڕیار بێت، هەموو دەسەڵاتێکی یاسادانان دەتوانێت ڕۆڵی چاودێر ببینێت لەسەر دەسەڵاتی جێبەجێکردن.

**گــوڵان:** ئێـوە وەك ئەلعێراقییە هیچ شتێکتان لەگەڵ هاوپەیمانی فراکسیۆنە کوردســتانییەکان بــاس کــردووە کە ڕانەگەیەنرابێت، ئایا گفتوگۆتان لەسەر کارنامەکەیان کردووە؟

**تاریق هاشــمی:** بێگومان هاوپەیمانی فراکسیۆنە کوردستانییەکان کارنامەی خۆیان پێشکەش کردووە کە لە ١٩ خاڵ پێکهاتووە، ئێمەش دیراسەتمان کردووە، تا ئێستا وەڵامێکی ڕەسمیمان نەداوەتەوە و لەوانەیە لە چەنــد ڕۆژی داهاتوودا پێشکەشی بکەین، گفتوگۆمان کردووە، بەڵام بە ڕاشکاوی دەڵێم نەگەیشتووەتە ئاستی ئەو گفتوگۆیانەی کە لەگەڵ لیســتی دەوڵەتی یاســا کردوومانە، زۆر لە کوتلەکانــی دیکەش پرۆژەیان پێشــکەش کردووە و هەموویان لەسەر ئەوە کۆك بوون کە باشــترین چارەسەر بــۆ پێکهێنانــی حکومــەت ئەوەیە لەنێــوان دەوڵەتی یاســا و ئەلعێراقییە پێکبهێنرێت، بۆیە هەردوو ئیئتیلافەکە گفتوگۆیان لەنێوان خۆیاندا چڕ کردەوە، بەڵام ئێســتا دوای تێپەڕبوونی ســێ مانگ و دەرکەوت ئــەم گفتوگۆیانە نەزۆکن و هیــچ ئەنجامێکیان نەبوو، پێموایە لەمەودوا زیاتر جەخت لەســەر گفتوگۆی جــددی دەکرێتەوە لەگەڵ هاوپەیمانی فراکسیۆنە کوردستانییەکان یــان لەوانەیــە لەگــەڵ هاوپەیمانی نیشــتمانی عێراقی، ئێمە وەك لیستی ئەلعێراقیە شــتێکی شــاراوەمان نییە، ئاگادارین لە هەســتیاری هەندێك لە مەسەلەکان کە لە بڕگەکانی کارنامەی هاوپەیمانی فراکسۆنە کوردستانییەکاندا هاتووە، هەر بۆیە بەجددی و بە دڵێکی کــراوە مامەڵەیان لەگەڵــدا دەکەین، بۆئەوەی بگەینە چەند خاڵێکی هاوبەش کە یارمەتی هەمــوو لایەك دەدات بۆ پێکهێنانی حکومەت بەبێ ئاستەنگ.

**گــوڵان:** ماوەیەك لەمەوبەر ســەرۆك مســعود بارزانی دەستپێشــخەرییەکی ڕاگەیاند، ئێوە چۆن ئەم دەستپێشخەرییە لێك دەدەنەوە و چۆن هەڵیدەسەنگێنن بۆ ئەوەی لایەنەکان بگەنە ڕێککەوتنێك بۆ پێکهێنانی حکومەتی داهاتوو؟

**تاریق هاشــمی:** بەر لــەوەی باس لەم دەســتپێخەرییە گرنگە بکەم، دەمەوێ لە ڕێگەی گۆڤارەکەی ئێوەوە سوپاسی برای بەڕێزمان مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمــی کوردســتان بکەم بــۆ ئەو هەڵوێستەی، بەر لەماوەیەك لەرێگەی دکتۆر بەرهەم ساڵح سەرۆکی حکومەتی هەرێمەوە هەواڵی ئەوەم پێگەیشــت کە هاوپەیمانی فراکسیۆنە کوردستانییەکان پشــتگیری لە کاندیدکردنەوەی دکتۆر نــوری ئەلمالیکــی ناکاتــەوە تا ئەو کاتــەی ئەلعێراقییــە و ئەنجومەنی باڵا پشــتگیری نەکەن، ئەم هەڵوێستە بەڵگــەی ڕاســتی بیروبۆچوونەکانی ســەرکردایەتی هەرێمی کوردســتانە ســەبارەت بە پێکهێنانی حکومەتێکی یەکێتی نیشــتمانی کە هەموو لایەك تێیدا بەشــدار بــن و دواڕۆژی عێراق دەخاتە قۆناغێکی نوێوە، ئەم هەڵوێستە مایەی سوپاسگوزاری ئێمە و نیشانەی هەســت کردنە بە بەرپرســیاریەتی لە قۆناغێکی سەختی عێراقدا و نیشانەی ســەرکەوتنی ســەرکردایەتی هەرێمە لە یەکلایــی کردنەوەی هەڵوێســتیان لەسەر مەســەلەیەکی زۆر گرنگ کە مایەی ناکۆکییە بەتایبەتی لەم قۆناغە ناسکەدا.

**گوڵان:** لایەنە سیاسییەکانی عێراق ڕوو لەهەرێمی کوردســتان دەکەن بۆ ئەوەی دیدو بۆچوونەکانی ســەرۆك مســعود بارزانــی دەربــارەی دواڕۆژی عێراق بزانن، ئێوە ڕۆڵی ســەرۆك بارزانی لە عێراقدا چۆن دەبینن؟

**تاریق هاشــمی:** دەستپێشخەرییەکەی سەرۆك بارزانی زۆر گرنگ و لەجێیە، من ئەوەی بۆ ئیزافەی دەکەم کە چۆن بتوانین لەســەر ئەم دەستپێشــخەرییە بڕۆین لەرێگەی کارێکی موئەسەساتی کە هەموو لایەنــە جیاوازەکانی عێراق کۆبکاتەوە، ئەو ئیشــکالیەتەی ئێستا دروســتبووە لە دووبارە کاندیدکردنەوەی بەڕێز مالیکییە، لەلایەن دەوڵەتی قانون و سەدرییەکانەوە و ئەو ناکۆکییەی کە لەنێــوان دەوڵەتی یاســا و هاوپەیمانی عێراقی نیشتماندا هەیە، لەوانەیە ببێتە هۆی ئەوەی جێبەجێکردنی ئەو پێشنیارە زەحمەت بێت، چونکە ئیشــکالیەتەکە لەوەدایە کە ئێســتا هەمــوو لایەنەکان یەکســان نیــن، ئەمــڕۆ پاڵێوراوێك لەلایەنێك دەبێت و کەســانی دیکە دەبن دژی دەوەســتنەوە، بۆیــە داواکردن بۆ دانیشــتنی نوێنەرانی هەرچوار لایەنە سەرکەوتووەکە لەسەر مێزی گفتوگۆ تا ڕاددەیەکی زۆر بووەتە کارێکی زەحمەت، بەڵام پێموایە دەستپێشــخەرییەکە زۆر باشــە و دووپاتی دەکاتــەوە کە بەڕێز مســعود بارزانی هەوڵی کۆکردنەوەی هەموو عێراقییەکان دەدات بە ئامانجی گەیشــتن بەچەند خاڵێکــی هاوبەش، من دڵنیام لەوەی ئەگەر سەرکردایەتی کوتلــە سیاســییەکان لەکاتێکی زوودا کۆبوونەوەیان ئەنجامدابا، ئەوا دەگەیشتن بــە چەند چارەســەرێکی خێرا بۆ ئەو تەنگژەیەی ئێســتا هەیە، بەڵام دیارە دوو قۆڵییــەکان وەك پێویســت نەبوون بــۆ پێگەیاندنی پرۆژەی پەلە کردن لە پێکهێنانی حکومەت.

هەرچەندە من ســەردانی کوردســتانم نەکرد، بەڵام سەردانەکان زۆر باش بوون، سەبارەت بە کوتلەی ئەلعێراقییە د.ئەیاد عەلاوی و ڕافع عیساوی چەندین جار ســەردانی هەرێمیان کــرد و ئەنجامی ســەردانەکانیش هاندەر بوون، بێگومان ئەم هەڵوێستەی ســەرۆك بارزانی لەم کاتە ناسکەدا دووپاتی ئەو قسانەیە کە لە دیدارەکانی سەرکردەکانی ئەلعێراقییە بیســتوومانە لەبەڕێز سەرۆك مسعود بارزانــی، گرنگیدانی سیاســەتمەدارە عێراقییەکان


**ئەو ئیشکالیەتەی ئەمڕۆ هەیە ئەوەیە کوردەکان دەڵێن دەبێ ماددەی ١٤٠ جێبەجێ بکرێت، بەلای منەوە ئەمە گرفت نییە، بەڵام گرفتەکە لەوەدایە کە ڕێگەکانی چارەسەرکردن جیاوازن کاتێک بەزمانی پێکهاتە قسە دەکەین**

**حەز دەکەم لە پاشەڕۆژدا کوردێك یان مەسیحییەك ببینم یان کەسێکی نیشتمانپەروەر و وشیار پۆستی سەرۆك وەزیران وەربگرێت**

به چاوپێکەوتن لەگەڵ سەرکردایەتی هەرێمی کوردستان دووپاتکردنەوەی رۆڵی نیشتمانی سەرکردایەتی هەرێمە بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتانەی کە عێراق لەسەر ئاستی نیشتمانی رووبەڕوویان دەبێتەوە و ئەوەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەم سەرکردایەتییە تەنیا گرنگی بە هەرێمی کوردستان نادات، بەڵکو گرنگی بە سەرتاسەری عێراق دەدات.

**گولان:** سەدام دیوارێکی دووبەرەکی لەنێوان کورد و عەرەبی سوننەی عێراق دروستکرد، ئێوە وەك سەرکردەیەکی عەرەبی سوننە، بۆچی هەوڵتان نەداوە ئەم دیوارە بشکێنن و خۆتان کردۆتە لایەنێك لەو خراپەکاریانەی سەدام دژی کورد ئەنجامیدا؟

**تاریق هاشمی:** من بەشێکم لەو پێکهاتەی عێراق، خۆشەویستی من بۆ کورد هیچ لە خۆشەویستی من بۆ عەرەبی سوننە و شیعە کەمتر نییە، بەر لەوەی ئینتیمام بۆ سوننە هەبێت، ئینتیمام بۆ عێراق هەیە، ناسنامەی عێراقیم بەر لە ناسنامەی ئینتیمای مەزهەبی و ئایینی منەوە دێت، من بەو شێوەیە سەیری کورد ناکەم، شایەدی ئەوە دەدەم کە گوێم لە هیچ شتێکی لەم جۆرە لە عەرەبەکان(بە شیعە و سوننەوە) نەبووە بەرامبەر بە برا کوردەکانمان، بەڵام زۆر بەداخەوە مەسەلەی پێوەندی کورد و عەرەب بە شیعە و سوننەوە و بەتایبەتی لەگەڵ سوننەکان بەشێوەیەکی مەنتقی ماقوڵ بەڕێوە نەبران لەسەر بنەمای قوڵ کردنەوەی شەراکەتی نیشتمانی لە یەك وڵاتدا و ئەمەی هەیە روویدا، تا ئێستا هیچ لایەنێکی دیاریکراوی نەزیە و بێلایەن نییە کە ئامادەیی خۆی دەرببڕێت و کار بکات بۆ ئەوەی ئەم ناکۆکیانە کەم بکاتەوە لەنێوان هەرێم و موسڵ یان هەرێم و کەرکوك، من گلەیی لە کورد و عەرەب دەکەم، پێویست بوو لە سەرەتادا هەردوو لا دەست



بــە گفتوگۆی کــراوە و جددی بکەن بــۆ لابردنی هەموو ئــەم ناکۆکیانە با هەموو لایــەك دڵنیابــن ئێمە گیانی دوژمنکاریمان نییە و هەڵگری میراتی هەموو ئەو زوڵمە نین کە پێشــتر دژ بە کورد کراوە، کوردەکان برا و شەریکمانن لە یەك وڵاتــدا، چیمان هەیە هەیانە و چیمان لەســەرە ئەوانیش لەسەریانە، لە دەستووردا باسی ناسنامەی عێراقێتی دەکات نەك ناسنامەی ئایین یان مەزهەب یان نــەژاد، پێموایە ئــەو ناکۆکیانەی ئێســتا هەن پێویســتیان بــە لێکنزیك بوونەوەیەکی دیکە هەیە بە مەبەســتی چارەســەرکردنیان و نەهێشتنەوەیان بە هەڵپەسێردراوی بۆ هەتا هەتایە.

**گــوڵان:** هەندێك لایەنــی ئەلعێراقییە جێبەجێکردنــی مــاددەی ١٤٠ ڕەت دەکەنەوە، وەك سەرکردەیەکی ئەلعێراقییە، دیدو بۆچوونت چییە بۆ جێبەجێکردنی ئەم ماددەیە؟

**تاریــق هاشــمی:** ئەمــە یەکێکە لەو مەســەلانەی ناکۆکیان لەســەر هەیە، بۆچوونێــك هەیە دەڵێ: ئــەم ماددەیە تەواو بووە و بەسەرچووە، لەهەمان کاتدا بۆچوونێکی دیکــە هەیە دەڵێ: مادام ئەم ماددەیە لە دەســتووردا هەیە، ئەوا ماوە و بەســەر نەچووە، با بە بێلایەنی قســە بکەین وەك دەزانن تاریق هاشمی ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو لە تێپەڕاندنی دەســتوور و ڕازی بوون لەســەری لە ســاڵی ٢٠٠٥ بــە مــاددەی ١٤٠ و دەســەڵاتەکانی نێوان ناوەند و هەرێم و یاســای نەوت و گازیشەوە، هەرچەندە ئێمە زۆر تێبینیمان لەســەر دەســتوور هەبوو، مــاددەی ١٤٢ دانرا بۆ ئەوەی پێداچوونەوەیەك بکەین لە چوار مانگی یەکەمــی ٢٠٠٦ نەك لــە ماوەی دوو ســاڵ، بەپێی ماددەی ١٤٢ پێویســت بوو پێداچوونــەوەی هەموو ماددەکانی دەســتوور بکرێت و هیــچ ماددەیەکی ئیستیســنا نەکرد تەنیا هەموارکردنی دەســتوور نەبێت، بۆیە بەر لەوەی باس لە ماددەی ١٤٠ بکەین پێویســتە باس لە ماددەی ١٤٢ بکەیــن، بەر لەوەی بڵێین ماددەی ١٤٠ بوونی هەیە، ئەوا داواکارییــەك هەیە بۆ جێبەجێکردنی و هەندێکی دیکە بڵێن نەخێر بەسەرچووە، من دەڵێم: ئێستاش هەندێك گرفت لەسەر ئــەرزی واقیع هەن، پێموایە کێشــەی کەرکوك پێویستی بە چارەسەرکردنێکی تەوافوقی نیشتمانی هەیە لەسەر مەسەلە ســتراتیژییەکان لەپێنــاو بەرژەوەندی باڵای عێــراق، وردەکارییەکانی ماددە دەســتوورییەکە زۆر گرنگ نین، ئەم ماددەیە لەسەر ئەساسی مادەی ٥٨ی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت دانراوە کە ناوچەی دیکەشــی دەگرتەوە و تەنیا باســی کەرکوکی نەکردووە، ئەمەش بۆ هەموو لایەك ئاشکرایە، ئەوەی گرنگە بەلای منەوە بە دەست هەندێك کێشەوە دەناڵێنین کە پێویســتیان بە چارەسەری تەوافوقی نیشتمانی هەیە و لە پێشەوەی هەموویشیان کێشەی کەرکوك، پێویستە بە هەر شێوەیەك بێت چارەسەر بکرێت. ئەو ئیشکالیەتەی ئەمڕۆ هەیە ئەوەیە کــوردەکان دەڵێن دەبێ ئــەم ماددەیە جێبەجێ بکرێت، بــەلای منەوە ئەمە گرفت نییە، بــەڵام گرفتەکە لەوەدایە کە ڕێگەکانی چارەســەرکردن جیاوازن، کاتێك بەزمانی پێکهاتە قســە دەکەین، کوردەکان بیروبۆچوونــی دیاریکراویان هەیە بــۆ چارەســەرکردنی، بەهەمان شێوە عەرەبیش بیروبۆچوونیان هەیە کە جیاوازە لەگــەڵ بۆچوونی کوردەکان، هەموو لایــەك کۆکن لەســەر ئەوەی کە کێشــەیەك هەیە بەناوی کەرکوك، پێویســتە ئەم کێشــەیە بــە لێکنزیك بوونەوەیەکــی نوێ دیراســەت بکرێ، نابێ ئەم کێشــەیە بەو شێوەیە بمێنێتەوە و پێویســتە بە تەوافوقێکی نیشتمانی چارەسەر بکرێت بۆ ئەوەی ڕوو بکەینە ئاوەدانی و گەیشتن بە کاروانی وڵاتانی گەشەســەندوو و پێشکەوتووی جیهان، من لەســەر وردەکارییەکان ناوەستم کە ماددەیەکە ماوە یان بەسەرچووە، بەڵکو دەڵێم کێشــەیەك هەیە و پێویســتی بە چارەسەرە.

**گوڵان:** ئەو پۆســتە چییە کە دەتەوێ وەریبگــری لە حکومەتــی داهاتووی عێراقدا؟

**تاریق هاشــمی:** ئەم مەسەلەیە حەساسە کاتی خۆی لێدوانێکمدا دابوو و وتبووم پێویســتە ســەرۆکی عێراق لەخولی داهاتوودا عەرەب بێت و مشتومڕێکی زۆریشــی نایەوە، دواتریش میدیاکانی کوردســتان زیاتریان باس کرد و ئەوەی من نەموتبوو ئەوان وتیان، چونکە من نەموتبوو عەرەبی ســوننە بێت، وتبووم عــەرەب بێت، من بە هیچ شــێوەیەك نەموتبوو کورد مافــی خۆ پاڵاوتنیان نییە بۆ ئەو پۆستە، من وتوومە پێویستی عێــراق بە پێوەندییەکی باشــە لەگەڵ وڵاتانی عەرەبیدا، دابینکردنی ئەمن و ئاسایش وا دەخوازێت سەرۆکەکەی بۆ چوار ســاڵی داهاتوو عەرەب بێت، نە زیاترم وتبوو نە کەمتر، من ئێســتاش بــڕوام بەوە هەیە هــەر هاووڵاتییەکی عێراقــی مافــی هەیە ئەم پۆســتە وەربگرێــت، هۆکاری ئەم لێدوانەشــم بریتی بوو لە:

یەکەم: ئێران ســتراتیژییەتێکی هەیە تایبەتە بە عێراق و ئاسایشی عێراقیش زۆر گرنگە، من زۆر گفتوگۆم لەگەڵ ســەرکردە عەرەبەکاندا کردووە دەربارەی ئەم مەسەلەیە.

دووەم: ئەوەیە کە دەستاودەســتکردنی ئاشتیانەی دەسەڵات ڕوودا.

ســێیەم: دەرچوونە لە موحاسەسە بە هەموو شێوەکانییەوە.

ئەگەر ئەمڕۆ سەرکردەیەکی کورد بڵێت پۆستی سەرۆك کۆمار ئیستیحقاقێکی نیشــتمانییە و سازشی لەسەر ناکەین، ئەمە چی دەگەیەنێت لە کاتێکدا ئێستا کێشەی ســەرۆك وەزیران زۆر گەورەترە لە سەرۆك کۆمار.

کاتێك دەڵێــن ئەلعێراقییە نوێنەرایەتی مەزهەبێك یان پێکهاتەیەکی دیاریکراو دەکات و دواتر دەڵێن ئەم پێکهاتەیە بۆی نییە پۆستی سەرۆك وەزیران وەربگرێت، کێ دەتوانێت ڕێگە لە تاریق هاشــمی یان لە کوردێك یان مەسیحییەك بگرێت ببێت بە سەرۆك وەزیران، ئەمڕۆ کە

**داوای لێبوردن دەکەم کە هەندێك لە ڕۆژنامە و سایتەکانی ئینتەرنێت و سیاسەتمەدارانیش هەندێك قسەیان بەناوی منەوە بڵاوکردووە کە نەمکردبوون**

**ڕاشکاوانە دەڵێم ئەلعێراقییە گوێ لەسەرکردەی وڵاتە عەرەبییەکان دەگرێت و گفتوگۆیان لەگەڵدا دەکات**

**کاتێك یاسای هەڵبژاردنەکانم ڕەت کردەوە، ئەم هەڵوێستەی من بووە هۆی تووڕەبوونی هەندێك وڵاتی نزیك لێمەوە، بەکارهێنانی ڤیتۆ لەلای منەوە بۆ ئەوە وڵاتانە موفاجەئە بوو و چاوەڕێیان نەدەکرد**

**ئێرەیی بەوە دەبەم کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرووی وڵاتانی عەرەبی و جیهان کراوەتەوە و توانیویەتی زۆر لە کۆمپانیا و سەرمایەدارانی بۆ خۆی رابکێشێت، ئێمە لە بەغدا و شارەکانی دیکەی عێراق نەمانتوانیوە هاوشێوەی هەرێم کار بکەین**

بڵێین پێویستە سەرۆکایەتی کۆمار تەنیا بۆ کورد بێت و سەرۆکایەتی وەزیران تەنیا بۆ شیعە بێت و سەرۆکایەتی پەرلەمان تەنیا بۆ سوننە بێت، ئەگەر ئەم سێ پۆستە سیادییە لەنێوان کورد و سوننە شیعەدا دابەش بکرێن، ئەوانی تر وەك تورکمان و کلدان و ئاشووری و سابیئە چییان دەبێت لە کاتێکدا عێراقین، داواکەی من بۆ ئەو مەبەستە بوو کە لە گێژاوی موحاسەسە دەربچین و هەنگاو بۆ کەشی پرۆژەی نیشتمانی هەڵبگرین، بەو پێیەش هەموو عێراقییەکان بۆیان هەیە خۆیان بپاڵێون بۆ هەموو پۆستێك، دەگەڕێمەوە سەر پرسیارەکەت، ئامادەم خۆم بۆ هەر پۆستێك بپاڵێوم گەر عێراقییەکان پێیان وابێت من تێیدا دەتوانم خزمەتیان بکەم و ئەو داواکارییەیان بەجێ دەهێنم و ململانێی کەس ناکەم لەسەر هەر پۆستێك.

**گوڵان:** پێتوایە مەسەلەی موحاسەسە واتە سەرۆك وەزیران بۆ شیعە و سەرۆك کۆمار بۆ کورد و پەرلەمان بۆ سوننە بووەتە عورفێك لە عێراق؟

**تاریق هاشمی:** ئەم شێوازە نابێتە هۆی بونیادنانی دەوڵەتێکی هاوچەرخ، بەشێك لە ئیشکالیەتی دەوڵەتی نوێی عێراق ئەوەیە کە پرۆسەی سیاسی لەسەر ئەساسی موحاسەسە بونیادنراوە، ئەگەر لە سەرەتاوە پشتمان بە پرۆژەی نیشتمانی ببەستبایە و پێوەری دیموکراسیمان کردبایە بە مەحەك لە هەڵبژاردنی کەسایەتییەکان بۆ ئەم پۆستانە، لەجیاتی ئەوەی بڵێین ئەم پۆستە بۆ فلان تائیفەیە یان بۆ ئەویتر، ئەو گرفتانەی ئێستا هەن بوونیان نەدەبوو، هەروەها برایانمان لە ئیئتیلافی نیشتمانی و دەوڵەتی قانون پڕ بەدەنگیان هاواریان نەدەکرد (رێگە نادەین عێراقییە پۆستی سەرۆك وەزیران وەربگرێت، چونکە نوێنەرایەتی ئەم پێکهاتەیە دیاریکراوە دەکات) من لێیان دەپرسم پشتیان بە چ ماددەیەکی دەستوور یان بە چ یاسایەك بەستووە لەم هەڵوێستەیاندا، من حەز دەکەم لە پاشەڕۆژدا کوردێك یان مەسیحییەك ببینم یان کەسێکی نیشتمانپەروەر پۆستی سەرۆك وەزیران وەربگرێت، بەداخەوە زۆر کەس هەن بەشێوەیەکی جددی بیر لە قووڵکردنەوەی فەرهەنگی موحاسەسە دەکەنەوە و گۆڕینی ئەو عێراقەی بە پێکەوە ژیان و برایەتی ناسراوە بۆ لوبنانێکی نوێ، تا ئێستاش لوبنان بە دەست دابەشبوونی سیاسییەوە دەناڵێنێت و رۆڵەکانی لوبنان لە ئێستا و داهاتوودا باجەکەی دەدەنەوە، چونکە مەزهەب و نەژاد هاتوونەتە نێو ژیانی سیاسییەوە، پێویستە ئەم تاقیکردنەوەیەی لوبنان کۆپی نەکەن، داوای لێبوردن دەکەم کە هەندێك لە رۆژنامە و سایتەکانی ئینتەرنێت و تەنانەت سیاسەتمەدارانیش هەندێك قسەیان بەناوی منەوە بڵاوکردەوە کە من نەمکردبوون، کوردەکان خاوەن مێژوویەکی دیار و بەرچاون و تاریق هاشمی ئەو کەسە نییە کە پێوەندییە مێژووییەکانی خۆی لەگەڵ کورد بەتایبەتی لەگەڵ برایانی ئازیز و خۆشەویستمان مسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی بکات بە قوربانی پۆستێکی دیاریکراو، من بەهیچ شێوەیەك لەو کەسانە نیم کە هەڵگری ئەو کلتوورەن، خۆشەویستی برا کوردەکان لە ناخی مندایە، بەڵام من مافی خۆمە ئەو شتە بخەمە روو کە بزانم بەرژەوەندی وڵاتەکەمی تێدایە و ئێستاش دووبارەی دەکەمەوە پاشەڕۆژێکی گەش بۆ عێراقییەکان لە دەرچوون لە موحاسەسەوە دێتە ئاراوە کە ئێستا پرۆسەی سیاسی لەسەر بنیادنراوە.

**گوڵان:** بە هۆی دەستێوەردانی وڵاتانی دەوروبەر بەتایبەتی عەرەبییەکان لە کاروباری ناوخۆی عێراقەوە جۆرە کرانەوەیەك بەدی ناکرێ لە پێوەندییەکانی عێراق لەگەڵیان، ئاسۆی ئەو پێوەندیانە چۆن دەبینی؟

**تاریق هاشمی:** عێراق دامەزرێنەری کۆمەکاری عەرەبییە، یەکێکە لە کۆڵەگەکانی کۆمەڵگەی عەرەبی و رێککەوتننامەی جۆراوجۆری هەیە، لەوانەش رێککەوتننامەی بەرگری هاوبەش کە تا ئێستاش بەردەوامە، بەبۆچوونی من پێویستی ستراتیژی بە عێراق بەتایبەتی پێویستی ئیقلیمی وا دەخوازێت پێوەندی نێوان عێراق و وڵاتە عەرەبییەکان بەهێز بن و بە تێپەڕبوونی کات پتەوتر بکرێن لە هەموو بوارەکاندا، بێگومان دەستێوەردان لە کاروباری ناوخۆی عێراق رەتدەکەینەوە و بەهێڵی سووری دەزانین، بەڵام گفتوگۆش پێویستە، راستیەك هەیە کە دەڵێین ئەلعێراقییە زۆرترین پێوەندی و گفتوگۆی لەگەڵ وڵاتانی عەرەبیدا هەیە، بە راشکاوانە دەڵێم ئەلعێراقییە گوێ لە سەرکردەی وڵاتە عەرەبییەکان دەگرێت و گفتوگۆیان لەگەڵدا دەکات، بەڵام تا ئێستا سەرکردەیەکی عەرەبی بە ئاشکرا و بە نهێنی نەیوتووە ئێوە لە ئەلعێراقییە پێویستە ئەمکارە و ئەوکارە بکەن یان نەیکەن، بەپێچەوانەوەی ئەوەی بینیومە هەموو سەرکردەکانی وڵاتە عەرەبییەکان دەڵێن: پێمان بڵێن چۆن هاوکاریتان بکەین، چی لەسەر ئێمە پێویستە بۆ هاندانی پێوەندییەکانتان لەگەڵ نەیارە سیاسییەکانتان.

دەمەوێ ئەوەتان بەبیر بهێنمەوە کاتێك یاسای هەڵبژاردنەکانم رەتکردەوە، ئەم هەڵوێستەی من بووە هۆی تووڕەبوونی هەندێك وڵاتی نزیك لێمەوە، بەکارهێنانی ڤیتۆ لەلای منەوە بۆ ئەو وڵاتانە موفاجئە بوو و چاوەڕێیان نەدەکرد، ئەوان وتیان پێویستە یاساکە بڕوات و هەڵبژاردنەکان لەکاتی خۆیدا ئەنجام بدرێت، بەڵام بە حوکمی بەرپرسیاریەتی دەستووریی و یاسایی خۆم و بە قەناعەتی خۆمەوە بۆ هەموارکردنی یاسای هەڵبژاردن یاساکەم رەت کردەوە و گوێم بەوە نەدا ئەم وڵاتە تووڕە دەبێت یان تێبینی هەیە، ئێستا هەندێك وڵاتی دراوسێ هەن دەست دەخەنە نێو کاروباری ناوخۆی عێراقەوە، بۆ نموونە ئێران دەڵێ: ئەمریکا گیروگرفتی لەعێراق و ئەفغانستان هەیە و بۆئەوەی ئەم

**تاکە هەڵی سەرمایەگوزاری کوردستانە، لە کوردستانەوە دەست پێ بکەن، چونکە لە هەموو شوێنەکانی دیکەی عێراق ئارامترە**

گرفتانە چارەسەربکرێن پێویستە لەگەڵ ئێران قسە بکەن، ئەمە بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگرە لەسەر دەستێوەردانی ئێران لە کاروباری ناوخۆی عێراق، وڵاتە عەرەبییەکان بەم شێوەیە مامەڵە ناکەن، ئێمە زۆرجار دەڵێین وڵاتە عەرەبییەکان لە ٢٠٠٣ ـەوە وازیان لە عێراق هێناوە و تا ئێستا تەنیا ژمارەیەك لە وڵاتانی عەرەبی باڵیۆزخانەیان لە عێراقدا کردۆتەوە.

**گوڵان:** وەك جێگری سەرۆك کۆماری عێراق ئاسۆی کرانەوەی هەرێمی کوردستان بەرووی وڵاتە عەرەبییەکان و ئەو پێشکەوتنانەی لەساڵانی رابردوو لەهەرێم هاتوونەتە پێشەوە چۆن دەبینی؟

**تاریق هاشمی:** من ئیرەیی بەوە دەبەم کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرووی وڵاتانی عەرەبی و جیهان کراوەتەوە و توانیویەتی زۆر لە کۆمپانیا و سەرمایەداران بۆخۆی رابکێشێت، ئێمە لە بەغدا و شارەکانی دیکەی عێراق نەمانتوانیوە هاوشێوەی هەرێم کار بکەین، دەبینین کاروانی ئاوەدانی و پێشکەوتن و پرۆژەی ستراتیژی وەك کارەبا، پاڵاوگە و فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی لە هەولێر هەیە و بەرەو پێشتریش دەچێت کە مایەی خۆشحاڵی منە، ئەمەش بەڵگەی کاری مەنهەجی و موئەسەساتی و جددییە لە کرانەوە بەرووی جیهان، من یەکێکم لەو کەسانەی کە لەهەموو سیمینار و کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا هەمیشە وتوومە: تاکە هەلی سەرمایەگوزاری لە عێراقدا کوردستانە، لە کوردستانەوە دەست پێبکەن، چونکە لە هەموو شوێنەکانی دیکەی عێراق ئارامترە، وەرن بۆ دهۆك و هەولێر و سلێمانی و سەرمایەکانتان بەگەڕ بخەن، ئەگەر بارودۆخەکە گونجاو بوو ئینجا بەرە بەرە روو لە پارێزگاکانی دیکەی عێراق بکەن، ئەمە پەیامی من بووە بۆ هەموو لایەك.

**گوڵان:** لە دوایین دیدارت لەگەڵ سەرۆك تاڵەبانی باستان لە مەسەلەی پێکهێنانی حکومەت کرد؟

**تاریق هاشمی:** بێگومان بەر لەسێ رۆژ (٢٠١٠/١٠/٢) سەردانی سەرۆك تاڵەبانیم کرد، سەرۆك تاڵەبانی برایەکی ئازیزە سەرەڕای ئەو هەموو شتەی کە وتراوە کە راست نەبوو، پێوەندیم لەگەڵی زۆر باشە و رێز و تەقدیرم بۆ جەنابیان هەیە، لە دوایین چاوپێکەوتنشماندا باسمان لە هەوڵەکانی پێکهێنانی حکومەت و رۆڵی شەخسیی بەڕێزیان لە نزیککردنەوەی سەرکردەی کیانە سیاسییەکان بۆ گەیشتن چارەسەرێکی گونجاو بۆ پێکهێنانی حکومەت بە زووترین کات کرد، بەڵام بێگومان مام جەلال بۆ یەکەم جارە دەڵێ: ئێمە رووبەڕووی قەیرانێکی راستەقینە بووینەتەوە، هۆکارەکەشی ئەو دابەشبوونە بەهێزەی نێوان ئیئتیلافی دەوڵەتی یاسا و هاوپەیمانی نیشتمانی عێراقییە کە کاریگەری لەسەر کوتلەکانی دیکەش هەیە، تەنانەت گفتوگۆکانی نێوانیشیانی ئاڵۆزتر کردووە.

**گوڵان:** ئاسۆی پێوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا چۆن دەبینی؟

**تاریق هاشمی:** خۆشحاڵم لە بەرەو پێشچوونی پێوەندییەکانی نێوان عێراق و تورکیا بە گشتی و کوردستان و تورکیا بەتایبەتی، هەروەها خۆشحاڵم بە بوونی ئەو ژمارە زۆرەی کۆمپانیا تورکییەکان لە عێراق و ئارەزوویان بۆ پتەوکردنی پێوەندی بازرگانی لەنێوان هەرێمی کوردستان و عێراق لەگەڵ تورکیا، لە هەموو سەردانەکانمدا بۆ تورکیا لە کۆبوونەوەم لەگەڵ سەرۆك وەزیران و سەرۆك کۆماری تورکیا و هەم بەرپرسەکانی دیکەش، رەوشی هەرێمی کوردستان لە خشتەی کارەکانی من بووە، بەڵام دەمەوێ ئەوە روون بکەمەوە بەر لە هەر سەردانێکم بۆ تورکیا بەڕێز سەرۆك تاڵەبانی ئاگادار دەکەمەوە، هەروەها پێوەندی بە سەرۆك مسعود بارزانییەوە دەکەم ئەگەر پەیامێکی دیاریکراویان هەبێت بۆ لایەنی تورکی، لە هەمان کاتدا وەڵامی لایەنی تورکیشیان بۆ دەهێنمەوە، ساڵی ٢٠٠٨ کاتێك سوپای تورکیا بەنیازی داگیرکردنی کوردستان بوو، لەناو فڕۆکە بووم لە سعودیەوە بۆ عەمان، سەرۆك بارزانی پێوەندی پێوە کردم و داوای لێکردم تەدەخول بکەم و ڕێڕەوی فڕۆکەکەم لە عەمانەوە بگۆڕم بۆ ئەنقەرە، لەسەر قسەی بەڕێزیان ئەمکارەم کرد و وابزانم رۆڵێکی مێژوویيشم گێڕا بۆ کەمکردنەوەی گرژییەك کە خەریك بوو پێوەندییەکانی تورکیا و عێراق تێکبدات بەهۆی چالاکییە قبووڵ نەکراوەکانی (پ.ك.ك)ـەوە، ئەمە یەکێك بوو لەو کارانەی کە شانازییان پێوە دەکەم و بەشێکە لە تۆماری پێوەندییەکانم لەگەڵ برا کوردەکانم.

لە ساڵی ٢٠٠٧ لەگەڵ عەبدوڵڵا گویل کە ئەو کات وەزیری دەرەوەی تورکیا بوو، بیروبۆچوونی خۆم خستە روو لە چۆنیەتی مامەڵەکردنی تورکیا لەگەڵ کێشەی کورد لەتورکیا و پێوەندییەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان، دوای گفتوگۆ کردن داوای لێکردم چاوم بە سەرۆکی فەرمانگەکان بکەوێت لە وەزارەتی دەرەوەی تورکیا و ئەوەی بە عەبدوڵڵا گویلم راگەیاند بەوانیش رابگەیەنم، بۆیە بۆ ماوەی زیاتر لە کاتژمێر و نیوێك دانیشتن، بیروبۆچوونی خۆم خستە روو دەربارەی رۆڵی ستراتیژی پێوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ کوردستان و عێراق و بۆیانم روونکردەوە کە نابێ تورکیا هەموو گرنگی پێدانی خۆی بخاتە سەر کەرکوك و تورکمان، دەبێ هەموو گرفتەکانی عێراقی لەبەرچاو بێت و گرنگییەکی زۆر بە عێراق بدات لە ئەجێندای سیاسەتی دەرەوەی خۆی، بیروبۆچوونەکانیشم کاردانەوەیەکی ئیجابی هەبوو لەلایەن وەزارەتی دەرەوەی تورکیا، ئەو کارەم بە ویستی خۆم ئەنجامدا و کەس داوای لێنەکردم و لە روانگەی هەستکردنم بوو بۆ مسۆگەرکردنی پاشەڕۆژێکی رووناك لە چوارچێوەی عێراق و

بەر لەهەر سەردانێکم بۆ تورکیا بەڕێز سەرۆک تاڵەبانی ئاگادار دەکەمەوە، هەروەها پێوەندی بەسەرۆک مسعود بارزانییەوە دەکەم ئەگەر پەیامێکی دیاریکراویان هەبێت بۆ لایەنی تورکی، لەهەمان کاتدا وەڵامی لایەنی تورکیشیان بۆ دەهێنمەوە

نابێ تورکیا هەموو گرنگی پێدانی خۆی بخاتە سەر کەرکوک و تورکمان، دەبێ هەموو گرفتەکانی عێراقی لەبەرچاو بێت

دامەزراندنی پێوەندییەکی بەهێز لەنێوان ئێمە و تورکیای دراوسێمان.
**گـــوڵان:** بەم زووانە ســـەردانی تورکیا دەکەی؟
**تاریق هاشـــمی:** بەڵێ ســـەرکردایەتی وەفـــدی عێراقی دەکەم بۆ بەشـــداری کردن لە لوتکـــەی وڵاتانی کۆنگرەی ئیســـلامی، هەروەها پیشـــانگایەکی بازرگانی لەو ماوەیـــە دەکرێتەوە، لەو پیشانگایەشدا ئامادە دەبم و ژمارەیەك سەرمایەدار هاوڕێم دەبن لەم سەردانە.
**گوڵان:** هیچ سەرمایەداری کوردستان بەشدار دەبن؟
**تاریـــق هاشـــمی:** ئیشـــکالیەتێك لە هەڵبژاردنـــی کەســـایەتییەکاندا هەیە، ســـەبارەت بـــە نووســـینگەی خـــۆم ڕاوێژکارەکانم یاوەرم دەبن کە یەکێکیان لە بـــرا کوردەکانە، دڵنیـــام داوەتنامە ئاراستەی کوردستانیش کراوە و پێموایە ئەوانیش بەشـــداری دەکـــەن و ئەگەر ئامـــادەش نەبن بێگومان کوردســـتان بەشێك دەبێت لە وتارەکەم لەگەڵ هاندان بۆ گواستنەوە لە پیشەسازی بچووکەوە بۆ پیشەسازی ناوەند و گەورە.
**گوڵان:** پێوەندیتان لەگەڵ سوریا چۆنە و وەك ڕایەکی شەخســـی پێتوایە سوریا حەز دەکات مالیکی یان عەللاوی ببێت بە سەرۆك وەزیرانی عێراق؟
**تاریق هاشمی:** ســـەرکردایەتی سوریا لـــە ســـەرەتاوە ڕایانگەیانـــد کە هێڵی سووریان لەســـەر کەس نییە و کەسیش ناخەنە پێش کەســـی تـــرەوە، بەڵام لە ڕاستیدا هەســـتیان بە دڵتەنگی دەکرد لە هەڵوێســـتی بەردەوامی حکومەت و تاوانبار کردنی سووریا بە تەقینەوەکانی چوارشـــەممەی خوێناوی، ئەم تاوانبار کردنـــە کارگەرییەکی ســـلبی هەبوو لەســـەر پێوەندییەکانی نێوان ســـووریا و عێراق، ئێســـتا پێوەندییەکان باشترن و چاوەڕوانـــی گەڕانـــەوەی باڵیۆزی ســـووریایین بەم نزیکانە، ئەمەش دەبێتە هـــۆی پەرەپێدانـــی پێوەندییەکان بەرەو باشتر.
**گوڵان:** لـــە ئەلعێراقییە باســـتان لەو پۆستە ســـیادیانە کردووە کە دەتانەوێ وەریان بگرن؟
**تاریق هاشمی:** تا ئێســـتا باسمان لەو مەســـەلەیە نەکردووە لەو ڕوانگەیە کە ئەلعێراقییـــە تەنیا پلانی (□)ی هەیە کە مافی دەســـتووری و هەڵبژاردنی خۆیەتی بـــە پێکهێنانـــی حکومەتە، ئەمـــە کێشـــەی ســـەرەکی و تەوەری سیاسەتی ئەلعێراقییە لەم کاتەدا، بۆیە باســـمان لە پۆستی ســـەرۆك کۆمار و پەرلەمان نەکردووە، من دەڵێم هەڵبژاردن ئەنجامدراوە و ئەلعێراقییە سەرکەوتنی بەدەستهێناوە و پێویستە دەرفەتی پێبدرێت حکومەت پێك بهێنێت، ناڵێم سەرکەوتوو دەبێـــت یان نـــا، ئەگەر ســـەرکەوتوو بوو، ئەوا مافـــی خۆیەتی. ئەگەریش سەرکەوتوو نەبوو، ئەوا سەرۆك کۆمار کەســـێك یا لایەنێکی تر ڕادەسپێرێت بە پێکهێنانی، مەسەلەکە دیارە ئەلعێراقییە مافی خۆیەتی حکومەت پێك بهێنێت، لە ڕاســـتیدا گفتوگۆمان لەسەر هیچ شتێکی دیکە نەکردووە ئەم مافە نەبێت، چونکە جەنگی دەســـتووریمان کۆتایی نەهاتووە و ڕۆژ دوای ڕۆژ پاڵپشـــتی ناوخۆ و دەرەکی بەدەست دەهێنین.
**گوڵان:** زۆر لە چاودێران بە گومانن لە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق، تێڕوانینت بۆ ڕێککەوتننامەی ئەمنی نێوان عێراق و ئەمریکا چۆنە؟
**تاریق هاشمی:** ڕێککەوتننامەکە هەیە و پەســـەند کـــراوە و لایەنی ئەمریکی ناچـــار دەکات بکشـــێتەوە لە کانوونی یەکەمی ٢٠١١، کشـــانەوەی بەشـــێك لـــە هێزەکانیان ماوەیەك بەر لە ئێســـتا ئاماژەیەکە بـــۆ ڕێزگرتنی ئەمریکا لە هەمـــوو بەڵێنەکانی خـــۆی و ئێمەش خۆشحاڵین بەم هەڵوێستەیان، وەك هەر وڵاتێکی دیکە لـــە جیهان لە کۆتاییدا هەر دەبێ عێراق پشـــت بـــە تواناکانی خۆی ببەستێت لە مەسەلەکانی ئاسایش و بەرگری، لەوانەیە ئامادەکردنی سوپا و دەزگا ئەمنییەکانـــی عێـــراق دوا بکەوێت و نەتوانێـــت بەرگری لە خاك و ســـەروەری خۆی بکات بەشێوەیەکی پێویست، چونکە ئێستا هێزی ئاسمانی و دەریاوانـــی لێهاتـــووی نییە، ئەمانە هەموویان ئەوە دەخوازن کە پەلە بکرێت بە ئامادەکردنی هێزە ســـەربازییەکانی عێراق بە چەك و کەرەستەی پێویست.
هەســـت دەکـــەم نیگەرانییـــەك هەیە لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە سەبارەت بە مەســـەلەی پڕ چەککردنی سوپای عێراقـــی، بەڵام ئەگەر ئەمڕۆ ســـوپا ســـالاری عێـــراق و ســـەرۆکی هێزی ئاســـمانی کورد بـــن و لـــە وەزارەتی بەرگـــری و ناوخۆ و لـــە هەواڵگری ژمارەیەکـــی زۆری کورد هەبن، چۆن بڕیارێـــك دەدرێت دژی کورد بێت؟ ئەم ترس و نیگەرانییە بۆچی؟ لە کاتێکدا فـــرە ڕەنگی و مەزهەبـــی و ئیتنی لە عێراق ڕەنـــگ دەداتـــەوە، عێراقێکی لاواز وەسفێکە بۆ عێراق و ناوچەیەکی ناســـەقامگیر، نابـــێ ناخۆشـــی و نەهامەتییەکانی ڕابردوو قەناعەتمان بۆ دروست بکات دەربارەی دواڕۆژ، ئێستا کوردەکان بەشـــدارن لە دروســـتکردنی بڕیاری ئاسایش و بەرگری لە عێراق، بۆیە پێویست بەم مەترسیانە ناکات، من زانیومە کە تەنانەت لە واشنتۆن هەوڵی ئەوە دراوە پڕ چەککردنی سوپای عێراق بـــە فڕۆکەکانـــی (F١٦) دوابخرێت، بەداخـــەوە ئەمە نیگەرانـــی کردم، من هیـــوام دەخواســـت ســـوپای عێراق بە فڕۆکەی (F١٨) پـــڕ چەك بکرێت، چونکە پێشـــکەوتووترە لە (F١٦) لە هەموو ڕوویەکـــەوە، ئەوە پارەی گەلی عێراقـــە بە عەرەب و کورد و تورکمان و هەموو پێکهاتەکانی ترەوە، بۆیە پێویستە چەکـــی پێشـــکەوتوو و نموونەیی پێ بکرێت، پێویســـتە هەموو هەوڵەکانمان بخەینـــە گـــەڕ بـــۆ دامەزراندنـــی دەوڵەتێکـــی بەهێز و دەوڵەتی بەهێزیش مانای دووڕخستنەوەی کوردستان نییە، پێموایـــە برایانی کورد پێویســـتیان بە چەند ئاماژەیەك هەیە بۆ دڵنیاکردنەوە لە هەمان کاتدا پێویســـتە کوردەکانیش چاو بە سیاســـەتەکانیاندا بخشێننەوە و ئەم مەترسی و نیگەرانییەیان نەمێنێت

تا ئێستا جەنگی دەستووریمان کۆتایی نەهاتووە و ڕۆژ دوای ڕۆژ پاڵپشتی ناوخۆ و دەرەکی بەدەست دەهێنین

ئەگەر ئەمڕۆ سوپا سالاری عێراق و سەرۆکی هێزی ئاسمانی کورد بن و لە وەزارەتی بەرگری و ناوخۆ و لە هەواڵگری ژمارەیەکی زۆری کورد هەبن، چۆن بڕیارێک دەدرێت دژی کورد بێت؟

پێویستە هەموو هەوڵەکانمان بخەینە گەڕ بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی بەهێز، دەوڵەتی بەهێزیش مانای دووڕخستنەوەی کوردستان نییە



بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ برا عەرەبەکانیان بەتایبەتی لە ناوچەکانی کەرکوك و موسڵ و دیالا لەسەر بنەمای شەراکەت لە یەك وڵاتدا، کوردەکان توخمێکی رەسەنن لە بونیادی کۆمەڵایەتی ئەم گەلە ئەرك و مافەکانمان یەکە و پەنا بەخوا هیچ ترسێکمان لە دوارۆژ نییە.

**گوڵان:** ئێستا گەلی عێراق دەناڵێنێ بەدەست نەبوونی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکانی ژیان، کەچی بەردەوام گوێبیستی ئەوە دەبین کە رۆژانە نزیکەی دوو ملیۆن بەرمیل نەوت بەرهەم دەهێنرێت، تاکەی ئازار و مەینەتییەکانی ئەم گەلە بەردەوام دەبن؟

**تاریق هاشمی:** هیچ چارەسەرێك بۆ کێشەکانی عێراق نییە لەرووی خزمەتگوزاری، ئابووری، ئەمنی تەنیا پێکهێنانی حکومەتێك نەبێت کە وشیار و کراوە و نەزیە بێت و خەمی خەڵك بە هەند وەربگرێت، بۆیە کوتلەی ئەلعێراقییە سوورە لەسەر گۆڕانکاری، بەبێ گۆڕانکاری هیچ لە خەونەکانی گەلی عێراق نایەنە دی، تەجروبەی چوار ساڵی رابردوو تەجروبەیەکی سەرکەوتوو نەبوو و گەل ئارەزووی ئەوە دەکات چوار ساڵی داهاتوو بە تەواوی جیاواز بن، ئێستا ململانێیەکە لەنێوان کۆپیکردنی چوار ساڵی رابردووە بە هەمان ریتمەوە لەگەڵ ویستێك کە ئەلعێراقییە سەرکردایەتی دەکات لە پێناو پێکهێنانی حکومەتێکی نوێی پاك و نەزیە و خاوەن توانا بێت بۆ بەڕێوەبردنی عێراق و سوود وەرگرتن لە هەموو داهاتەکانی عێراق بۆ خزمەتکردن بە گەل لە خزمەتگوزاری و نەهێشتنی بێکاری و دابینکردنی ئەمن و ئاسایش و پتەوکردنی پێوەندییەکان لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی و وڵاتانی دراوسێ، بەهێزکردنەوەی پێوەندی لەنێوان مەرکەز و کوردستان و چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوك و ناوچە کێشە لەسەرەکان و ئەو گرفتانەی بە هەڵپسێردراوی ماونەتەوە لە ماوەی چوار ساڵی رابردوو.

بۆیە ئێمە لە ئەلعێراقییە تەنیا بە چارەسەری بنەڕەتی و ریشەیی نەبێت، بە چارەسەری تر رازی نابین و موساوەمە ناکەین، عێراق هەموو پێداویستییەکانی سەرکەوتنی بەدەستەوەیە، بەڵام ئەو ستافەی بەڕێوەی دەبات نەیتوانیوە وەکو خۆی بەکاریان بهێنێت لەپێناو گەشەکردنی عێراق و رزگاربوون لە مەینەتییەکانی.

# میدیای کوردی و پەیماننامەی شەرەف



**بەهات حەسیب قەرەداخی**

تویژەرو مامۆستای راگەیاندن

پەیماننامەی شەرەفی کاری رۆژنامەوانی، ئەو بەربەستە ئەخلاقییەیە کە رێ لە کەف و کوڵە دەروونییەکان و ئەنگێزە نابەجێکانی تاکی رۆژنامەنووس دەگرێ و جۆرە سانسۆرێکی خودییە، تاك خۆی لەسەر خۆی دایدەنێ، بۆ ئەوەی سنووری ئازادییەکانی خۆی بزانێ و پێ نەنێتە نێو سنووری ئازادیی تاکەکانی تری نێو کۆمەڵگەوە . بەم مانایە، من بڕوام وایە بەمۆرکردن و واژۆکردنی پەیماننامەی شەرەفی کاری رۆژنامەوانی، رۆژنامەنووس خۆی دەخاتە ژێر بارێکی ئەخلاقیی گرانەوە و تارادەیەکی زۆریش لادانە ئیتیکییەکان و بەزاندنی سنووری ئازادی و مافی ژیانی شەخسیی تاکەکان کاڵ و کەم دەبنەوە .

بەڵام لێرەدا پرسیار ئەمەیە : ئایا پەیماننامەیەکی لەمجۆرە تاچەند پێویستە بۆ میدیای کوردی ؟ بەبڕوای من ئەگەر پەیماننامەی شەرەف بۆ رۆژنامەنووسانی وڵاتانی تر یەك جار گرنگ بێ، ئەوا بێ شك بۆ ئێمەی کورد، لەم ساتە وەختەدا سەد جار گرنگترە . چونکە ئێمە، بەداخەوە، سەرەتایەکی خراپمان دەستداوەتێ و ئەگەر زوو چارەی نەکەین، چەند ساڵێکیتر کار لەکار دەترازێ و پەتای ئەم بێ سەروبەری و فەوزایە بەجۆرێك تەشەنە دەکات کە ئیدی مەحاڵە بە ئاسانی چارەبکرێت . هەر لەبەر ئەو سەرەتا خراپەیە کە لەنێو کایەی رۆژنامەوانی و میدیاکاریی کوردیی ئەم هەرێمەدا، کەڵچەرێك ( فەرهەنگێکی ) تاعوون ئاسا، بەخێراییەکی سامناك و کوشندە بڵاو بۆتەوە و جێی بەهەموو بەها و نەریت و پێوەرەکانی پێش خۆی لەق کردووەو کردوونییەتە دەرەوەی کایەکە ! مەبەستم فەرهەنگی ( هەموو راستیەکان لای منە و تۆش هەمووگیانت هەڵەو چەوتییە ) ( من فریشتەم و تۆ شەیتان ) ( من دەستپاکم و تۆ گەندەڵ ) ( من نیشتمان پەروەرم و تۆ ناپاك و بەکرێگیراو ).

سامناکترین دەرهاویشتەکانی زاڵبوونی ئەم ( فەرهەنگە ـ پەتایە ) ئەمەیە کە، زۆربەمان ئامادە نیین گوێ لەوانی تر بگرین . زۆربەمان ئامادەنین، لەبریی وشەی زبر و توندو تەوس و جوێندان، بەزمانی گوڵ و دۆستانە قسە لەگەڵ بەرامبەرەکانمان بکەین . خواست ومەیلی شکاندن و سڕینەوەی بەرامبەرەکانمان تەواوی پانتایی بیرکردنەوەو داڕشتنمانی تەنیوەو جێی بە رەخنەی جیددی و زانستیانەو دڵسۆزانە لەق کردووە !

ئایا لە رەوش و هەلومەرجێکی وەهادا، رۆژنامەنووس و میدیاکاری ئەم هەرێمە سازو ئامادەیە بۆ داڕشتن و مۆرکردنی پەیماننامەیەکی شەرەفی کاری رۆژنامەنووسی ؟ ئاخۆ لەتوانایدایە تا سەر، پابەندی وەها پەیماننامەو گرێبەستێکی ئەخلاقی بێ ؟

بەبڕوای من نەخێر ! ئەگەرچی رەنگە داڕشتن و تەنانەت مۆرکردنیشی زۆر سەخت نەبێ بەڵام پابەندبوون پێوەی و وەك پێویست پیادەکردنی، کارێکی زۆر سەخت و دژوارە، چونکە نەوەیەکی بەرفراوانی میدیاکارو رۆژنامەنووس و نووسەر و تەنانەت خوێنەریش، لەم ١٠ ساڵەی دواییدا، کە پەروەردەو گۆشکراوی ئەو جۆرە فەرهەنگەین، بەداخەوە بووینەتە بەڵایەك و یەخەی ئەم میللەتەمان گرتووە. زۆربەمان لەسەنگەرداین بۆ هەموو ئەوانی تر ! زۆربەمان بەم کەڵچەرە گۆشکراوین و بەم پێوەرانە راهێنراوین وپەروەردەبووین، ئیتر ئێستا چۆن پێمان قبووڵ دەبێ هەروا کتوپڕ هەموو ئەو فەرهەنگە فەرامۆش بکەین و سانسۆرێکی ئەخلاقیی توند لەسەر خۆمان دابنێین !؟

گەڵاڵەکردن و داڕشتنی پەیمانامەیەکی شەرەف بۆ کاری رۆژنامەنووسی و میدیاکاری لە هەرێمی کوردستاندا زەرورەتێکی مێژوویيەو ئیشێکی فرەجەمسەرە و بە بڕوای من بۆ سەرخستنی پرۆژەیەکی وەها گرنگ، دەبێ جگە لە سەرنووسەر و رۆژنامەنووسە دیارو بەئەزموونەکانمان، هەم کەسانی پسپۆر و ئەکادیمیی بواری ئیتیکی کاری رۆژنامەوانی و کۆمەڵناس و دەروونناس و یاساناسی نێوخۆیی و هەم هەندێ دەزگای میدیاو راوێژکاریی ئەوروپایی (بەتایبەتی ئەسکەندناڤی ) بەشدارییان پێ بکرێ، بۆ داڕشتنی رەشنووسێکی ئەو پەیماننامەیە، پاشان پێویستە بخرێتە بەردەس و چاوی زۆرترین ژمارە لە رۆژنامەنووس و میدیاکاران بۆ گفتوگۆو دەوڵەمەندکردنی، دواتر راپرسییەکی لەسەر بکرێ لە نێو دەزگاکانی راگەیاندندا . دواجاریش پاڵپشتێکی یاسایی لە پەرلەمانەوە بۆ دەربکرێ و ئینجا لە رێوڕەسمێکی شایستەدا رابگێنرێ . بۆ پیادەکردنیشی پێویستمان بە کارێکی سەخت و درێژخایەن هەیە لەسەر دوو ئاست : یەکەمیان لەنێو خودی رۆژنامەنووسان و میدیاکاران و دەزگەکانیاندا، ئەویش بە سازکردنی ۆرکشۆپی راهێنان و هۆشیارکردنەوەی بەردەوامیان بە سەرەتا و بنەما ئەخلاقییەکانی کارو پیشەکەیان و سەرنجراکێشان و سزادانی ئەوانەشیان کە لادانی ئەخلاقییان لێ دیاریدەدا.

ئاستی دووەمی کارکردنیش لەناو جەماوەردا دەبێ، لەڕێی میدیاکانەوە، لەڕێی پەروەردەو فێرکردنەوە، دەبێ و خەڵك و جەماوەر و نەوەی نوێ بە فەرهەنگی لێبوردەیی و یەکتر قبوڵکردن گۆشبکەین و لەسەر بنەماکانی پاراستنی کەرامەت و ئازادییەکانی تاك و بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەنی رایانبێنین . ئەوسا لەلایەك میدیاو رۆژنامەوانیی کوردی لەو پاشاگەردانی و فەوزایە رزگاریان دەبێ و شوێن و پێگەی شایستە بەخۆیان دەسێننەوە، لەناو پرۆسەی بەدیموکراسی و بە دامەزراوەییکردنی ئەم کیانە سیاسی و ئیدارییەماندا . لەلایەکی تریشەوە، هێدی هێدی دەبینە خاوەنی خەڵك و جەماوەرێکی هۆشیارو بەپەرۆش بۆ ماف و دەستکەوت و پەرژەوەندییەکانی خۆی، بەرپرس لە پاراستنی کەشوهەوای ئازادیی رادەربڕین !

# ئازادی دەربڕین وەک مافێکی مرۆڤ



کنێر عەبدوڵڵا

راگەیاندننامە و پەیماننامەکان لەسەر ئاستە نێودەوڵەتی و هەرێمی و نیشتمانییەکاندا نکۆڵی لەوە ناکەن کە مافەکانی هاوڵاتی و ئازادییە بنچینەییەکانی وەك گشت، مەسەلەیەکە شایستەی دابەش بوون نییە، بەو واتایەی هەموو مافەکانی هاوڵاتی پێویستی بە رێزگرتن و ئاوڕلێدانەوە و پاراستن هەیە .هەروەك چۆن مافی رادەربڕین و گوزارشتکردنی مرۆڤ لە گشت وڵاتان و ئەو کۆمەڵگەیانەی رێز و پارێزگاری لە مافەکانی مرۆڤ دەکەن، بۆتە گرنگترین مافەکان، لەو روانگەیەی وەك مافێکی جێگیر و رەسەن، پێویستی بە دانانی هیچ کۆت و کەلاخستنێك نییە، تەنها ئەوە نەبێت کە یاساکان و سستم و ئادابە گشتییەکان دەیسەپێنن.

ئازادی دەربڕین: بە مانای ئازادبوون دێت لە گوزارشتکردنی بیروڕاو تێروانینەکان لە رێگەی ئاخاوتن یان نوسین یاخود کارێکی تەکنیکییەوە بە مەرجێك ئەو شێوازو گوزارشتکردنە بەشێوەیەك نەبێت سەرپێچی لێبکەوێتەوە بۆ یاسا و نەریتەکانی دەوڵەت، هاوشێوەی هەندێ لە جۆرەکانی تری ماف و سنورەکان وەك مافی ئازادی پەرستن و رۆژنامەگەریی و خۆپیشاندانە ئاشتییەکان کە رێگەیان بە ئازادی رادەربڕین داوە . بێگومان سنوردارکردنی ئازادی رادەربڕینیش بە یەکێك لە مەسەلە ئاڵۆز و شێوا و هەستیارەکان دادەنرێت، چونکە ئەو سنوردانانەی کە دەوڵەت یان ئەو لایەنانەی رێگەی پێ دەدەن، دەشێت بە پێی بارودۆخی ئەمنی و رێژەی دانیشتوان گۆڕانکاری بەخۆوە ببینێ بۆ بنەچە و تیرە و ئاینە جۆربەجۆرەکانی لەناو دەوڵەت یان کۆمەڵەیەکدا دەژین، هەندێ جاری دیکەش دەشێت بارودۆخی دەرەوە چوارچێوەی دەوڵەت یان کۆمەڵەیەك رۆڵ بگێڕن لە گۆڕینی سنوری ئازادییەکان . کەواتە پێشێلکردن و قۆرغکردنی ئەم مافە کە کۆڵەکەیەکی بنچینەی دیموکراسییە، مافی هیچ کەس و لایەنێك نییە و گرنگە بە پێی یاسا لێپێچینەوە لەگەڵ هەموو کەس و لایەنانەدا وەك یەك بکرێت. چونکە دواجار سەرچاوەی کێشەکە لە زەوتکردن و سزادانی تاکە هاوڵاتییەکدا نییە ژن بێت یان پیاو، فڵان بێت یان فیسار، بەڵکو سەرچاوەی سەرەکی کێشەکە لە پێواری دیموکراسیدا خۆی دەبینێتەوە لە کۆمەڵگەدا کە رێزنەگرتن لەو مافە هەڕەشەیەکی گەورەیە لەبەردەم بەرهەمهێنانی ئەقڵ و مەعریفە و بیرورا و گەشە و داهێنان و پەرەپێداندا لە کۆمەڵگە رۆژهەڵاتییەکاندا بەگشتی، ژنان باجی یەکەمی قوربانییەکانی ئەم مەسەلەیە بوون، چونکە هەمیشە کاتێك وەك مرۆڤێکی پلە دوو مامەڵەی لەگەڵدا کراوە، قبوڵی رێگریکردنی نەکردووە لە مافەکانی و دەنگی نارەزایەتی بەرزکردۆتەوە بە نموونەی قسەکردنی لەسەر خۆشەویستی، دیاریکردنی چارەنووسی خۆی لەلایەن خۆیەوە،داکۆکیکردن لە مافەکانی، رەتکردنەوەی بەزۆر بەشودانی و گەورە بە بچوك و فرەژنی و شیربایی و بنەتۆ وسەرجەم جیاوازییەکانی تر، لە رووی ئابوری، سیاسی، دەروونی،کۆمەڵایەتی و یاسایی و ئاینییەوە .دەرئەنجام بۆتە هۆی کوشتن و سوکایەتیپێکردن و شێواندن و تۆقاندنی . بۆیە دواجاریش مانەوەی ئەو دۆخە وەك خۆی یان بە سیاسەتکردنی ئەو مافە هەڕەشەیە بۆ خودی پرۆسەی دیموکراسی راستەقینە، چونکە دیموکراسی بێ بوونی ئازادی دەربڕین مەحاڵە و بگرە خودی پرۆسەکە هێزێکی جوڵێنەری بنچینەییە لە پێناو گەشەکردن و داهێنان و گۆڕانکاری نوێدا.

Kner_abdullah@yahoo.com

# حزبە سیاسییەکان چەند پێشبکەون، هـــ

# کۆنگرە وێستگەی خۆنوێکردنەوەی






((حزبە سیاسییەکان بەگرنگترین دامەزراوەی نێو پرۆسەی سیاسیی وڵات و پرۆسەی بونیادی دیموکراتی لەکۆمەڵگە دادەنرێن، حزبە سیاســییەکان چەمکی بەشـداری و دامەزراوەکان پێکەوە بەرجەســتە دەکەن و هاوســەنگی نێوانیان رادەگرێت، حزبە سیاســییەکان بەجیاوازی پێکهاتەو هەمەجۆریانــەوە، تەنیا بایەخیــان ئەوەندە نییە کە لەهەڵبژاردنەکانــدا لەگەڵ یەکتری ململانێ دەکەن، بەڵکو حزبەکان بزووێنەری ئەو هێزە کۆمەڵایەتیانەشن کە بەشێوەیەکی بەردەوام و بێ پچڕان گیان دەکەنەوە بەبەری دیموکراتیدا، تەنانەت هەتا ئەو کەسانەشی تائەوپەڕی خۆیان بەدیموکراتی دەزانن پێویســتیان بە بنکەیەکی رێکخستنی جێگر و ســەرچاوەی هەمەجۆر و چوارچێوەیەکی یاســایی هەیە لەنێو پرۆسە سیاسییەکەدا، حزبەکان پێوەندی نێوان سەرکردەکان و ئەندامانی حزب ئاســان دەکەن و رێگەچارەکان بەپێی بەرژەوەندییەکانی هاووڵاتیان پێناســە دەکەنەوەو بەســادەیی دەیخەنە بەردەستی هاووڵاتیان، هەربۆیە چەندی حزبە سیاسییەکان لە کۆمەڵگەدا پێشبکەون، دەبینن کۆمەڵێك لە سوودە غەیرە سیاسییەکانیان لــە کۆمەڵگە دەردەکەون، وەك کارابوونی چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان و فەراهــەم بوونی دڵنیایی و دانپێدانان بەئیتنی و ئایینە جیاوازەکان لە چوارچێوەیەکی یاساییدا دێتە ئاراوە)).

مایکل جۆنستۆن

## ـــێزە كـۆمەڵاتییەكان بـاشتر كـارا دەبن

# حـزب بـۆ پێـشهاتـەكانی داهـاتوو



**بروس وڵسن بۆ گوڵان:**

# کۆنگرەی پارتی کرێکاران لەبەریتانیا، کۆنگرەیەکی بەواتا و مەبەستدار بوو، ئەوەش کۆنترۆڵ و سەرکردایەتیی پارتەکەی سەلماند



**سیستمی دیموکراتی نوێنەرایەتی پێویستی بەحزبە سیاسییەکانە بۆئەوەی بەئەرکی نوێنەرایەتیکردن لەکۆمەڵگە هەڵبستن**

باسکردنی حزب و بەدواداچوونی ئەو مەسەلانەی پەیوەستن بە حزبی سیاسییەوە، باسکردنی حزبی سیاسییە لەکۆمەڵگەی دیموکراتی و هەڵوەستەکردنە لەسەر ئەو ئاستەنگ و تەحەددیانەی رووبەڕووی حزبی سیاسیی لە کۆمەڵگەی دیموکراتی دەبنەوە، هەروەها لەم راپۆرتە حزبی سیاسیی بەو شێوازەی پرۆفیسۆر مایکل جۆستۆن ئوستادی زانستی سیاسەت لەزانکۆی کۆلگەیت(Colgate) ئاماژەی پێکردووەو بە گرنگترین دامەزراوەی لەپرۆسەی سیاسیی و پرۆسەی بونیادی داناوە، باس لە بایەخ و گرنگی حزبی سیاسیی دەکات، هەر بۆیە لەم روانگەیەوە زیاتر هەڵوەستە لەسەر چەند لایەنێك دەکەینەوە:

١- ئامادەباشی حزبی سیاسی بۆ ئەوەی بتوانێت لەناو ئەو پرۆسە گرنگە(پرۆسەی سیاسی و پرۆسەی بونیادی دیموکراتی) رۆڵی خۆی بگێڕێت.

٢- ئەو رۆڵەی حزبی سیاسیی دەیگێڕێت لەکاراکردنی هێزە کۆمەڵایەتیەکان و زیادکردنی چالاکی هاووڵاتیان بۆ چۆنیەتی بەشداریکردن لە پرۆسەی سیاسیی و پرۆسەی بڕیار دروستکردن لە کۆمەڵگەدا.

ئەم دوو خاڵە سەرەکییە کە بەشێوەیەکی گشتی خستمانەڕوو، چەندین پرسیاری گرنگی دیکە دەوروژێنێت و پرسیاری سەرەکی دەبێتە ئەوەی ئایا چۆن حزبی سیاسیی خۆی ئامادە دەکات بۆ ئەوەی ئەو رۆڵە گرنگە لە پرۆسەی سیاسیی و پرۆسەی بونیادی دیموکراتی بگێڕێت؟ هەروەها ئایا چۆن دەتوانێت دەرهاویشتەی هەنگاو و رەفتارەکانی حزب بۆ بونیادی دیموکراتی دەبێتە ئەو ئاکامەی کۆمەڵێك بەرەنجامی غەیرە سیاسی و چالاککردنی هێزە کۆمەڵایەتییەکان و گیانی لێبوردەیی و یەکتری قبوڵکردن بێتە ئاراوە؟ زۆربەی ئەو پسپۆرانەی لەبواری رۆڵی حزب لە کۆمەڵگەی دیموکراتی و پێویستی کۆمەڵگەی دیموکراتی بۆ حزبی سیاسیی کاردەکەن، بەتایبەتی ئەو حزبە سیاسییانەی وەك وڵاتی ئێمە لە سیستمی دیموکراتی نوێنەرایەتیەوە کاری سیاسیی دەکەن و حزبەکان نوێنەرایەتی خەڵك دەکەن لە پەرلەمان و دامەزراوەکانی دیکەی دەوڵەتدا، ئاماژە بەوە دەکەن: ((سیستمی دیموکراتی نوێنەرایەتی پێویستی بەحزبە سیاسییەکانە بۆئەوەی بەئەرکی نوێنەرایەتیکردن لەکۆمەڵگە هەڵبستن، بەڵام گلەیی خەڵك و هاووڵاتیانی کۆمەڵگەی دیموکراتی لەسەر حزبە سیاسییەکان ئەوەیە کە حزبە سیاسییەکان لە ئەداکردنی رۆڵی خۆیان لە پرۆسەی نوێنەرایەتیکردن، پاشەکشەیان کردووە و ناتوانن نوێنەرایەتیکردنێکی باش ئەدا بکەن، ئەمەش بۆتە هۆکاری ئەوەی گلەیی و گازندە لە حزب لە کۆمەڵگە دروست بێت و بۆچوونێکی وا بێتە پێشەوە کە حزبەکان لەبری ئەوەی سوود بەپرۆسەی دیموکراتی بگەیەنن، زیان بەپرۆسەکە دەگەیەنن))، بەڵام پرسیاری دیکە لێرەدا ئەوەیە ئایا کاتێك حزبە سیاسییەکان پاشکەشە لەئەدای نوێنەراتیکردندا دەکەن، ئایا دەتوانین دەستبەرداری حزبەکان بین، یان هەوڵبدەین بەبوونی حزبی سیاسیی دیموکراتی بونیاد بنێین؟ سەبارەت بە وەڵامی ئەم پرسیارە پرۆفیسۆر کینس وۆلاك سەرۆکی ئامۆژگای نیشتمانی بۆ دیموکراتی (NDI) دەڵێت: مێژووی دووسەدە زیاتر ئەو راستیەمان پێدەڵێت بەبێ بوونی حزبە سیاسییەکان دیموکراتی بوونی نییە، لەبەر ئەوەشە دیموکراتیەت پەرش و بڵاو دەبێت کاتێك خەڵك متمانەی بە حزبە سیاسییەکان لەق دەبێت، بۆیە پێویستە لەسەرمان کە سیستمی حزبایەتی بەشێوەیەکی قووڵ و پتەو لەناو نەسجی کۆمەڵگە دیموکراتیەکاندا بچەسپێنین)).

**بەبێ بوونی حزبە سیاسییەکان دیموکراتی بوونی نییە، لەبەر ئەوەشە دیموکراتیەت پەرش و بڵاو دەبێت کاتێک خەڵک متمانەی بە حزبە سیاسییەکان لەق دەبێت**

ئەم وەڵامەی کینس وۆلاك بۆ رۆڵی حزبی سیاسی، چەند رەهەندێکی لێدەخوێنرێتەوە و پێش هەموومان ئاماژەیە بۆ ئەوەی ((نابێت لەکۆمەڵگەی دیموکراتی و ئەو کۆمەڵگەنەی بڕیارنداوە بەردەوام سیستمی دیموکراتی پیادەبکەن، متمانەی خەڵك بە حزبە سیاسییەکان لەق بێت، بۆ ئەوەی ئەم نامتمانەیەش دروست نەبێت، ئەوا پێویستە هەوڵەکان بۆ ئەوە بن سیستمی حزبایەتی لەناو کۆمەڵگە بچەسپێت))، ئەمە لە هەمانکاتدا وەڵامێکی پڕ بەپێستە بۆ ئەو دیاردە پۆپۆلیستیانەی لە وڵاتانی ئەمریکای لاتینی و دەوڵەتانی پۆست کۆمونیست لەرۆژهەڵات و ئاسیا و ئەفریقیا دەردەکەون و بانگێشە بۆ ئەوە دەکەن پێویستە حزب و حکومەت لەیەکتری جیابکرێنەوە یان حزبە سیاسییەکان ئەرکیان تەواو بووەو پێویستە سەرکردە پۆپۆلیستیەکان جێگەیان بگرێتەوە، جێگرتنەوەی پۆپۆلیستەکانیش لەیەکەم دیاردەی ناجۆری کۆمەڵگە دەبێتە لاوازکردنی سیستمی پارتایەتی و لاوازکردنی دامەزاروەکان و نەمانی دیموکراتی لەکۆمەڵگەدا، هەر بۆیە زۆربەی پسپۆران و تۆژەرانی پرۆسەی دیموکراتی و حزبە سیاسییەکان لە دەوڵەتانی شەپۆلی سێیەمی دیموکراتی جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە لەگەڵ دەرکەوتنی دیاردەی پۆپۆلیستی پرۆسەی دیموکراتی دەکەوێتە مەترسیەوە، بۆئەوەی ئەو مەترسیانەش بڕەوێنرێتەوە، دەبێت پێش هەر لایەکی دیکە حزبە سیاسییەکان (بەتایبەتی ئەو حزبە سیاسییانەی خۆیان بە بەرپرسیار دەزانن لە کۆمەڵگە و بانگەشەی دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگە دەکەن)، دەبێت هەنگاوی یەکەمیان ئەوە بێت رەخنە لەخۆیان بگرن و راشکاوانە دەست بخەنە سەر کەموکورتییەکان و لە میانەی کۆنگرە حزبییەکانی خۆیانەوە جارێکی دیکە خۆیان بۆ پرۆسە سیاسییەکە و بونیادی پرۆسەی دیموکراتی لەکۆمەڵگە ئامادە بکەنەوە.

**نابێت لەکۆمەڵگەی دیموکراتی و ئەو کۆمەڵگەنەی بڕیارنداوە بەردەوام سیستمی دیموکراتی پیادەبکەن، متمانەی خەڵک بە حزبە سیاسییەکان لەق بێت**

## حزبە سیاسییەکان و تەحەددای نوێنەرایەتی

لە کۆمەڵگەی دیموکراتیدا ئامانجی حزبی سیاسیی ئەوەیە لە پرۆسەکانی هەڵبژاردندا کاندیدی خۆی دیاری بکات و کاندیدەکانیشی هەڵبژاردن بەرێتەوەو لەناو پەرلەمان ببێتە نوێنەر یان پۆستە گشتییەکانی حکومەت بەڕێوە بەرێت، کەواتە هەر حزبێکی سیاسیی بەرنامەی خۆی بەو جۆرە دادەڕێژێت لەپرۆسەی هەڵبژاردندا، هەر بۆیە ئەم پرۆسەیە واپێویست دەکات حزبە سیاسییەکان لەژیانی سیاسیی ناوخۆی حزبەکانیشدا هەمان شێواز و میتۆدی هەڵبژاردن پیادە بکەن بۆ ئەوەی بتوانن لە دەستنیشانکردنی نوێنەرەکانیشیان بۆ پەرلەمان و پۆستە گشتییەکانی حکومەتیش لانی کەم لەلای هەوادار و لایەنگر و بنکەی جەماوەری حزبەکەوە پەسەند بن و هەوڵیش بدرێت خەڵکی دیکەش لەدەرەوەی بنکەی جەماوەری حزبەکە دەنگی پێبدات، سەبارەت بەم لایەنە کە هەموو کات وەك جۆرێك لە تەحەددی لەکاری حزبایەتی

### ریچارد گەنتەر بۆ گوڵان:

# لەو کۆمەڵگەیانەی چەوسانەوە و کپکردنی رەگەزی ئافرەت بوونی هەیە، پێشکەوتنێکی گەورەیە ئافرەت لە سەرکردایەتی حزبە سیاسییەکاندا ببینرێت



کۆمەڵگەی دیموکراتی سەیر دەکرێت، پرسیارمان لە پرۆفیسۆر دێڤید ساموێلز ئوستادی زانستی سیاسەت لە زانکۆی مینۆسۆتاو تایبەتمەند لەسیاسەتی حزبەکانی بەرازیل و ئەمریکای لاتینی کرد، لەوەڵامدا سەبارەت بەم پرسە بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخافتن و وتی:((ئەمە پرسیارێکی زۆر زەحمەتە و پێموایە کە تەنیا یەك وەڵامی نییە. بەڕای من پێویستە هاووڵاتیان دەنگ بدەن بۆئەوەی پارتە سیاسییەکان بەهانای هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە بێن و نەك تەنیا تایبەت بێت بە پاراستنی بەرژەوەندییەکانی گرووپێکی دیاریکراو و تایبەت لە پێکهاتەکانی کۆمەڵگە. هەروەها پێویستە لەسەر پارتە سیاسییەکان هەموو هەوڵەکانیان بخەنەگەڕ لەپێناو کەسبکردنی لایەنگرانی زیاتر لەنێو جەماوەر. من ئەم نموونەیەم هێنایەوە لەبەرئەوەی ئێمە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هانی هاووڵاتیان نادەین بۆ دەنگدان، هەروەها زۆربەی هاووڵاتیان لەو بڕوایەدان کە سیاسەتی ئەمریکی رێگرە لەپێش تێکەڵبوونی هاووڵاتیان لە پرۆسەی سیاسی، جۆرە هیوابڕانێك لای هاووڵاتیان درووست بووە لە سیاسەتەکان، ئەگەر تەماشایەکی چالاکسازەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بکەین دەبینین خەڵك تا چەند نائومێدو هیوابڕاو بوونە لە سیستەمی سیاسیی وڵاتەکە. هەندێك لە خەڵك هەوڵی گۆڕینی سیستەمەکە دەدەن و هەندێك خەڵکی تریش پشتگوێیان خستووە و خۆیان لێ دوورکردۆتەوەو بیری لێناکەنەوە. بەڵام من پێموایە کە میتۆدی زۆر هەیە بۆ هاندانی نوێنەرایەتیکردن. هەر بۆیە زۆر گرنگە لەسەر پێکهاتەی ناوخۆیی پارتە سیاسییەکان گۆڕانکاری ئەنجام بدرێت. هەموو پارتێکی سیاسیی پێویستیی بە جۆرە هەیکەلییەتێکی تایبەت هەیە بۆ پارتەکەی، بەڵام زۆر گرنگە پارتە سیاسییەکان خۆیان رێکبخەنەوە، لەبەرئەوەی هەندێ لە پارتە سیاسییەکان خاوەن سیستەمی مەرکەزین و هەندێکی تریش خاوەن سیستەمی نامەرکەزین. نازانم ئەگەر لەعێراق یان لە وڵاتانی دەوروبەریدا ئەم سیستەمە هەیە، بەڵام لەهەندێك لە وڵاتان بۆ نموونە لە «کۆستاریکا» ئەندامێکی پەرلەمان بۆی هەیە تەنیا لە یەك خولدا خزمەتبکات و پاشان دەردەچێت. ئەم کارەش پێویستی بە جۆرە وەرچەرخانێك هەیە لە دەستەبژێری سیاسی، ئەمەش وەرچەرخانێکی زۆر گەورە نییە و هەوڵ و کۆششی زۆری ناوێت، بەڵام کەمترین شت ئیتر هەمان رووخسار ناگەڕێتەوە گۆڕەپانی سیاسی و هەمان کەسەکان نابیننەوە کە هەمیشە هەوڵدەدەن کۆنترۆڵی سیاسەت و یاسادانان و دەسەڵاتی وڵات بکەن)).

هەر لەهەمان چوارچێوەیەدا پرۆفیسۆر چارلس کینی ئوستادی زانستی سیاسەت لەزانکۆی ئوکلاهۆما و تایبەتمەند لەسەر گەشەی پارتە سیاسییەکان لەوڵاتانی تازە پێگەیشتوو، سەبارەت بەپرسی نوێنەرایەتکردنی حزبەکان بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی و وتی: ((لەزۆر کۆمەڵگەدا جۆرە گرژییەك هەیە لەنێوان نوێنەرایەتیکردنی پارتە سیاسییەکان بۆ بەرژەوەندیی گشتی و بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیان. بەڕای من ئەو شتانەی کە دەتوانین لەبارەی پارتە سیاسییەکان بیکەین ئەوەیە کە جەخت لەوە بکەینەوە کە باشترین رێگەچارە بۆ پارتە سیاسییەکان ئەوەیە کە نوێنەرایەتی هاووڵاتیانی کۆمەڵگە و بەرژەوەندییە گشتییەکان بکەن و لە کێشە و گرفتەکانی کۆمەڵگە بڕوانن و ئەو ترسەیان لا دروست بکەین کە ئەگەر هات و بەپێی خواستی گشتی سیاسەتەکانیان دانەڕێژن و رەفتار نەکەن، ئەوکات لە هەڵبژاردنەکاندا دووبارە دەنگیان پێ نادەینەوە. هەربۆیە پێویستە پارتە سیاسییەکان لەسەر ئاستی ناوخۆیی پارتەکە فشاری لەسەر هەبێت بۆ داڕشتنی سیستەمێك لەبارەی ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبژاردن لەسەر ئاستی پارتەکە و ئەو راستییە رەچاوبکات کە ئەگەر هات و نوێنەرایەتیی پێکهاتەکانی نەکات، ئەوکات دەسەڵات و هێز لەدەست دەدات. من لەوە دڵنیام کە رێگەچارەی تر هەیە کە بگرێتەبەر، بەڵام من پێموایە کە پێویستە لەسەر پارتە سیاسییەکان شتێك بکەن کە لەلایەن رای گشتییەوە پەسەندبێ، بەڵام لێرەدا هەندێ کەرەستەی گرنگ هەیە و پێویستە بەکاربهێنرێت، بۆ نموونە تابکرێت رێگەبدرێت بە ژمارەیەکی فراوان لە ئەندامانی پارتە سیاسییەکان لەسەر ئاستی ناوخۆیی پارتەکە بۆ بەشداربوون لە کۆنگرەکان. بەڵام ئەمە تەنیا لەو حاڵەتەدا پەیڕەو دەکرێت کاتێك کە پارتە سیاسییەکە خاوەن ئەندامێتییەکی فراوان و ئەوتۆ بێت. دووبارە دەیڵێم کە بارەکە لە وڵاتێك بۆ وڵاتێکی تردا دەگۆڕێت)).

### بەشداری ئافرەت وەک هۆکارێک بۆ نوێبوونەوە و کاراکردنی حزب

کێشەی بەشداری ئافرەت بەرێژەیەکی بەرچاو لەحزبە سیاسییەکان و هەروەها پاشان لەرێگەی حزبە سیاسییەکانەوە بۆ کاندید کردنیان بۆ ئەندامی پەرلەمان و وەرگرتنی پۆستە گشتییەکانی حکومەت، یەکێکە لەو کێشانەی کە نەك هەر لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوو، بەڵکو لەوڵاتانی پێشکەتووش هەستی پێدەکرێت و هەر بۆنموونە ئەگەر لە پێکهاتەی پۆستە گشتییەکانی حکومەت بڕوانین، دەبینین رێژەی بەشداری ئافرەت لەچاو رێژەی بەشداری پیاو لە حکومەتەکانی ئەمریکاو ئەوروپای رۆژئاواشدا یەکسان نییە، سەبارەت بە چۆنیەتی بەرزکردنەوەی رێژەی ئافرەت لەبواری سیاسیدا، پرۆفیسۆر مالا ئێن هتەن تۆژەر لە ئەنجومەنی پێوەندییەکانی دەرەوە(cfr.org) لە توێژینەوەیەکدا بەناونیشانی (ئافرەت، پارتە سیاسییەکان، سیستمی هەڵبژاردن لە ئەمریکای لاتینی) ئاماژە بەوە دەکات لە ١١ وڵاتی ئەمریکای لاتینی شێوازی کۆدتا (Quota) پەیڕەو دەکرێت و لە کۆلۆمبیا بێجگە لە پێڕەوکردنی یاسای کۆتا بۆ نوێنەرایەتی، یاسای کۆدتا بۆ وەرگرتنی پۆستی باڵا لە حکومەتدا بۆ ئافرەت پێڕەو دەکرێت، کەواتە ئەم توێژینەوەیە پێمان دەڵێت بۆ ئەوەی بتوانرێت رێژەی بەشداری ئافرەت لە پرۆسەی سیاسیی زیاتر بکرێت، دەبێت ئەم هەنگاوە لە حزبە سیاسییەکانەوە هەڵبگیرێت، سەبارەت بەپرسی زیادکردنی رێژەی ئافرەتان لەپرۆسەی سیاسیدا پرسیارمان لە پرۆفیسۆر ریچارد گەنتەر ئوستادی زانستی سیاسەت لە زانکۆی ئۆهایۆ و تایبەتمەند لەسەر پارتە سیاسەکانی باشووری ئەورووپا کرد و لەمبارەوە پرۆفیسۆر گەنتەر لەلێدوانێکی تایبەت بەم راپۆرتە وتی: ((لە هەندێ لە کۆمەڵگەکان کە تیایدا ئافرەت تاراددەیەك چەوساوەتەوەو کپکراوە،

**جێگرتنەوەی پۆپۆلیستەکانیش لەیەکەم دیاردەی ناجۆری کۆمەڵگە دەبێتە لاوازکردنی سیستەمی پارتایەتی و لاوازکردنی دامەزراوەکان و نەمانی دیموکراتی لەکۆمەڵگەدا**

**لەگەڵ دەرکەوتنی دیاردەی پۆپۆلیستی پرۆسەی دیموکراتی دەکەوێتە مەترسیەوە**

**پێویستە هاووڵاتیان دەنگ بدەن بۆئەوەی پارتە سیاسییەکان بەهانای هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە بێن و نەک تەنیا تایبەت بێت بە پاراستنی بەرژەوەندییەکانی گرووپێکی دیاریکراو و تایبەت لە پێکهاتەکانی کۆمەڵگە**

### مانوێل بالان بۆ گوڵان:

# لەگەڵ ئەوەی زۆربەی خەڵکی لەدژی «کۆدتا»ن بۆبەشداری ئافرەتان، بەڵام «کۆدتا» زۆر گرنگە بۆ بەشداربوونی ئافرەتان و شکاندنی ئەم پیاو سالارییە



**زۆر گرنگە لەسەر پێکهاتەی ناوخۆیی پارتە سیاسییەکان گۆڕانکاری ئەنجام بدرێت**

گرنگە دەرفەت بە ئافرەتان بدرێت بۆئەوەی خۆیان کاندید بکەن بۆ پۆستەکانی حکومەت. بۆ نموونە هەندێ لە پارتە سیاسییەکانی وڵاتانی ئەورووپای رۆژئاوا «کۆدتا»یان دامەزراندووە، کە باس لەوە دەکات کە ژمارەیەك لە ئافرەتان ناونووس بکرێن لە لیستەکانی پارتە بەشداربووەکان لە هەڵبژاردنەکان بۆئەوەی ئافرەتانیش بەشداربن لە حکومەت. هەر بۆیە، پێموایە کە زۆر گرنگە ئافرەتان تێکەڵی ژیانی سیاسی بن بەتایبەتی لەو کۆمەڵگەیانەی کە مێژوویان هەیە لە چەوسانەوەو کپکردنی رەگەزی ئافرەت. بەو شێوەیە، پێموایە کە ئەوە بە پێشکەوتنێکی گەورە دادەنرێت بە بینینی ئافرەتان لەناو دەستەبژێرەکانی پارتە سیاسییەکان)).

**باشترین رێگەچارە بۆ پارتە سیاسییەکان ئەوەیە کە نوێنەرایەتی هاووڵاتیانی کۆمەڵگە و بەرژەوەندییە گشتییەکان بکەن**

پرۆفیسۆر ریچارد گەنتەر راشکاوانە جەخت لەوە دەکاتەوە ئەوە گۆڕانکارییەکی گەورەیە رێژەیەك لە ئافرەتان لەنێو دەستەبژێر یان سەرکردایەتی حزبە سیاسییەکان ببینرێت، بەڵام زیاتر لە پرۆفیسۆر گەنتەر، پرۆفیسۆر بروس ویلسن ئوستادی زانستی سیاسەت لە زانکۆی سێنتراڵ فلۆریدا و تایبەتمەند لەبواری حکومڕانی و دیموکراتی و پارتە سیاسییەکان، کێشەی کەمی رێژەی ئافرەت لەپرۆسەی سیاسی بە کێشەیەکی گشتی جیهانی دەزانێت و ئاماژە بەوەدەکات ئەم رێژەیە لە ئەمریکا و تەنانەت سویدیش هەتا ئێستا نەگەیشتۆتە ئاستێکی هاوسەنگ و لەمبارەوە تایبەت بەم راپۆرتەی گوڵان بەمجۆرە رای خۆی خستەڕوو و وتی: ((کێشەی بەشداری رێژەی کەمی ئافرەت کێشەیەکە لەهەموو جیهاندا بوونی هەیە، تەنانەت لە وڵاتە پێشکەوتووەکانیش، ئەگەر بێت و سەیری وڵاتە پێشکەوتووەکان بکەین کە ماوەیەکی زۆرە خاوەن دیموکراسییەتێکی تەمەن درێژن، بۆ نموونە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەشێوەیەکی گشتی، رێژەی بەشداربوونی ئافرەت رێژەیەکی بەرچاو نییە، نزیکەی لە٪٤٠ی لە سیناتۆرەکان ئافرەتن، لەکاتێکدا وڵاتێك وەکو «سوید» رێژەی بەشداربوونی ئافرەت ٪٤٥ ـە، لەوڵاتی «نەرویج»یش لە سەدا چل و شتێکە. تەنانەت لەهەندێ لە وڵاتە تازەپێگەیشتووەکانیش، بۆ نموونە وڵاتی «کۆستاریکا»، رێژەی ئافرەتان لە کۆنگرێسی «کۆستاریکا» نزیکەی لە ٪ ٤٠ ـە.

**بۆ ئەوەی بتوانرێت رێژەی بەشداری ئافرەت لە پرۆسەی سیاسی زیاتر بکرێت، دەبێت ئەم هەنگاوە لە حزبە سیاسییەکانەوە هەڵبگیرێت**


بەڵام چۆن ئەم شتە روویدا؟ بەو شتە روونەداوە کە پارتە سیاسییەکان بیربکەنەوە لەبارەی تێکەڵکردنی ئافرەتانی زیاتر لە پارتەکانیان، بەڵکو ئەنجامدراوە لەرێگەی گۆڕانکاری لە سیستەمەکانی هەڵبژاردن، کە یاسا و سیستەمەکان جەخت دەکاتەوە لەسەر یەکسانیی ئافرەتان و هاوسەنگی لە باڵانسەکان، هاوکات پێویستە لەسەر پارتە سیاسییەکان بەشێوەیەکی فراوانتر ئافرەتان وەرگرن. نموونەیەکی دیارتر «شانەنشینی یەکگرتوو»، لە «شانەنشینی یەکگرتوو»دا پەرلەمانێکی نیشتمانی هەیە لە «لەندەن»، لەو پەرلەمانەدا نوێنەری «سکۆتلەندا» هەیە، کە کێشەیەکی زۆر گەورەیە بۆ «بەریتانیای مەزن». نوێنەرەکانی «سکۆتلەندا» لە پەرلەمانی بەریتانی تارادەیەك هەموویان پیاون، نزیکەی ٪١٥ لە نوێنەرەکان ئافرەتن، لەکاتێکدا هەر هەمان پارتی سیاسیی سکۆتلەندی و لە پەرلەمانی سکۆتلەندا، وەکو پەرلەمانێکی هەرێمی، رێژەی ئافرەتەکانی زیاترە، بەشێوەیەك کە رێژەی ئافرەتانی نوێنەر لە پەرلەمانی سکۆتلەندا ٪٣٠ یە، کە زیاترە لە دەبڵی ژمارەی ئەو ئافرەتانەی کە لە پەرلەمانی بەریتانیدا هەن. هەر هەمان پارتی سیاسییەو هەر هەمان دەنگدەرانە، تاکە شت کە جیاوازە سیستەمی هەڵبژاردنەکانە)).

سەبارەت بەوەشی ئەگەر سیستمی هەڵبژاردن رێژەیەکی دیاریکراوی دانا، هەر بۆ نموونە وەك عێراق کە لە ٪٢٥، دەربارەی ئەم پرسەش پرۆفیسۆر ولسن وتی: ((ئەمە تەنیا لە وڵاتانی خاوەن سیستەمی رێژەیی پەیڕەو دەکرێت، نەك لە وڵاتانێك وەك ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. لەبەرئەوەی ئەگەر هات و هەر ناوچەیەك بۆی هەبوو تەنیا یەك کاندید بنێرێت، ئەوکات ناکرێ ئافرەتێك هەڵبژێردرێت وەکو تاکە نوێنەرێك بۆ ئەو ناوچەیە. بەڵام ئەگەر هات و هەر ناوچەیەك ژمارەیەك نوێنەری هەبوو، ئەوکات کارەکە ئاسانتر دەبێت و دەکرێ لیستێکی هاوسەنگ دابڕێژرێت و یەکسان بێت لە پیاوان و ئافرەتان و ئەگەر هات و لەکۆی ئەو لیستە ٣ کەس هەڵبژێردران، هەڵبەتە هیچ گومانێك لەوەدا نییە کە یەکێك لەو ٣ کەسە ئافرەتە و لەئاکامدا رێژەی ١\٣ وەدی دێت، هەروەها لەوانەیە هەندێك جار ٢/٣ی کاندیدەکان ئافرەت بن. ئەمەیە جیاوازییەکەی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و وڵاتە تازەپێگەیشتووەکان. هەموو مەسەلەکە پەیوەستە بە رای گشتی هاووڵاتیان و پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان و پەسەندکردن یان نارازیبوونی کۆمەڵگە لەبارەی بەشداربوونی ئافرەتان، لەبەرئەوەی ئەگەر هات و بەپێی بەها کۆمەڵایەتییەکان باشتر وابوو کە ئافرەتان لە ماڵ دانیشن نەك لە دامودەزگاکان کاربکەن، ئەوکات رای گشتی و هەموو خەڵك رایان وادەبێت کە باشتر وایە ئافرەت لە ماڵەوە دانیشێت و لە دامودەزگاکان کارنەکات)).

لەلایەکی دیکە و سەبارەت بە رۆڵی پارتە سیاسییەکان لەو کۆمەڵگەیانەی بەقۆناغی ئینتیقالی تێدەپەڕن یان وڵاتانی پۆست کومونیست، ئایا پارتە سیاسییەکان چەند رۆڵی خۆیان لەمبوارە دەگێڕن؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەشدا پرۆفیسۆر ولسن وتی:((ئەگەر سەیری پارتە سیاسییەکانی رووسیا بکەین، دەبینین پارتە سیاسییەکان رۆڵێکی گرنگیان هەبووە لە پرۆسەی بەدیموکراتیزەکردنی رووسیا. نموونەی تر، کاتێك کە لە کۆتاییەکانی ساڵانی ٨٠کاندا دیموکراسییەت دووبارە بۆ «ئیسپانیا» گەڕاندرایەوە، پارتە سیاسییەکان رۆڵێکی گەورەیان گێڕا لە بەڕێوەبردنی حوکمڕانییەکی دیموکراسی لە ئیسپانیادا. هەر هەمان شت لە «شیلی» روویدا، کە پاش نەمانی دیکتاتۆرییەتی «پینۆشێ» پارتی سیاسیی باڵی راستی توندڕەو بوو بە پارتێکی شمولی و ستەمدار. لەکاتێکدا پارتە سیاییەکانی باڵی چەپ بەو ئاراستانەوە پاڵیان پێوە دەنرا. بەمشێوەیە، پارتە سیاسییەکان دەتوانن کاربکەن بۆئەوەی رۆڵی کاریگەر و پۆزەتیڤانەیان هەبێت. بەڵام سەبارەت بە پارتە سیاسییە کۆمیۆنیستەکان، کێشەکە لەوەدایە کە پارتە کۆمیۆنیستەکان زیاتر جەخت دەکەنە سەر وەدیهێنانی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیان و بەرژەوەندییە نیشتمانییەکان فەرامۆش دەکەن. پاش رووخانی یەکێتی سۆڤێت رووسیا بەتەواوەتی تێکچوو، ئەو پارتە سیاسییانەش کە تازە درووستبیوون نەیاندەزانی پێیان دەکرێ مامەڵە لەگەڵ کێشە و گرفتەکانی کۆمەڵگە

## چارلز کینی بۆ گوڵان:

# باشترین ڕێگەچارە بۆ حزبەکان ئەوەیە بەباشی نوێنەرایەتی بکەن و لە کێشە و گرفتەکانی کۆمەڵگە بڕوانن و بەپێی خواستی گشتی سیاسەتەکانیان دابڕێژن



بکەن یان نا)).

هەر سەبارەت بە ڕێژەی بەشداری ئافرەت د.مانۆیل بالان مامۆستای زانستی سیاسەت لەبەشی حکومەت لەزانکۆی تەکساس، لەلێدوانێکیدا بۆ ئەم ڕاپۆرتە وتی:((بەشداربوونی ئافرەت لە پارتە سیاسییەکان زۆر گرنگەو هاوکات پێموایە شتێکی سەرەکییە، بەڵام نەك تەنیا لە وڵاتە تازەپێگەیشتووەکان، بەڵکو لە وڵاتە پێشکەوتووەکانیشدا دەبینین ژیانی سیاسی و یاسا دانان لەسەر بنەمای «نێر»ینەیە، دەبینین ڕۆڵەکانی یاسا دانان و دەرکردنی سیاسەتەکان لەلایەن پیاوانەوە دەردەچێت و شکاندنی ئەم پیاوسالارییە کارێکی زۆر زەحمەتە. هەروەها زۆربەی خەڵکی لەدژی بەکارهێنانی «کۆدتا»ن، پێموایە کە «کۆدتا» زۆر گرنگە لەبارەی بەشداربوونی ئافرەتان و شکاندنی ئەم پیاوسالارییە. بەڵام ئەمە پرۆسەیەکی درێژخایەنە و لەوانەیە نزیکەی ١٥ – تاکو ٢٠ ساڵ بخایەنێت تاکو ئافرەتان بتوانن ئەو ڕێسایە بشکێنن کە نوێنەرایەتی تەنیا تایبەت بێت بە پیاوان. هەربۆیە، لە یاساکان و «کۆدتا» هاتووە کە نزیکەی ٣٠٪ لە ئافرەتان بەشداربن، بەڵام نەك تەنیا بەناو بوونیان هەبێت و تەنیا ئامادەبوونیان لە لیستەکاندا هەبێت، بەڵکو بەشداربوونێکی ڕاستەقینەیان هەبێت، ٣٠٪ لە پۆستەکان بۆ ئافرەتان دانراوە. بەڵام مەسەلەکە تەنیا کاتە و بەتێپەڕبوونی کات ئەم ئاستەنگە دەشکێندرێت و ئەم نایەکسانییە بوونی نامێنێت. لەئاکامدا ڕێژەی ئافرەتانی بەشداربوو ڕوو لە زیادبوون دەکات و لەهەمووشی گرنگتر ئەوەیە کە پێویستە کاربکەن بۆئەوەی بەشداربوونی ئافرەتان پەسەندبکرێت و لای زۆرینەی هاووڵاتیان قبووڵ بکرێت)).

### بایەخی کۆنگرە بۆ حزبە سیاسییەکان

کۆنگرەکان لە ژیانی حزبەکاندا وێستگەیەکە بۆ نوێبوونەوە، بەڵام کۆنگرەش پەیوەستە بەنەریتی سیاسی ئەو حزبە ئاخۆ چەند بایەخ بە کۆنگرەکانی خۆی دەدات و تاچەند کۆنگرە وەك وێستگەیەك بۆ نوێبوونەوە سەیر دەکرێت، لە کوردستاندا پارتی دیموکراتی کوردستان تا ئێستا تەنیا پارتە کە دەتوانین بڵێین ١٢ کۆنگرەی خۆی سازداوە و ئێستا خۆی بۆ کۆنگرەی ١٣ ئامادە دەکات، هەر بۆیە کۆنگرەکانی پارتی هەموو کات قۆناغێکی چارەنووسساز بوون لەژیانی پارتییدا، ئێمە لەراپۆرتە هەوڵماندا بەشێوەیەکی گشتی لەسەر گرنگی کونگرە بۆ ژیانی حزبە سیاسییەکان لە کۆمەڵگە دیموکراتییەکان هەڵوەستە بکەین، سەبارەت بەم لایەنە پرۆفیسۆر بروس وڵسن بەمجۆرە بۆ ئەم ڕاپۆرتە باسی لەگرنگی کۆنگرەی حزبە سیاسییەکان کرد و وتی:((مەسەلەکە پەیوەستە بە سرووشت و جۆری ئەو کۆنگرانەی کە سازدەدرێن. ئەگەر باس لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بکەین، کۆنگرەکانی پارتە سیاسییەکان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا زۆر بێ سوود و بێ بەرهەمە، هیچ ڕوویننەداوە و هیچ ئەنجام نەدراوە، تەنیا نمایشێك بوو بۆ خۆعەرزکردن و بۆ ماوەی ٣ ڕۆژ درێژەی کێشا. هیچ شتێك ڕوویننەدا و هیچ گۆڕانکارییەکی بنەڕەت یان ئەوتۆ ڕوویننەدا کە کاریگەریی هەبێت کە لە ئاستەکانی خوارەوە تاکو سەرکردایەتی بگرێتەوە. لەلایەنێکی تر و لەڕووی مێژووییەوە، بۆ نموونە کۆنگرەکەی پارتی کرێکاران لە شانەنشینی یەکگرتوو، دەبینین بەپێچەوانەوە بوو، کاتێك کە بۆ نزیکەی ٣ – تاکو ٤ ڕۆژ کۆبوونەوەو نوێنەران لە سەرجەم پارچەکانی وڵات و لە سەندیکا جیاوازەکانی کرێکارەکان، وێڕای ژمارەیەکی زۆر لە هاووڵاتیان کە ئەندامن لە پارتەکە هاتن و لەو کۆنگرەیەدا بەشدارییانکرد بۆئەوەی بزانن سیاسەتەکانی پارتەکەیان چۆن دەبێت. ئەوەش کۆنترۆڵ و سەرکردایەتیی پارتەکەی سەلماند، لەبەرئەوەی ئەو کۆنگرەیە کۆنگرەیەکی بەواتا و مەبەستدار بوو. لەکاتێکدا کۆنگرەکان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەشێوەیەکی ڕەها بێ مەبەستە، هەر هیچ نییە و هیچ مانایەکی نییە، تەنیا سەرفکردنی پارەیە لەسەر جوانکاری و هیچ تر، بەهیچ شێوەیەك وەکو کۆنگرەیەکی مەبەستدار ئەنجام نادرێت. مەبەستم لەو نموونانەدا ئەوەیە کە هەموو مەسەلەکە پەیوەستە بە دەستووری پارتە سیاسییەکان و ئاستەکانی بڕیارەکانیان لە کێشانی نەخشە و پلان بۆ بەشداریکردن لە پرۆسەکانی هەڵبژاردن لەڕێگەی سازدانی کۆنگرەی ناوخۆیی، لەوانەشە ئەم ڕێگەچارەیە سەرکەوتوو بێت و سوودبەخش بێت، لەبەرئەوەی ئەم شتە دەبێت بە پاپەند و بەستنەوەیەك لەسەر پارتە سیاسییەکان و پێویستە ئەنجامی بدەن. پارتە سیاسییەکانی ئەورووپا دەتوانن کۆنگرە سازبکەن لەبەرئەوەی کۆنترۆلیان لەسەر بارودۆخەکان هەیە و لەڕێگەی سازدانی کۆنگرەکاندا لەسەر کێشە و مەسەلەکان بڕیاردەدەن، هەروەها هەمان شت لە پارتە سیاسییەکانی «ئەرجەنتین»، بەڵام پارتە سیاسییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ناتوانن ئەمجۆرە کۆنگرانە بەشێوەیەکی کارا ئەنجام بدەن لەبەرئەوەی پارتە سیاسییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا زۆر لاوازن و هەروەها پاپەندبوونیشیان زۆر لاوازە. بەواتایەکی تر و بەکورتی، لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا گرنگ نییە پارتە سیاسییەکان چۆن بیربکەنەوە یان چییان بووێت، بەڵکو گرنگترین شت ئەو شتەیە کە تاکەکانی کۆمەڵگە هەڵیدەبژێرن)).

د.مانوێڵ بالانیش سەبارەت بە بایەخی کۆنگرە بەم ڕاپۆرتەی ڕاگەیاند:((بەڕای من سازدانی کۆنگرەکان سوودی هەیە، بەڵام سازدانی هەر ٥ ساڵ جارێك یاریدەدەر نییە. پێموایە کە پێویستە کۆنگرەکانی پارتە سیاسییەکان لەماوەی لەوە کەمتر سازبدرێت. بەڵام کاتێك کۆنگرەی پارتە سیاسییەکان بەواتا دەبێت کاتێك کە مەبەستدار و بەئامانج بێت و نەك تەنیا بکرێت بە سەکۆیەك بۆ پێشکەشکردنی وتار و قسە، بەشێوەیەك کە ئەوان لەسەرەوە بوەستن و قسە بکەن و خەڵکی گوێبگرن و هیچی تر نا. پێویستە لەمیانی کۆنگرەکاندا مشتومڕ و تاوتۆ و گفتوگۆ ڕوودبدات، هەروەها پێویستە دروستکردنی بڕیار هەبێت، وێڕای ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئامادەیی و تاوتۆکردنی پێکهاتە ناوخۆییەکانی پارتە سیاسییەکان، جگە لە بەشداربوونی ئەندامانەکان. بەوشێوەیە، لەوانەیە کۆنگرەکان یاریدەدەر و بەواتا بن، هەروەها لەوانەشە ڕووکەشی بێت و تەنیا وەکو نمایشێك بێت. هەر بۆیە، پێویستە کۆنگرەکان واتادر بێت و دەسەڵات و کاریگەرییان هەبێت لە دروستکردن و دەرکردنی بڕیاری گرنگ)).

**زۆر گرنگە ئافرەتان تێکەڵی ژیانی سیاسی بن بەتایبەتی لەو کۆمەڵگەیانەی کە مێژوویان هەیە لە چەوسانەوەو کپکردنی ڕەگەزی ئافرەت**

**کۆدتا» زۆر گرنگە لەبارەی بەشداربوونی ئافرەتان و شکاندنی ئەم پیاوسالارییە**

**•کۆنگرەکانی پارتە سیاسییەکان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا زۆر بێ سوود و بێ بەرهەمە، هیچ ڕوویننەداوە و هیچ ئەنجام نەدراوە، تەنیا نمایشێک بوو بۆ خۆعەرزکردن**

# برووسکەی بە پەلە بۆ سیاسیەتمەدارانی عێراق



**عامرحەسەن فەیاز**

**تایبەت بە گوڵان نووسیویەتی**

لـــەم رۆژگارەدا ئەو لایەنانـــەی زیاتر لە هەموو کەسێك پێویســـتیان بە تێگەیشتن و وشـــیار بوونەوە هەیە لە پرەنســـیپەکانی سیاسەت و زانستەکانی، سیاسەتمەدارانی عێراقن، نەك رۆڵەکانی عێراق، چونکە هەر پرۆژەیەك سوودی دەبێت ئەگەر ئاراستەی سیاســـەتمەداران بکرێت نـــەك رۆڵەکانی گەلی عێراق.

بارودۆخـــی سیاســـی ئێســـتای عێراق بەپێی پێوەرەکانی سیاســـەتی عەقلانە بە بارودۆخێکی ناسرووشـــتی وەسف دەکرێت، ئەمـــەش وا دەخوازێـــت خـــاوەن عەقڵ و داناکان چەند پرسیارێك بوروژێنن و هەوڵ بدەن بەرســـڤیان بدەن بـــەو پێیەی لەگەڵ پێوەرەکانـــی دانایی و عەقڵـــی واقیعی دەگونجێن و لەسەر شێوەی برووسکە و بەم شێوەیەی خوارەوە:

*هەڵســـوڕێنەرانی بارودۆخی سیاســـی عێـــراق لە چاخـــی بەردینی سیاســـەتدا دەژیـــن، واتە ئـــەو چاخەی کە پشـــت دەبەستێت بە کۆکردنەوەی هێزی سیاسەت نەك بەرهەمهێنانی سیاسەت، بە مانایەکی تـــر زۆربەی سیاســـەتمەدارانی ئەمڕۆی عێراق تا ئێستا نەگەیشتوونەتە سەردەمی بەهەمهێنـــان و داهێنان و دروســـتکردنی سیاســـەت چ وەك هزر چ بە کردار، بۆیە دەیانبینیـــن لـــە بیرکردنـــەوە و رەفتاریان جارێکیان پشت بە لایەنی بیانی دەبەستن بۆ ئـــەوەی هێزی سیاســـی خۆیانی تێدا کۆبکەنـــەوە و جارێکیان پەنـــا دەبەنە بەر مەرجەعیاتی سیاسی نا مەدەنی (ئیتنی، تائیفی، هۆزگەرێتـــی) بۆ ئەوەی هێزی سیاســـی خۆیانی پێ کۆبکەنەوە، بۆیەش ئەمانە بەم شـــێوەیە یان ئەو شێوە توانای بەرهەمهێنانـــی سیاســـەتیان نییە، تەنیا بەهرەمەنـــدن لە کۆکردنەوەی سیاســـەت لەملا و ئەولا.

* ئەمڕۆ سیاسەتمەدارانی عێراق بە خەیاڵی خۆیان بارودۆخی سیاسی نالەباری عێراق لە ئەنجامی بارودۆخی ســـلبی ئەمنییەوە هاتۆتـــە ئـــاراوە، کەچـــی رووداوەکانی دوای هەڵبژاردنـــی ئەنجوومەنی نوێنەران سەلماندوویانە نالەباری بارودۆخی ئەمنی لـــە بنەڕەتدا لـــە ئەنجامـــی تێکچوونی بارودۆخـــی سیاســـییەوە هاتۆتـــە ئاراوە (درەنـــگ راگەیاندنـــی ئەنجامەکانـــی هەڵبـــژاردن، دواکەوتـــن لـــە بەســـتنی دانیشـــتنەکانی ئەنجوومەنـــی نوێنەران، خۆدزینەوە لە پێکهێنانی موئەسەســـاتی دەسەڵاتی جێبەجێکردنی دەوڵەت).

* ئایـــا سیاســـەتمەدارانی عێراق ئەمڕۆ بەڕاســـتی درك بە هاوکێشەی زۆرینە و کەمینـــە دەکەن لەو سیاســـەتەی ئەمڕۆ پیادە دەکـــرێ لەنێوان پێوەری سیاســـی و پێـــوەری ژمارەیی لـــە دیاریکردنێکی راست و دروســـتی ئەم هاوکێشەیە. و ئایا بەڕاســـتی درك بە هاوکێشەی تەوافوق و تەوافوقیەت دەکەن لە بارودۆخی سیاسی عێراق بە گەڕانەوە بۆ جیاکردنەوەی نێوان تەوافوقی سیاسی و تەوافوقی نا سیاسی (محاصصە) لە کاتێکدا دیموکراســـیەتی جیهانـــی شارســـتانی و نا شارســـتانیش پشت بە توافوقی سیاسی دەبەستن بەپێی بەرنامەی سیاســـی و مەدەنی نەك بەپێی بەرنامـــەی تائیفی و ئیتنی و هۆزگەری کە دووبارە هاوپەیمانی سیاســـی بەرهەم دەهێنێتەوە.

* پێویســـتە جیـــاوازی بکەیـــن لەنێوان کلتووری مامەڵە کردن (کارا و کارا کراو) و کلتـــووری بەرپەرچدانـــەوە و بەرەنگار بوونەوە ( جیـــاکار و جیاکـــراو) لەلایەن ئەو کەســـانەی کە لە خەمی گۆڕانکاری دیموکراتیـــدان، چونکـــە لـــە کلتووری دووەم(کلتـــووری بەرەنگاربوونەوە) ئەوەی نوێ و داهێنراو و بە سوودە و لەویتر هاتووە دوو جار دەیدۆڕێنین، جارێك کە نوێیەکەی ئەویتر و داهێنراوی بـــە بەرپەرچدانەوە و بەرەنگاربوونـــەوە و رووبەڕووبوونەوە رەت دەکەینەوە، جاری دووەمیش کە لە کاتێکی درەنگیش بێت ناچار دەبین نوێیەکە ئەویتر و داهێنەرەکەی قبوڵ بکەین.

* ئەمڕۆ بەهۆی نەبوونی کلتووری مامەڵە کردن و هەبوونی کلتووری بەرەنگاربوونەوە لەلایەن زۆربەی سیاسەتمەدارانی عێراق ئەو دیموکراسییەی دەیانەوێ دیموکراسیەتێکی بە (ڕنوك) دەبێت بـــۆ بەرپەرچدانەوەی و رووبەڕووبوونـــەوە دەبێت لەگـــەڵ ئەویتر، هەندێکیان لە دراوسێی باکوور (عوسمانی) دا دەیبینن و هەندێکی دیکەیان لە دراوسێی رۆژئاوایـــی و باشـــووری (ئەمـــەوی) دا دەیبینن و هەندێکیشـــیان لە دراوسێی رۆژهەڵاتی (ســـەفەوی)دا دەیبینن، بەم پێیەش زۆربەی سیاســـەتمەدارانی عێراق هەریەکەیان بە گوێرەی ئارەزوو و خەیاڵی خۆی کـــە رابردوو و کلتووری هێرشـــی پڕ چـــەك کـــراو بـــە رووبەڕووبوونەوە و بەرپەرچدانەوە کۆنترۆڵی بەسەرییەوە هەیە، داهێنان و هونـــەرکاری دەکات لە تاوانبار کردنی ئەوانی تر.

هەر بۆیەش دەیانەوێ دیموکراســـییەتێك لە عێـــراق هەبێت بـــە (رنـــوك) ەوە کە ئەوانی تر بریندار بکات، لەکاتێکدا وڵات پێویستییەکی زۆری بە دۆست هەیە نەك دوژمن، هەرچەنـــدە دوژمنەکانی عێراق زۆرن.

# دواخستنی سەرژمێری زەنگێکی مەترسیدارو گەلەکۆمەیێکی تر لە نەتەوەی کورد



ئەندازیار محەمەد ئەمین هەورامی

دوای تێپەڕبونی پتر لە حەوت ســـاڵ بەسەر پڕۆســـەی ئازادی عێراق دا، ئەوەتا سەرژمێری دانیشـــتوانەکەی کراوەتە کێشەیەکی بێ چارە، ســـەرەڕای ئامادەکارییەکانی ســـەرژمێری لەم ســـاڵەوە بۆ ئەوی تـــر دوا دەخرێت بە بێ هیچ پاســـاوێك و هۆیەکـــی لۆجیکـــی ئەوتۆ، ئەم پرۆسەی سەرژمێرییە زیاتر لێکدانەوەی سیاسی و ئیتنی و حساباتی تری جیاجیای بۆ دەکرێت و بۆی دەهۆنرێتەوە کە خۆی لە خۆیدا زەنگێکی مەترسیدارە بۆ ســـەر دوارۆژی پەیوەندیەکانی کورد لەگـــەڵ ناوەند و لـــە بەرژەوەندی گروپە تیرۆریست و شۆڤینیستەکانە، دوور لە لێکدانەوەی جەوهەری پڕۆسەی ســـەرژمێری کە خۆی لە ڕوپێویەکی بەسوودی کۆمەڵایەتی و ئابووریدا و زۆر لایەنی گرنگی ترەوە دەبینێتەوە .

زۆرینەی پسپۆڕانی ئابووری و کۆمەڵایەتی کۆکن لەسەر گرنگی ئەنجام دانی ئەم پرۆسەیەو ڕێکخســـتنی ئامارەکان بەزووترین کات وبەبێ دواخســـتن، بەڵام بەداخەوە هەر وەك و ســـاڵی ڕابردوو کە ئەو پڕۆســـە گرنگـــە دواخرا ئەوەتا ئەمســـاڵیش گەلەکۆمەیەکی ناڕەوا لەو پڕۆسە گرنگە کرا لە ژێر پاســـاوی بێ بناغەو جۆراو جۆردا بەڵام لە ڕاستیدا مەبەستەکە شاردنەوەی ئامارە ڕاســـت و دروســـتەکانە کـــە کەس ئیتر ناتوانێت نکۆڵی لە ئەنجامەکانی ســـەرژمێری بکات وەکـــو دۆکۆمێنتێکی فەرمی، بۆیە بوەتە مەترســـیەکی گەورە لە ڕێژەی ڕاســـتەقینەی کورد، چ لە هەرێمی کوردســـتان یان لە ناوچە کورد نشـــینە دابڕاوەکان، کەئەم داتاو ئامارانەش گورزێکی کوشـــندەیە بۆ ناحەزانـــی کورد لە شۆڤینیست و تیرۆریستان لەلایەك و لە لایەکی تر کۆتایی هێنانە بەو مشـــتومڕە ناڕەوایەی کە دەکرێت لە ســـەر بە کوردســـتانی بوونی ناوچە کوردنشینە دابڕاوەکان .

ئەو سەرژمێریە سەرتاسەریەی دانیشتوانن لە عێراق دا کە لە ڕاســـتیدا بەشێکی سەرژمێریەو بەشـــەکەی تـــری ڕوپێوێکـــی کۆمەڵایەتی و ئابووری یـــە (Social & Economic Survey ) بۆ خـــودی هاوڵاتیان لە ڕووی پیشـــاندان و بە ئامارکردنی ئاستی پەروەردەیی و پیشـــەیی و تەندروســـتی و ئابووری و ئاین و نەتەوایەتـــی و ڕێژەی بێکاری و... زۆر لایەنی گرنگـــی تر کـــە زەحمەتە بەبێ ســـەرژمێری سەرتاسەری ئەو ئامارە ئەنجام بدرێت.

حکومەتی عێراق لـــە جیاتی قەرەبوو داوای لێبـــوردن لە گەلـــی کورد ئەوەتا ســـەرژمێری دوادەخات لەسەر داوای نەژادپەرستەکان و کورد بە زیادڕەو دادەنێـــت! ئەی کەواتە کوا ڕێزگرتن لـــە مادە دەســـتوریەکان و ئەنجامـــی دادگای بـــاڵای تاوانەکان کە دان بە جینۆســـایدکردنی نەتەوەی کوردا دەنێن، کەواتە کێن ئەوانەی دژی سەرژمێری ڕاســـتەقینەن و کۆسپ دەخەنە بەر دەم ئەم پڕۆســـەیە ؟ لەکاتێکدا هێشتا زۆربەی زۆری ئاوارە کەرکوکیەکان لە شارەکانی هەولێرو سلێمانی نیشتەجێن و ناشیانەوێت بگەڕێنەوە ژێر حوکمی نائارامی ئەو ناوچانە لە دەســـت زوڵم و ئیرهابی تیرۆریســـتان و شۆڤێنیستان لەلایەك و نا عەدالەتی مامەڵەکردنی حکومەتی ناوەندی عێـــراق لەگەڵیاندا لەلایەکی تـــر، ئەوانەش کە گومانیان هەیـــەو لـــە پایتەختەکانی وڵاتانی عەرەبـــی پاڵیـــان داوەتەوەو لـــە میدیاکانیانەوە وا پیشـــان دەدەن کە نەك هەردانیشـــتوانەکانی شـــارەکانی هەرێم بەڵکو کوردەکانی کرماشان و ماردینیش ئێستا لە کەرکوك نیشتەجێن!

لـــە عێـــراق دا ســـەرژمێریە فەرمییەکان لە ســـاڵانی ١٩٣٤ و ١٩٤٧ و باشـــترینیان لـــەو ســـەردەمانەدا لە ســـاڵی ١٩٥٧ ئەنجـــام دراوە کە هێشـــتا ســـەردەمی ئینقیلابە یەك لە دوای یەکی بەعسیەکان و پڕۆسەکانی تەعریب پەرەی نەســـەندبوو، بـــەڵام کە بەعـــس وەك حیزبێکی عەرەبی شـــۆڤێنی لە دوای ئینقیلابی هەشتی شـــوباتی ١٩٦٣ جڵەوی دەسەڵاتی گرتەدەست، ئیتر پرۆســـەی تەعریب و بەزۆر گۆڕینی ناوی نەتەوەو زوبان و ئاینی پێکهاتەکان لە کوردستان دەستی پێ کرد. بۆیە سەرژمێریەکانی ١٩٨٧ و ١٩٩٧ کـــە ئەمەی دواییان ناوچەکانی هەرێمی کوردســـتانی نەگرتەوە زۆر جێگەی بڕوا نین و پشتیان پێوە نابەسترێت بۆ هیچ پلان و ئامارێك بەڵام هەتا ئێستاش فەرمین و کارین پێ دەکرێت لە عێراق دا.

دوای پرۆســـەی ئازادی عێراق لە ٩ نیسانی ٢٠٠٣ و کـــە زۆربەی لایەنـــە عێراقیەکان پێ ی دەڵێن دارمان(الســـقوگ)، پێویست بوو وەك نەریتێك کە هەر ١٠ ســـاڵ جارێك ســـەرژمێری بکرێت بۆیە دەبوایە لە ساڵی ٢٠٠٧ سەرژمێری بکرێت، بەڵام دیسانەوە شکستیان بە سەرژمێری ئوکتوبـــەری ٢٠١٠ هێنـــا لەکاتێکـــدا خوودی وەزیـــری پلان دانانی عێراق علی بابان و خودی ســـەرۆك وەزیرانی عێراق نوری مالکی دوپاتیان کردەوە کە پرۆسەی ســـەرژمێری دانیشتوان لە کاتی خۆیی و لە ٢٠١٠/١٠/٢٤ ئەنجام دەدرێت، بەڵام لە ژێر کاریگەری نەژادپەرستان ئەوانەی کە ســـوودمەندن لە بارو دۆخی شێواوی عێراق و ســـوود لە نەبونی ئامارە دروستەکان وەردەگرن بۆ وەرگرتنی کورســـی زۆرتـــری پەرلەمان لە پارێزگاکانیان بەبەراورد لەگەڵ پارێزگا کوردەکان، وەك لە هەڵبژاردنەکانی ئەم ســـاڵی پەرلەمانی عێراق دا ڕوویدا لە ســـەرەتای ســـاڵی ٢٠١٠ کە بە شـــێوەیەکی بەرچاو کورسی پارێزگاکانی موســـڵ و زۆر ناوچەی تریشـــیان زیاد کرد بە پشـــت بەستن بەو ئامارو تەزویرە نادروستەی کە کردویانە لەســـەرژمێریەکانی پســـولەی خۆراك هەر لەســـەردەمی ڕژێمی پێشـــوەوەو دەشخوازن کـــە بارودۆخەکە وەك خۆی بە هەڵپەســـتراوی ڕاگرن چونکە لەبەرژەوەندیانە، دیارە ئەم ئامارە نادروســـتانە هەموو حیزب و گروپەکانی براوەش دەگرێتەوە بە العراقیەو دەوڵەتی یاسا هەر بۆیەش برا شیعەکانمان هەتا ئێستاش بەگوێرەی ئامارە پێشوەکان خۆیان زۆرینەن و کێشەیان نی یە تەنها ئـــەوەی کە زیاتر زەرەرمەندە بە پێوەرەکانی ئەوان گەلی کوردستان و نەتەوەی کوردە.

ئەمڕۆ عێراق لە هەموو کاتێك زیاتر پێویستی بەو ئامارانەیە بـــە تایبەتیش کە ئەو داتایانە بە زیندوویی دەمێننەوە، چونکـــە ئەو فۆڕمانەی ســـەرژمێری داخڵی کۆمپیوتەر دەکرێن و دەبێت بەداتا بەیســـێکی بناغەیی بەســـوود بۆ هەموو لایـــەك و دەکرێـــت بەبەردەوام نـــوێ و ئاپدەیت Update بکرێتـــەوە بەداتـــای نوێ هەروەك ئێستا لەوڵاتانی پێشـــکەوتوودا پەیڕەو دەکرێت و ئیتر پێویســـتمان بە کێشمەکێشی سەرژمێریش نامێنێت و دەبینە خاوەن دۆکیومێنتی فەرمی بۆ گشت پلانەکانی داهاتوو.

## سینان چەلەبی وەزیری پیشەسازی و بازرگانی ( بۆ گوڵان):

# لە (٩٠٪)ی پێداویستی شمەک و کاڵای خەڵکی کوردستان لە دەرەوە دابین دەکرێت

دوای سەردانە مێژووییەکەی سەرۆک بارزانی بۆ تورکیا قەبارەی بازرگانی لەگەڵ ئەو وڵاتە گەیشتە (٦) ملیار دۆلارو بڕیاریشە بۆ (١٢) ملیار دۆلار بەرز بێتەوە

سینان چەلەبی وەزیری بازرگانی و پیشەسازی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەدیمانەیەکی گۆڤاری گوڵاندا تیشکی خستە سەر دوا کارو پرۆژەکانی وەزارەت، ئاماژەی بەو بەرنامەو پلانانە کرد کە بۆ چارەسەرکردنی کێشەو ئاستەنگەکانی بەردەم کەرتی بازرگانی و پیشەسازی و پێشخستنی هەردوو کەرتەکە گیراوەتە بەر، لەوانە دروستکردنی چەندین سایلۆ لەناوچە جیاجیاکانی هەرێم و هاندانی بیزنسکاران بۆ دامەزراندنی کارگەی پیشەسازی، بەڕێزیان تەئکیدیشی لەوە کردەوە: ( پیشەسازی لە وڵاتی ئێمە نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی کەبتوانێت رکابەرایەتی بەرهەمی پیشەسازی وڵاتانی پێشکەوتووی دنیا بکات، چونکە پیشەسازی لە کوردستان لە ئاستێکی بەرزدا نییە . دەبێت هەنگاو بەهەنگاو دەستکاری یاسای وەبەرهێنان بکرێت و پێشبخرێت..)، سەبارەت بە ئاڵوگۆڕی بارزگانیش لەگەڵ تورکیا چەلەبی وتی : ئاڵوویری بازرگانی لەگەڵ تورکیا بەتایبەت دوای سەردانە مێژووییەکەی سەرۆك بارزانی بۆ ئەو وڵاتە گەیشتۆتە (٦) ملیار دۆلارو بڕیاریشە ئەم قەبارەی بازرگانییە لەنێوان تورکیاو عێراق بۆ (١٢) ملیار دۆلار بەرز بکرێتەوە. هاوکات ئاماژەی بەو گرفتە کرد کە لەبواری دابەشکردنی چیمەنتۆ روویداوەو بەوتەی بەڕێزیان لە زۆربەی کەناڵەکانی راگەیاندن بەهەڵە باس لەکێشەکە کراوە . لێرەدا پوختەی وەڵامەکانی بەڕێزیان بۆ خوێنەرانی گۆڤارەکەمان بڵاودەکەینەوە:



حکومەتی تورکیا ئارەزوویەکی یەکجار زۆرو بەرفراوانی پەیوەندی کردنی لەگەڵ کوردستان هەیە

***سەرەتا سینان چەلەبی وەزیری بازرگانی و پیشەسازی ئاماژەی بەو هەنگاوانە کرد کە بۆ یەکگرتنەوەی هەردوو وەزارەتی پێشووی بازرگانی و پیشەسازی گیرانە بەر و، دەرکردنی یاسایەکی نوێ بۆ رێکخستنی کارەکان و دانانی بەرنامە بۆ کارو پرۆژەی ئایندە:**

سینان چەلەبی- کە هەر دوو وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی یەکتریان گرتووە و بەڵێنماندا دەبێ هەوڵبدەین شێوازو سیستەمی یەکگرتنەوەکە بە باشترین و جوانترین شێوە دەست بەکارکردن بکات، لە ماوەی یەك هەفتەدا لە(٩٨٪)ی کێشە و گرفتەکان چارەسەرکرا، هاوکات رەشنووسێکی یاسایمان بۆ وەزارەتە نوێیەکە (وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی) نووسییەوەو سوپاسی هەموو بەڕێوەبەرانی گشتی و بەڕێوەبەرو فەرمانبەرانی هەردوو وەزارەت دەکەم، کەبە گیانێکی لێبوردەیی و دڵسۆزانە هەموو کێشەو ئاستەنگەکانی بەردەم یەکگرتنەوەی هەردوو وەزارەتیان چارەسەر کرد.

## پیشەسازی کوردستان لە ئاستێکی بەرزدا نییەو توانای رکابەرایەتی بەرهەمی وڵاتانی پێشکەوتووی نییە

*** ئەی لە ڕووی کارکردن و ستراتیژیی وە ئایا لەیەك کاتدا و بەشێوەیەکی یەکسانانە ئەرکی کارکردن و پێشخستنی هەردوو کەرتی بازرگانی و پیشەسازی چۆن جێبەجێ دەکرێت؟**

- لە بنەڕەتە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی تەنیا بۆ دروستکردنی کارگەیەك نییە بۆ جوانی، بەڵکو بۆ بەرهەمهێنانی کاڵایەکە، کەلە ئەنجامدا ئەم بەرهەمە دەبێتە کاری بازرگانی، لە حەقیقەتدا بازرگانی و پیشەسازی لە بنەڕەتدا دوو تەوەرەی هاوبەشن و یەکن، لەلایەکی دیکەوە پیشەسازی لەوڵاتی ئێمە لە کوردستان نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە رکابەرایەتی بەرهەمی پیشەسازی وڵاتانی پێشکەوتووی دنیا بکات، چونکە پیشەسازی لە کوردستان لە چاو کاڵا و بەرهەمە پیشەسازییەکانی وڵاتانی دنیا لە ئاستێکی بەرزدا نییە، بۆیە ئەم بەرهەم و کاڵایانەی وڵاتان دێنە بازاڕەکانی ئێمەو هەرچییەکمان پێویست بێت دەبێ لە دەرەوە بێنین بۆ بازاڕەکانی کوردستان، بەڵام لە هێنانی کاڵا و بەرهەمی پیشەسازی دەرەکی کێشەمان نییە، تەنیا پێویستە سیستەمێکی گومرگی و باج دابنرێت کە لەگەڵ ئەم سەردەمە بگونجێت، نەك دەرگا و سنوور بکرێتەوە هەموو جۆرە کاڵایەك بێت، هەر چەندە راستە لە(٩٠٪)ی پێداویستی شمەك و کەرەستەی خەڵك لە دەرەوە دابین دەکریت .

## کوردستان دەیەوێت ببێتە پردێکی ئاشتی لە نێوان رۆژهەڵات و رۆژئاوا

*** ئاڵوگۆڕی بازرگانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ وڵاتی تورکیا لە چ ئاستێکدایە و بەتایبەتی دوای سەردانەکەی جەنابی سەرۆك بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ تورکیاو کۆبوونەوەی لەگەڵ گەورە بەرپرسانی ئەو وڵاتە؟**

- ئاڵوگۆڕی بازرگانیمان لەگەڵ تورکیا لەو پەڕی باشی دایەو لە هەموو وڵاتانی دراوسێمان باشترو زۆرترەو لە(٥٩٪ تا ٦٠٪)ی لەو کۆمپانیا بیانیانەی لە کوردستاندایە بریتین لەکۆمپانیای تورکی کەنزیکەی (٦٠٠) کۆمپانیایە، بەپێی ئەو گرێبەستەی لەنێوان تورکیا و عێراقی فیدراڵ کراوە قەوارەی بازرگانی نێوان تورکیاو عێراق بەبڕی (٦) ملیار دۆلار دادەنرێت و بڕیارە بکرێتە (١٢) ملیار دۆلار، ئەم بڕە بازرگانییەش هەمووی لەڕێگای دەروازە سنوورییەکەی نێوان تورکیاو هەرێمی کوردستانەوە ئەنجام دەدرێت واتە هەموو ئەم ئاڵوێری بازرگانییەی بە خاکی کوردستاندا تێپەڕدەبێت، جگە لەمە (٤٨) پرۆتۆکۆل بۆ تەکامولی ئابووری لە نێوان حکومەتی عێراقی فیدراڵ و حکومەتی تورکیا ئیمزاکراوە، ئەمەش سوودێکی گەورەی بۆ هەرێمی کوردستان هەیە و حکومەتی تورکیا ئارەزوویەکی یەکجار زۆرو بەرفراوانی پەیوەندیکردنی لەگەڵ کوردستان هەیە نەك تەنیا لە بواری بازرگانی و پیشەسازی بەڵکو لە گشت بوارەکاندا، هاوکات بە هەمان شێوە هەرێمی کوردستان ئارەزووی پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتی تورکیا هەیە، ئەمەش هەنگاوێکی باشە ئەوەی پێشتر لەناسەقامگیری و ئاڵۆزی پەیوەندییەکان لە مێژوودا هەبوو کۆتایی هات و لەبیر دەکرێت، ئێستا دەیانەوێت بناغەیەکی تازە دروست بکرێت و هەردوو لای تورکی و کوردی ئارەزووی پێشکەوتنی ئەو پەیوەندییەیان هەیە، هەروەها حکومەتی کوردستان دەیەوێت ببێتە پردێکی ئاشتی لە نێوان رۆژهەڵات و رۆژئاواو لەو سەردانەی دوایی جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ تورکیا کە من لەگەڵی بووم وەکو سەرۆك کۆمارێك پێشوازی لێکراو پێشوازییەکە لەوپەڕی گەرمی و پایە بەرزی دابوو، پێشوازییەکی برایانە کرا، ئێمەش ئەوەمان دەویت .

***باسی سیستەمی گومرگی و باج دانت کرد،کە بۆ پاڵپشتی و پێشخستنی هەردوو کەرتی بازرگانی و پیشەسازی گرنگن،ئایا هەماهەنگیتان لەگەڵ وەزارەتی دارایی هەیە بۆ ئەوەی سیستەمێکی باش و مۆدێرن لە هەردوو کەرتی گومرگی و باج بۆ کەرتی بازرگانی دامەزرێنن؟**

- ئێمە هێشتا نەگەیشتووینەتە ئەو ئاستەی کە بەرهەمی پیشەسازی ناوخۆ رکابەرایەتی بەرهەمی بیانی و دەرەکی بکات، ناتوانین زیاتر گومرگ دابنێین، بەڵام لەسەر ئەو کاڵا و بەرهەمەی لەلای خۆمان بەرهەم دێت دەبێ گومرگ دابنرێت .

***سەبارەت بە سیستەمی چاودێری بازرگانی و چاودێری کوالێتی پیشەسازی و بەرهەمە ناوخۆییەکان لەم ڕووەوە چ هەنگاوێکتان ناوە، بەتایبەتی گلەیەکی زۆر هەیە کە کاڵا و کەرەستەیەکی زۆری ئێکسپایەر و کوالێتی نزم دەڕێژێتە بازاڕەکانی کوردستان، چۆن کۆنترۆڵی بازاڕ و سنوورەکان دەکەن؟**

- ئێمە دوو هێڵی بازرگانیمان هەیە، یەکێکیان سنوورەکانی دەرەوەی وڵاتە لە( ئێران و تورکیا )، دووەمین لە ڕێگای سنوورەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراقی فیدراڵەوەیە.

سنووری تورکیامان لە رووی سیستەمی چاودێری و کوالێتی باشە و لە(١٠٠٪)یە و ئەمەش تەنیا یەك دەروازەیە، بەڵام لە سنووری ئێران سێ دەروازەمان هەیە بۆ ئەم سنوورەش سیستەمی چاودێری بازرگانی و کوالێتی پیشەسازی دامەزراوەو لەوێش باشە، بەڵام کێشەی ئێمە لەگەڵ سنووری لای خوارەوەیە کە عێراقی فیدراڵە، بۆ ئەمەش سیستەمێك دامەزراوە بەڵام بەرە بەرە دەرئەنجامەکانی دیار دەبێت، چونکە ئێستا بازاڕەکانی کوردستان پڕکراوە لەکەلوپەل کە ئەمانە سەرف دەکرێت، ئینجا پێوە دیار دەبێت کەچی کراوە، لەو کاتەدا دەبینرێت کە سیستەمی چاودێری بازرگانی و چاودێری کوالیتی پیشەسازی رۆڵی خۆی بینیووە و کەوتۆتە سەر قاچی خۆی و کاردەکات.

***ماوەیەکە خەڵکێکی زۆر داوای مۆڵەت دەکەن بۆ کارگەو پرۆژەی بچووك و بۆ ئەو مەبەستەش زەوی وەردەگرن و زۆربەی لەم کارگانە ناتوانن لە کارکردن بەردەوامبن یاخود هەر لەسەرەتادا کارگە و پرۆژەکە دانامەزرێنن، ئایا ئێوە چۆن کۆنترۆڵی ئەوە دەکەن .**

بەڵێ گرفت و کێشە هەیە و وەکو باسم کرد کەرتی پیشەسازی لەئاستی پێویست نییە و

**لە بنەڕەتە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی بۆ دروستکردنی کارگەیەک نییە بۆ جوانی، بەڵکو بۆ بەرهەمهێنانی کاڵایەکە، کەلە ئەنجامدا ئەم بەرهەمە دەبێتە کاری بازرگانی**

**پێویستە سیستەمێکی گومرگی و باج دابنرێت کە لەگەڵ ئەم سەردەمە بگونجێت**

**نابێت دەرگا و سنوور بکرێتەوە هەموو جۆرو مارکەیەک و کاڵایەک بێتە ناو هەرێمەوە**

کەموکورتی هەیە، دەبێ ئیمکانیاتی وڵاتی خۆمان رەچاو بکەین، وەزارەتی پیشەسازی مۆڵەتی دامەزرانی پرۆژەو کارگە دەدات بەڵام هەر کارێك نایاسایی بێت و بەپێی رێنمایی و مەرجەکانی ئێمە نەبێت ئیجرائاتی یاسایی بەرامبەر وەردەگیرێت.

***ئەو ماستەرپلانەی وەزارەتی شارەوانی دایناوە ئایا ئێوە هەماهەنگیتان لەگەڵیاندا لەم رووەوە هەیە، ماستەر پلانەکە چەند بە دڵی ئێوەیە بۆ تەرخانکردن و دامەزراندنی کارگە و ناوچەی پیشەسازی؟**

-لە راستیدا لەم رووەوە بە دڵی ئێمە نییە و قەت بە دڵی ئێمەش نابێت، چونکە ئێمە پێویستمان بە نیوەی ئەو زەویانە هەیە کە لە ماستەرپلانەکە دانراوە، چونکە وەکو باسمان کرد ئێمە دەمانەوێت ئیشی (٢٠) ساڵ بە دوو مانگ تەواو بکەین، بۆ ئەمەش پێویستمان بە زەوی زۆر و بەرفراوان هەیە، بەڵام ئەمەش ناکرێت بۆیە ئێمە لەسەرەخۆ بەپێی ماستەرپلانەکە کارەکانمان بەباشی و بەجوانی دەڕۆین.

**ئەگەر یاسایی (اصلاح زراعی) لە وڵاتی ئێمە باشبووایە ئێستا ئێمە پەتاتە و بامێمان لە دەرەوەی وڵات نەدەهێنا**

***باسی ئەوە دەکرێت پیشەسازی خۆراکی و کشتوکاڵی بۆیە پێش ناکەوێت چونکە ئێمە کارگەی پیشەسازی خۆراکی و کشتوکاڵیمان نییە، ئایا لەمبوارانەوە هەنگاو دەنرێت یاخود بەرنامەو پلان لەبەردەستدایە هانی بیزنسکارو پیشەسازیکارانی ناوخۆیی و بیانی بدرێت بۆ دانانی ئەمجۆرە کارانە؟**

ئەگەر تەماشایی وڵاتانی پێشکەوتوو بکەین، دەبینن چەند هۆکارێك هەیە بۆ ئەم پێشخستنە یەکێك لەم فاکتەرانە ئەوەیە ئەم وڵاتانە وەکو ئێمە یاسایی چاکسازی زراعەیان نەبووە یاخود وەکو جێبەجێکردن ئەم یاسایە نەبووە کە لەلای ئێمە ئەنجامدراوە، من لە یاریدەدەری وەزیری ئابووری میسرم پرسی چیتان کرد تاتوانیتان و تەواوبوون لە جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی کشتوکاڵی، گوتی ئێمە(٢٣) ساڵ کارمانکرد تا توانیمان ئەو یاسایە بگۆڕین بە یاسایەکی مۆدێرن و کاری پێبکرێت، لێرانە لە لای خۆمان یاسای چاکسازی زراعی کرا بەم پێیەش زەوی دابەشی سەر جوتیاران کرا و لە پاش دوو تا سێ نەوە هەندێ کەس تەنیا (٥ تا ٦) دۆنم زەوی بۆ مایەوە، ئەمجۆرە پارچە زەویانەش نابێتە هۆکارێك بۆ داهاتێکی باش و پێشختستنی ئەم کەرتە، چونکە لە(٥٠ تا ٦٠) دۆنم زەوی کەمتر بێت ناتوانرێ داهاتێکی باش و کاریگەری لێ دەستکەوێت، ئەگەر ژێرخانی ئابووری چاك نەکرێتەوە، هەزاران کارگە دابنرێت سوودی نابێت.

***بۆ هەوڵەدرا کۆمپانیای گەورەی پیشەسازی رابکێشرێتە هەرێمی کوردستانەوە تاوەکو بتوانێت لەڕێگای دامەزراندنی پیشەسازی پێداویستی نێوخۆ پڕبکاتەوە بەتایبەت لەبواری پیشەسازی خۆراکی و کشتوکاڵی؟**

- مەرج نییە کۆمپانیای گەورە و زەبەلاح بێت، لەسەرەتا کۆمپانیای بچووك دواتر کۆمپانیای مامناوەندی لە پاشان گەورە دەبێت، چونکە کۆمپانیای بچووك دەبێتە بناغەیەك بۆ کۆمپانیای پیشەسازی مامناوەندی و گەورەش.

**ساڵی داهاتوو لەکوردستان پێشانگایەکی گەورەی کەنەدیی دەکرێتەوە**

*** بەم دواییە لەگەڵ شاندێکی حکومیدا سەردانی وڵاتی فیدرالی کەنەدات کرد، مەبەست لەم سەردانەچی بووە، سوودی بۆ پەرەپێدانی کەرتی بازرگانی و پیشەسازی بۆ کوردستان دەبێت؟**

- رووبەری کەنەدا(٣٠) ملیۆن کیلۆمەتر دووجایەو ژمارەی دانیشتوانی تەنیا(٣٣ تا ٣٥) ملیۆن کەسە و لە (١٢) هەرێمی فیدراڵی پێکهاتووە، لە ساڵی (٢٠٠٠) قەوارەی بازرگانی لەگەڵ ئەمەریکا(٧٠٠) ملیار دۆلار بووە، ئینجا وەرە با لە تواناو هێزی ئەم وڵاتە گەورەیە وورد بینەوە، بۆچی و تاکەی ئێمە لەگەڵ وڵاتانی وا گەورە و ئابووری بەهێز پەیوەندیمان نەبێت بۆ ئەوەی ئاستی ئابووری وڵاتی ئێمەش بەهێزبێت و ئەوانیش سوودی خۆیان وەربگرن، بۆ ئەو مەبەستەش فرسەتێکمان بۆ هات و داوەتنامەیەکی فەرمیمان لە کەنداوە بۆ هات، ئێمەش بۆ ئەم سەردانە لیژنەیەکمان پێکهێنا لە وەزارەتی ئێمە و خوێندنی باڵا و پارێزگای هەولێر و ژووری بازرگانی و وەزارەتی تەندروستی، بەڵام وەزارەتی تەندروستی و ژووری بازرگانی نەیانتوانی بێن، کەچووینە کەنەدا لەگەڵ(٣٥) کەسایەتی کارگێڕی و ئابووری و سیاسی کەنەدا دانیشتین، هەر چەندە من پەیوەندیم بە لایەنی سیاسی نییە، بەڵام لە سەردانەدا زەرورەتەکە پێویستی دەکرد گفتوگۆ لەگەڵ وەزیری ئابووری و وەزیری بازرگانی و سەرۆکی ئۆپۆزیسیۆن و سەرۆکی پەرلەمان بکەین هۆکارەکەش پتر بۆ ئەوەبوو قەناتێك بدۆزینەوە تاوەکو بتوانین پەیوەندییەکانمان لەگەڵ ئەو وڵاتە دروست بکەین، ئەگەر دەروازیەك نەکرێتەوە ئەوە پەیوەندییەکان تەنیا لەسەر ئاستی شەخسی دەبێت و بەمەش سوودی زۆر نابێت، بەڵام تا ئێستا ئەم دەروازەیەش کە باڵیۆزی کەنەدییە لە بەغدا دانەنراوە تاوەکو کونسوڵخانە لە هەرێمی کوردستان دابنێن کە بەمە دەروازەکە دەکرێتەوەو پەیوەندییەکان گەشە دەکات، لەگەڵ وەزیری بازرگانی دانیشتین بەرپرسێکی گەورە لە وەزارەتی دەرەوەی کەنەدا بە فەرمی بەشداربوو بابەتی بازرگانی و ئاڵوگۆڕکردنمان لە نێوان کەنەدا و کوردستان باس کردوپێمان وتن دەبێ ئێوە دەروازەیەکتان لە عێراق هەبێت ئەویش باڵیۆزخانەیە بەمەش لە کوردستان کونسوڵخانە دەکرێتەوە ئینجادەتوانین پەیوندی بازرگانی دروست بکەین، پاش گفتوگۆیەکی زۆر بەڵێنیان دا ئۆفیسێك لە کوردستان بکەنەوە کە ئەمەش کارێکی زۆر گرنگ و گەورەیە. هەروەها کە لەگەڵ سەرۆکی ئۆپۆزسیۆن دانیشتن بەڵێنی دا ئەگەر لە هەڵبژاردن سەرکەوتن بەدەست بێنن ئەوە باڵیۆزخانە لە بەغدا و کونسوڵخانەلە هەولێر دابمەزرێنن من لەم دانیشتنە بە شەخسی قسەم کرد چونکە من نابێ و پەیوەندیم بەوە نییە باسی سیاسەت بکەم و لە دانیشتنەکان باسی ئەوەم کرد ئەگەر دەتانەوێ دەست لەناو دەستی یەکتر بنێین و بواری کارکردن بۆ کەنەداو لە کوردستان دروست ببێت و سوودی بۆ کوردستانیش هەبێ ئەوە دەبێ ئەو دەروازەیە دروست بکەن، هاوکات لە دانیشتەکانمان لەگەڵ پیاوانی بازرگان و سەرمایەدار و پیشەسازیکاران رەزامەندیان هەبوو زۆرپێیان خۆش و باش بوو کە بێن لەلای ئێمە لە کوردستان کار بکەن لەو نزیکانەش لەلایەن ئێمەوە نامە و داوەتیان بۆ دەنووسین کە بێنە کوردستان و بەچاوی خۆیان واقیعەکە ببینن تاوەکو بزانن چییان بۆ دەکرێت و چی دەتوانن بکەن، بڕیاریشە لە ساڵی داهاتوو لەکوردستان پێشانگایەکی گەورەی کەنەدی بکرێتەوە و زۆر لە کەسایەتی و سیاسی و بزنسکاران و بازرگانان لەگەڵیان بێن .

*** چ رێنمایی و مەرجێکتان هەیە بۆ دانانی نووسینگەکانی کۆمپانیاکانی وڵاتانی بیانی؟**

- لە بنەڕەتدا هەر کۆمپانیایەك بیەوێت کاربکات و ناوی خۆی لەلای ئێمە تۆمار بکات دوو رێگای لە پێشدا هەیە، دەبێ کۆمپانیایەکی کوردستان بێت (١٠٠٪) یان دەبێتە لقێك لە کۆمپانیایەکی تورکی یاخود ئێران یاخود هەر وڵاتێکی دیکە، ئەمانەش داواکاری و مەرجی خۆی هەیە دەبێ لە

**ئێمە دەمانەوێت و پێمانخۆشە بە شەخۆراکەکە پتر و جۆری باشتر بێت، بەڵام لەبەر بارودۆخی عێراق هەر ئەو ئیمکانییەتەیان هەیە**

کۆمپانیاکان هەبێت ئینجا دەتوانێ ناوی خۆی تۆمار بکات و دەست بەکارکردن بکات لەم بوارە دا هیچ کێشە و گرفتێك نییە.

*** هەندێ کاری وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی کوردستان پەیوەندی بە عێراقەوە هەیە وەکو بەشە خۆراك و پەیوەندییە بازرگانی و پیشەسازییەکان دەبێ هەماهەنگی و پەیوەندیتان لەگەڵ بەغدا لە چ ئاستێکە؟**

- پەیوەندیمان لەگەڵ وەزارەتەکانی بەغدا باشە، بەڵام ئەوە لە بیر مەکە بەشە خۆراکی کوردستان لە بەشە خۆراکی عێراقەوە بۆمان دێت، چونکە خۆمان ئەو بەشە خۆراکە تۆمار ناکەین و ئێمەش بەکڕینەکەی هەڵناستین، بەڵکو هەموو لە وەزارەتی بازرگانی عێراقەوە دەکڕدرێت و ئەمە لە دەستووردا ئاوا ڕێکخراوە و لەلای ئەوانیش لە ئەنجامی دواکەوتنی پاپۆڕەکان بۆ ئوم قەسر بەشە خۆراکەکە دوا دەکەوێت، بۆیە لە کوردستانیش دوا دەکەوێت، بەڵام ئێمە دەمانەوێت و پێمانخۆشە بەشەخۆراکەکە پتر و جۆری باشتر بێت، بەڵام لەبەر بارودۆخی عێراق هەر ئەو ئیمکانییەتەیان هەیە

## چەند سوودمەندێکی پێشووی بواری چیمەنتۆ هەبووە وا دەکەن ئەم کێشەیە چارەسەر نەکرێت

*** لەماوەی ڕابردوو لە میدیاکان زۆر باسی چیمەنتۆ کرا ئایا گواستنەوە و دابەشکردنی ئەم چیمەنتۆیە بەسەر هاووڵاتیان ئەوانەی خانوو دروست دەکەن چۆنە، بۆچی ئەوەندە کێشەی گواستنەوەی چیمەنتۆ جەختی لەسەر کرایەوە، تاچ ڕادەیەك ئەو کێشەیە کۆتایی هاتووە؟**

- ئەم بابەتە لە بنەڕەتەوە بە هەڵە باسکراوە، با من لێرەدا بە تێروتەسەلی باسی بکەم و حەقیقەتەکە روون بکەمەوە، ئەم بابەتە لە بنەڕەت بەمجۆرەیە، هەر کەسێك خانوویەك یاخود باڵەخانەیەك دروست دەکات تاوەکو کۆنکرێتی سەری و هەیکەلی بیناکەی نەکات شارەوانی مۆڵەتی پێنادات، تاوەکو مۆڵەتی دروستکردنەکەشی چ بۆ خانوو چ بۆ باڵەخانە دەرنەچێت ئێمە ناتوانین ناوی تۆمار بکەین و بەشە چیمەنتۆی بۆ دیاری بکەین، لەپاش ئەوەی ڕەزامەندی لەسەر مۆڵەتەکە وەرگرت و هاتە لای ئێمە لەو کاتەدا ئەوە بەپێی کەشف و بەدواداچوون (١٥یا٢٠ یا٢٥) تەن چیمەنتۆی پێدەدەین، ئەو کەسەش کە کۆنکریتی سەری کردووە و هەیکەلەکەی تاڕادەیەکی زۆر تەواو کردووە پێویستی بەو بڕە چیمەنتۆیە نییە، بەپێی زانیاری و ئەو داتایەی هەمانە هاووڵاتییان لە(٣٠٪بۆ ٣٥٪) بڕی چیمەنتۆکەی پێمان داوە پێویستییەتی بۆ لەبخ و کاشی و.. تاد باقی بڕەکەی دیکە کە (٧٠٪ یان ٦٥٪ )ە لە چیمەنتۆکەی پێدەدەین دەیفرۆشێتەوە، بەڵام ئەگەر بێتوو خاوەن خانووەکە کاتێك دەستی بە بناغەی بینایەکە کرد ئێمە چیمەنتۆی پێ بدەین ئەوە بڕی چیمەنتۆکەی تەنیا بەشی خۆی دەکات لەو کاتەدا نایفرۆشێتەوە، بەڵام ئەگەر چیمەنتۆکەی زیادی کرد چی دەکات دەبێ ڕاست بڵێین کە دەیفرۆشێتەوە و وەزارەتی بازرگانی ئێمە لە بارەی چیمەنتۆوە تەنیا عەقدی گواستنەوەی چیمەنتۆکە دەکەین لە سلێمانی بۆ هەولێر و بۆ دهۆك چیتر لەسەر ئێمە نییە، بۆ نموونە کۆمپانیایەکی گواستنەوە دێت لەگەڵ ئێمە بۆ گواستنەوەی چیمەنتۆکە قسەدەکات و داواکاری خۆی پێشکەش دەکات و لە کەمکردنەوەدا دەیباتەوە و گرێبەست ئەنجام دەدات تەنیا بۆ گواستنەوەی چیمەنتۆکە و بەس و ئەم کۆمپانیای گواستنەوە نرخی گواستنەوەی بۆ هەر تەنێك ١٠ هەزار دینارە بۆ هەولێر، تا ئێرە هیچ گرفت نییە ئەو سەیارەی کە چیمەنتۆکە لەسلێمانی دێنێت بۆ هەولێر و بۆ دهۆك تەسلیمی کۆگاکانی دەکات و خاوەنی چیمەنتۆکە نووسراوی تەسلیم وەردەگرێت ئەو خاوەن چیمەنتۆیە کە تەسلیمی چیمەنتۆکەی بۆ کۆگا وەرگرت ئەوە ئێمە مافمان بەسەر ئەو کەسە نامێنێت کە چیمەنتۆکەی چی لێدەکات با بەئاوی دابدات ئێمە هەقمان بەسەریەوە نییە مافی خۆیەتی، بەڵام کۆمپانیای گواستنەوەی چیمەنتۆی سلێمانی لەبەر دەرگای کارگەکان ڕاوەستاون ڕێگا نادەن و قبوڵ ناکەن ئەو کۆمپانیای کە گرێبەستی هەیە لۆری خۆی بباتە ژووری و چیمەنتۆکەی بار بکات و بیگوازێتەوە بۆ هەولێر و دهۆك، لەکاتێکدا ئەوەی عەقدی لەگەڵ دەکرێت دەبێ لۆری هەبێت بۆ گواستنەوەی چیمەنتۆکە ئێمە نەمانگوتووە بڕۆ لەگەڵ ئەوانەی بەردەرگا و لەگەڵ ئەوان ڕێك بکەوە، لەلایەکی دیکە ئەوەی کە گرێبەستی گواستنەوەی هەیە بە(١٠)هەزار دینار هەر تەنێك دەگوازێتەوە بۆ هەولێر، بەڵام ئەوانەی سلێمانی کە لەبەر دەرگا ڕاوەستاون ئیجباریان کردووە و بە زۆری دەڵێن دەبێ گواستنەوە بۆ هەر تەنێك چیمەنتۆ (١٥) هەزار دینار بێت و ناهێڵێت لۆری کۆمپانیای گرێبەستەکە بچێتە ژوورەوە بۆیە ئەوەی ئێمە لە جێگای خۆی (٥)هەزار دیناری بۆ هەر تەنێك زەرەر کردووە، ئەم کەسە هاتووە نووسراوێکی داوە کەتێدا باسی ئەوە دەکات دەڵێت خۆ ئێمە نەهاتووین لەم کارە زەرەر بکەین و بۆچی کێشەکەمان بۆ چارەسەر ناکەن کابرای خاوەن کۆمپانیای لای ئێمە لەسەر هەقە، بەڵام ئەوەی لە سلێمانی دەکرێت ڕاستە!، بێگومان نەخێر، لەلایەکی دیکە ئەگەر هاتوو ئەو هاووڵاتیەی کە چیمەنتۆکەی بۆ دێت لە(٣٠٪)ی هەڵگرێت و ئەوەی دیکە بفرۆشێت لە کاتی داخیلی کۆگا دەکات یاخود پێش داخیلکردن ئەمە هیچ جیاوازی نییە، چونکە کابرا ماڵی خۆیەتی چی لێدەکات بە ئارەزووی خۆیەتی لەسەر ئێمە تەنیا گواستنەوەی چیمەنتۆکەیە، بۆچی ئەم گرفتە دروست بووە؟، چونکە سیستەمەکە تەواو نییە و هەڵەیە بۆچی ڕوودەدات چونکە ئێمە ناتوانین بەسەر سەندیکاکانی گواستنەوەی سلێمانی زاڵ بین سەندیکای لۆرییەکان و دەرگاکەی بۆ دەکەینەوە و پێیان دەڵێین کاکە بڕۆ بیفرۆشە ئەمە دێتە ئەو مانایەی ئەوەش هەڵەیە و قەت ناکرێت و قسەمان لەگەڵ ئەو سەندیکایانەی سلێمانی کردووە بەقسەمان ناکەن و بۆمان ناچێتە سەر لەگەڵیان و لەگەڵ پارێزگاریش قسەمان کردووە و تا ئێستا قسەکانمان وەرنەگرتۆتەوە بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە و ئەوەی لە ڕۆژنامەکان دەنووسرێت ئاوا نییە، بەڵکو چەند سوودمەندێکی پێشوو هەبوو وا دەکەن و ئەم حاڵەتەیان دروستکردووە و خۆی سالانی ڕابردووش ئەم گواستنەوە و ئەم حاڵەتە هەر هەبوو بۆچی هیچ دەنگ و قسەیەك نەبوو بۆ هەر ئەمساڵ ئەو بابەتە باس دەکرێت وەڵامی ئەو پرسیارە حەز دەکەم ئێوە بیدەنەوە.

*** ئەو بەرنامەو پلانە ئابوورییانەی بۆ هەردوو کەرتی بازرگانی و پیشەسازی دادەنرێت پێویستی بەداتاو زانیاری هەیە، پێت وانییە دواخستنی سەرژمێری ئاستەنگ و بەربەست دادەنێت لەبەردەم داڕشتنەوەو دەستکەوتنی زانیاری و داتای پێویست و دروست ؟**

-دیارە ئەوانیش هۆکاری خۆیانیان بۆ دواخستنی سەرژمێرییەکە هەیە، باوەڕناکەم ئەم مەسەلەیە بەکەیفی خۆیان دواخرابێت، دیارە هۆکارێکی خۆی هەیە، پێویستە ئەوە لەبیر نەکەین ئێمە لەکوردستان بارودۆخمان زۆر باشە و ڕەنگە ئەوان لە بەغداو خوارووی عێراق زۆر باش نەبن دواتر لەناوچە جێناکۆکەکان وەکو کەرکووك و ناوچەکانی تر کێشەی دیکەیان هەیە، بۆیە ناکرێت لێرە سەرژمێری بکرێت و لەوێ نەکرێت ئەمەش ڕاوبۆچوونی شەخسی خۆمە.

**ئەگەر ژێرخانی ئابووری چاک نەکرێتەوە، هەزاران کارگە دابنرێت سوودی نابێت**

**پێویستە هەنگاو بە هەنگاو پلە بە پلە دەست بە گۆڕینی یاساکانی بواری وەبەرهێنان و ئابووری بکرێت**